# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 569 سێشەممە 16 /2/ 2010 · نرخ 750 دینار · No.569 Tue 16/ 2/ 2010






ئاسیاسێڵ کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

# چەند پرۆژەیەکی پارتیو یەکێتی دەخزێنرێنە بودجەی هەرێمەوە

ڕۆژنامە

لە بودجەی خەمڵێندراوی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستاندا، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە زیاتر لە (ملیارێکو چل ملیۆن) دینار بۆ جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی حیزبیی تەرخانکراوە، هاوکات ناوی چەندین پرۆژەی دیکەش لەژێر ناونیشانی تەمومژاوییدا، وەک دەروازەیەک بۆ خزمەتکردنی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم هاتووە.

د.شاهۆ سەعید، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد؛ لەپرۆژە پێشنیازکراوەکانی بودجەی هەرێمدا، چەندین پرۆژەی حیزبی تێدایە، لەوانە: لەسەر بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بڕی (٥١٨) ملیۆن دینار بۆ دروستکردنی ئاوەڕۆی بینای سکرتێری گشتیی یەکێتی لەقەلاچوالانو (٣٩٧) ملیۆن دینار بۆ دروستکردنی میوانخانەی مەڵبەندی (١٢)ی یەکێتی تەرخانکراوە، هاوکات لەسەر بودجەی وەزارەتی ناوخۆش بەبڕی (١٢٦) ملیۆن دینار، دروستکردنی هۆڵی کۆبوونەوەکانی لقی (٢)ی پارتی دیاریکراوە.

وردەکاریی زیاتر لە ل٣

## کاری داهاتووی نوێنەرانی کورد لە بەغدا ئەبێ چی بێ؟

ل٤

## گۆڕان: لە سلێمانیو کەرکوک دەیبەینەوە

ل٢

## مووچەی سەرۆکی هەرێم بە یاسا ڕێکنەخراوە

هەستیار قادر

نزیکەی چوار ساڵە مووچەی سەرۆکی هەرێم، یاسای بۆ دەرنەکراوەو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش، ئاماژە بەوە دەکات، کە دەبێت مووچەی سەرجەم پۆستەکانی هەرێم بە یاسا ڕێکبخرێن.

لە مادەی یازدەیەمی یاسای ژمارە یەکی ساڵی (٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە «پێویستە دەرماڵەو مووچەی سەرۆکی هەرێم بە یاسا ڕێکبخرێت»، بەڵام تا ئێستا ئەو یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان دەرنەکراوەو یاسایەکی لەو جۆرەشی ئاراستە نەکراوە.

عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «تا ئێستا ئەو یاسایە نەهاتووەتە پەرلەمانەوەو دەبێت لایەنی پەیوەندیدار کە سەرۆکایەتی هەرێمە، ئەو پرۆژەیە ئامادەبکاتو لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی پەرلەمانی بکات، بە مەبەستی پەسەندکردنیو دەرنەچوونی ئەو یاسایەش پەیوەندیی بە پەرلەمانەوە نییە».

لە بەرامبەردا، د.تالیب کاکەیی، ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێم، ئاماژەی بەوەدا، کە ئێستا سەرگەرمی تاووتوێکردنی پرۆژەیاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمن، بەڵام بڕیاری کۆتایی لێنەدراوە، وتیشی: «ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەیەو لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمدایە کە پرۆژەیەکی لەو جۆرە ئامادە بکات».

هاوکات، د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پێویستە لە فەرمانبەرێکەوە تا دەگاتە سەرۆکی هەرێم، مووچەیان ڕوونو ئاشکراو شەفاف بێتو بە یاسا ڕێکبخرێت، وتیشی «دەبێت مووچەی سەرۆکی هەرێمو بەرپرسە باڵاکانی دیکەی حکومەت، بە یاسا ڕێکبخرێن تا خەڵکی کوردستان، ئاگاداری مووچەکەیان بێت».

## نەزاهە هەڕەشەی لەکارخستنی (٣) بەرپرسی کوردی وەزارەتی دەرەوە دەکات

ڕۆژنامە

بەپێی نووسراوێکی ڕەسمیی دەستەی نەزاهە (٣) بەرپرسی کوردی وەزارەتی دەرەوەی عێراق سەروەتو سامانیان ئاشکرا نەکردووەو هەڕەشەی ئەوەش دەکات، کە ئەگەر لەماوەی (٦٠) ڕۆژدا ڕاپۆرت لەو بارەیەوە پێشکەشنەکەن، لەکار ڕایاندەگرن.

لە نووسراوێکی ڕەسمییو نهێنی دەستەی نەزاهەی عێراقیدا، کە لە (٢٠١٠/١/٢٥)دا، ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی کردووە، ئاماژەی بە ناوی (٢٠) بەرپرسی ئەو وەزارەتە کردووە، بە پلەکانی باڵیۆزو وەزیری دانوستکارو بەڕێوەبەری گشتیی، کە سەروەتو سامانیان بۆ ساڵی (٢٠٠٩)، بۆ دەستەی ناوبراو ئاشکرا نەکرووە، سەرەڕای ئەوەی کە چەندینجار بە نووسراو ئاگادار کراونەتەوە.

بەپێی ئەو نووسراوە ڕەسمییەی دەستەی نەزاهە، کە کۆپیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە؛ هەریەک لە عادل موراد باڵیۆزی عێراق لە ڕۆمانیاو ڕاست نوری سدیق برای ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقو سرور ڕەشید، کە پلەی باڵیۆزەو سێ بەرپرسی کوردی ئەو وەزارەتەن، ناویان لەنێو ئەو لیستەدا هاتووە، کە سەروەتو سامانی خۆیان ئاشکرا نەکردووە.

نووسراوەکەی دەستەی نەزاهە ئاماژە بەوەش دەکات؛ کە ئەگەر لەماوەی (٦٠) ڕۆژ لەپاش ئاراستەکردنی ئەو نووسراوە، ئەو بەرپرسانە ڕاپۆت سەبارەت بەو دۆسیە پێشکەش نەکەن، ناچاردەبن لە کاریان رابگرن.

## بەرپرسی لقی چوار: بەرپرسەکانمان لە بەغدا کەمتەرخەمبوون

ل٨

## پرۆژەیەک بۆ لابردنی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم و حکومەت ئامادەدەکرێت

ڕۆژنامە

لەگەڵ دروستبوونی ململانێ لەنێوان یەکێتیو پارتی لەسەر دیاریکردنی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم، پەرلەمانتاران بە نیازن پرۆژەیەک پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی هەردوو پۆستی جێگرانی سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی هەرێم.

د.زانا ڕەئوف ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، وتی: «فراکسیۆنی گۆڕان بەنیازە پرۆژەیاسایەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەمواركردنەوەكانی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پێشکەش بکەن، بە مەبەستی لابردنی هەردوو پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو جێگری سەرۆکی هەرێم». د.زانا هۆکاری ئەو پرۆژەیەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «ئەمە پەیوەندی هەیە بە بەشێک لە فیکرەی دووئیدارەیی، کە واباوە ئەگەر سەرۆکی هەرێم سەر بە پارتێک بێت، جێگرەکەی لە پارتەکەی دیکە بێتو ئەگەر سەرۆکی حکومەت سەر بە پارتێک بێت، ئەوا جێگرەکەی لە پارتەکەی دیکە دەبێت، ئەمەش بەشێکە لە شەرعیەتدانەوە بە دوو ئیدارەیی.



لەگەڵ (هێڵی گەنجان)ی ئاسیاسێڵ دەتوانیت: بێبەرامبەر ١٠٠ کورتەنامە لە مانگێکدا بنێریت وبێبەرامبەر بەشداربیت لە خزمەتگوزاریی دۆستان و بای بای.
لە ١٢ ی شەوەوە تا ٩ ی بەیانی (ماوەی گەنجان): نرخی یەک دەقیقە پەیوەندی تەنها ١ سەنتە *نرخی ١ کورتەنامە ١ سەنتە *خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێت GPRS بە ڕێژەی ٨٠٪ دادەشکێت.
نرخی (هێڵی گەنجان) تەنها بە ١٠ دۆلارە و بەشداربوونی مانگانەی تەنها ١ دۆلارە.


ئاسیاسێڵ کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

# بودجەی گشتیی بۆ گیرفانی حیزب

# زیاتر لە (یەک ملیار) دینار بۆ چەند پڕۆژەیەکی پارتیو یەکێتی تەرخاندەکرێت

– (٥١٨) ملیۆن دینار بۆ دروستکردنی ئاوەڕۆی بینای سکرتێری گشتیی (ی.ن.ک) لە قەڵاچوالان.

– (١٢٦) ملیۆن دینار بۆ هۆڵەکانی کۆبوونەوەی لقی دووی (پ.د.ک).

– (٣٩٧) ملیۆن دینار بۆ میوانخانەی مەڵبەندی دوانزەی (ی.ن.ک).

– زیاتر (٤٠٪)ی میلاکاتی حکومەتی هەرێم بە تەزکییەی حیزب مووچە وەردەگرن.

ڕۆژنامە

لە پـڕۆژە پێشنیازکراوەکانی بودجەی خەملێندراوی حکومەتی هەرێم، کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە، زیاتر لە (ملیارێکو چل ملیۆن) دینار بۆ جێبەجێکردنی چەند پڕۆژەیەکی حیزبیی تەرخانکراون، هاوکاتیش ناوی چەندین پڕۆژەی دیکەش لەژێر ناونیشانی تەمومژاوییو نادیاردا، وەک دەروازەیـەک بۆ خزمەتکردنی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم هاتوون.

د.شاهۆ سەعید، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد؛ لە ریزبەندیی ژمارە (٣٤)ی پڕۆژە پێشنیازکراوەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بڕی (٥١٨) ملیۆن دینار لە بودجەی ڕێگەوباندا تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی ئـاوەڕۆی تایبەتی بارەگای سەرۆک کۆماری عێراق (جەلال تاڵەبانی) لە قەڵاچوالان، کە ئەوە لەلایەکەوە جۆرێکە لە داگیرکردنی بودجەی گشتییو لەلایەکی دیکەشەوە لەخشتەبردنی هاوڵاتییانی کوردستانە، چونکە هەموو هاوڵاتییەک دەزانێت، کە بارەگای تاڵەبانی لە قەڵاچوالان هی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، نەک سەرۆک کۆمار، ئەگەر بارەگای سەرۆک کۆماریش بێت، ئەوە دەبێت لە بودجەی سیادیو ئیتحادی سەرفبکرێت، نەک لە بودجەی پارێزگای سلێمانی.

وتیشی: «لە ریزبەندیی ژمارە (٢١)ی پڕۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی ناوخۆ بڕی (١٢٦) ملیۆن دینار لە بودجەی گشتیی هاوڵاتییان تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی هۆڵەکانی کۆبوونەوەی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوکاتیش لە ریزبەندیی ژمارە (١٢٨)ی پڕۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوەشدا، بڕی (٣٩٧) ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی میوانخانەی مەڵبەندی (١٢)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان».

لەبارەی هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیان لە پەرلەمان، شاهۆ سەعید وتـی: «لە بودجەی خەملێندراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان پـارەیـەکـی خەیاڵیی لـە بـودجـەی گشتیی تەرخانکراوە بۆ دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان، کە ئەوە هەرگیز قابیلی قبووڵ نییەو ئێمە وەک فراکسیۆنی گۆڕانو ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمان ریسوای دەکەین، هاوکاتیش چەندین دەروازەی سەیر لە بودجەکەدا هەیە، کە تیایدا حکومەتی هەرێم زۆر بێباکانە بودجەی گشتیی خستووەتە خزمەتی بودجەی حیزب، بەجۆرێک جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان دەغیلەی حیزبو دەغیلەی حکومەتدا نەماوە».

د.شاهۆ سەعید، وتیشی: «جگە لەم ژمارانە، کە خۆیان دەدوێنو پێویست بە هیچ کۆمێنتێک ناکەن، دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لە چەندین دەروازەی دیکەوە لەژێر چەندین تایتڵی دیکەدا بودجەی گشتیی وڵات وەک بودجەی تایبەتی حیزب تەماشادەکەنو لەڕێگەی تەزکییەی تایبەتی حیزبییەوە سەرفیدەکەن، بۆ نموونە ڕێژەی (٤٠,٤٧٪) میلاکاتی هەرێمی کوردستان سەر بە هەردوو وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەو هـەردوو ئاسایشی سلێمانیو هەولێردا دابەشکراوە، کە مووچەخۆرەکانی، یان دەبێت حیزبیی بن، یان دەبێت هەڵگری تەزکییەی حیزب بن، واتـە نزیکەی یەک لەسەر سێو بودجەی تەشغیلی هەرێم، کە بەزیاتر لە (حەوت ترلیۆنو هەشتسەد ملیار) دینار خەملێندراوە، بە تەزکییەو ڕەزامەندیی حیزب سەرفدەکرێت».

بەشێکی زۆری ئەم ڕێژەو ژمارانە بە گوشاری فراکسیۆنی گۆڕانو ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمان ئاشکراکراون، ئەگەرنا لە تاریکییدا دەمانەوە، هەروەک ئەندامەکەی فراکسیۆنی گۆڕان ئەوەشی نەشاردەوە، کە تائێستا وردەکاریی بەشێکی زۆر کەمی بودجەکە ئاشکرا کراوەو چەندین دەروازەی دیکەی بودجەکە لە تەمومژدان، بەشێوەیەک دۆکیۆمێنتو بەڵگەنامەی پێویستمان بەدەست نەگەیشتووە بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر چەندین زانیاریی گرنگ، بۆ نموونە؛ تائێستا حسابی ختامی (٢٠٠٨)و نیوەی یەکەمی (٢٠١٠)، ڕاپۆرتەکانی چاودێری دارایی، میزانی مراجعەو چۆنێتی خەرجکردنی بەخشینو (مصروفات أخرى) بەدەستمان نەگەیشتوون.

د.شاهۆ بـڕوای وایـە؛ «شـاردنـەوەی ئەو دۆکیۆمێنتو زانیارییانە گومانی زۆر گەورەی لای فراکسیۆنی گۆڕان دروستکردووەو دەڵێت: «پێمانوایە؛ مەبەست لێی دروستکردنی تەعتیمە لەسەر بودجە، سەرباری چەندین یاداشتی فراکسیۆنی گۆڕان، تائێستا بودجەی تەرخانکراو بۆ پڕۆژە بەردەوامەکان، لە هاوڵاتییانو ڕای گشتیی شاردراوەتەوەو لە سایتی ئەلیکترۆنیی دەسەڵاتو پەرلەماندا بڵاونەکراوەتەوە، لەکاتێکدا بڕەکەی دەگاتە زیاتر لە (دوو ترلیۆنو پێنجسەد ملیار) دینار.



# گۆڕان: لە سلێمانیو کەرکوک دەیبەینەوەو لە هەولێرو دهۆکیش دەنگی زیاتر دەهێنین

**راپۆرتی: بەرهەم خالید**

هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند، لیستی گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا، لە دوو پارێزگادا بەسەر لیستی رکابەریدا سەردەکەوێتو لەدوو پارێزگای دیکەش، دووەم براوە دەبێت.

ئاسۆ عەلی، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، وتی: «بە خوێندنەوەیەکی واقیعییانە بۆ ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە، وا پێشبینی دەکرێت کە ئەمجارەش گۆڕان لە سنووری پارێزگای سلێمانی یەکەم بێت».

هۆکارەکانی سەرکەوتنی لیستەکەی روونکردەوە بەوەی: «جۆشو خرۆشی گۆڕانخوازان لەماوەی چەند رۆژی رابردووی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ئاماژەی سەرکەوتنی لیستەکەیەو وا چاوەڕواندەکرێت کە دەنگی دەنگدەرانی کورد لە ئەورووپاو وڵاتانی دیکە زۆرینەی بۆ لیستی گۆڕان بێت، جیاواز لە لیستە هاوبەشەکەی پارتیو یەکێتی کە لە بانگەشەیاندا وەک دوو لیستی جیاواز بانگەشەدەکەن، دەنگەکانی گۆڕان پەرت نابنو بەسەر کاندیدەکانی گۆڕاندا دابەشدەبن».

هەڵسوڕاوەکەی گۆڕان نەمانو رووخانی دیواری ترس لای هاوڵاتییان لەبەرامبەر دەسەڵاتدا بۆ بە ئازادیی دەنگدان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارەداو بوونی واقیعییانەی بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی کاریگەرو حساب بۆکراوی عێراقیو نێودەوڵەتیو خاوەن فراکسیۆنێکی پەرلەمانی کاریگەر، کە لەماوەی (٦) مانگی رابردوودا پەرلەمانێکی زیندووی بەدیهێنا، کە تا ئاستێک هاوشێوەی پەرلەمانەکانی وڵاتانی دیموکراتییەو جیاوازە لە خولە پەرلەمانییە خامۆشەکانی رابردوو، ئەوەش بە هۆکارەکانی دووبارە سەرکەوتنەوەی گۆران دەزانێت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا».

ئاسۆ عەلی، سەبارەت بە ئەنجامی دەنگەکانی لیستی گۆڕانیش لە پارێزگای کەرکوک، وتی: «هەر کەسێک بڕوانێتە ئەو جۆشو خرۆشەی کە کەرکوکییەکان بۆ لیستی گۆڕانیان هەیە، دەزانێت کە ئەگەری بردنەوەی زۆرترین کورسی بۆ لیستی گۆڕان لە کەرکوک روونە».

سەبارەت بە ئەنجامەکان لەسنووری پارێزگای هەولێرو دهۆک، وتی «بەدڵنیاییەوە لەو دوو پارێزگایەش دووەم دەنگ دەهێنینو بگرە لەجاری پێشووش باشتر دەبین، بەهۆی بوونی کاندیدی بەهێزی خاوەن تواناو کۆمەڵێک هۆکاری دیکەوە».

لەلایەکی دیکەوە، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییو کاندیدی لیستی هاوپەیمانیی، هەرچەندە بە قورسی دەزانێت کە پێشبینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بکات، لەبەرئەوەی بەوتەی ئەو: «بارودۆخەکە گۆڕاوەو هەڵبژاردنەکە نیمچەکراوەیە»، بەڵام بە بۆچوونی ئەو، «هاوپەیمانیی، هەولێرو دهۆکی مسۆگەرەو ئێش لەسەر سلێمانیو کەرکوکیش دەکەین بۆ بردنەوەی ئەنجامەکە».

# شێرکۆ بێکەس: نابێت منەت بەسەر کەسدا بکرێت

**ئەلەند مەحوی**

شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس هیوادەخوازێت، هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ی پەرلەمانی عێراق دووربێت لە تەزویرو ساختەکارییو منەتکردن بەسەر هاوڵاتییاندا.

شێرکۆ بێکەس بەپێویستی دەزانێت هەموو لایەک، لە لیستەکانو حکومەت، بەتایبەت پۆلیسو ئاسایش، چاویان لەسەر ئارامییو دڵنیایی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە بێتو بەشێوەیەکی بێلایەنانە کارەکان بەڕێوەبەرن، جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە پاراستنی ئاسایشی هەڵبژاردنەکە دەکەوێتە سەر هێزە دەسەڵاتدارەکانو پۆلیسو ئاسایش.

ئەو شاعیرە دیارەی کورد بڕوای بە لیستی جیاواز هەیەو لەم رووەشەوە دەڵێت: من پێموایە؛ یەکێک لەو گۆڕانانەی کە کەوتە ناو ژیانی سیاسیی کوردو پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەوەیە؛ کە رەنگین بوو، لە دوو رەنگ تێپەڕی، ئێمە چەند رەنگێکمان دەوێت، دوو رەنگمان ناوێت، دوو رەنگ دیمەنەکان وەک خۆی دەهێڵێتەوە لە کوردستاندا، هەروەها بۆ یەکەمجاربوو ئۆپۆزسیۆن لەدایک بوو، پەرلەمان بەبێ ئۆپۆزسیۆن واتە مردوو.

شێرکۆ بێکەس هەروەک بەپێویستیشی دەزانێت، «لە بانگەشەی هەڵبژاردندا منەت بەسەر خەڵکدا نەکرێت»و باس لەوەش دەکات کە هۆنراوەیەکی نوێیدا وتوویەتی (من باوکێکم هەیە، ئەگەر پانتۆڵێکم بۆ بکات، دەبێت لە تەلەفزیۆندا پیشانبدرێت، دەبێت رۆژنامەکان بە گەورەیی وێنەکەی بڵاوبکەنەوە)، چونکە ناکرێت بەردەوام بگەڕێینەوە بۆ رابردوو، دەبێت چاومان لە ئایندە بێت.

# سەرۆکی لیستی گۆڕان لە دهۆک: بادینییەکان بێزاربوون لە گەندەڵیی

**رۆژنامە**

سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک، جەختدەکاتەوە، ئەگەر کۆسپو رێگریی گەورە نەیەتە بەردەم کارەکانیان، چاوەڕواندەکرێت لە دهۆک، گۆڕان زیاتر لە (٢) کورسی بەدەستبهێنێت.

د.بورهان یاسین، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک وتی «خەڵکی دەڤەرەی بادینان زۆر بێزارن لە دیاردەی گەندەڵییو ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی گۆڕان زیاتر بڵاوببێتەوە لە نێو خەڵکو لایەنگری زیاتر بۆخۆی بەدەستبهێنێت».

د.بورهان یاسین ئاماژەی بەوەشکرد، بوونی بزووتنەوەی گۆڕان بە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنو ئەو کارانەی لەو ماوەکەمەی دوای هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا ئەنجامیداون لە پەرلەمانی کوردستان، وایکردووە کە گۆڕان پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێبکرێت لەلایەن خەڵکی ئەو دەڤەرەوەو گۆڕانێکی بەرچاو ببینرێت لە نێوان هەڵبژاردنەکانی (٢٥/ ٧)و ئێستادا، کە خەڵکی ئەو ناوچەیە ئاشنایەتییەکی زیاتریان بە کارەکانی گۆڕانو ئامانجەکانی بزووتنەوەکە هەیەو رۆژانەش خەڵکانێکی زۆر بە پەرۆشەوە دێنو سەردانی بنکەکانمان دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەسەر گۆڕانو کارو چالاکیو ئامانجەکانی.

بورهان یاسین، پێیوایە کە هەرچەندە لایەنگرانی گۆڕان لە بادینان هەنو حەزێکی ئێجگار گەورە هەیە بۆ گۆڕانخوازیی، سەبارەت بە پێشبینی دەنگ بەدەستهێنانیشیان بۆ بردنەوەی کورسی، بورهان یاسین وتی «باوەڕی تەواومان بە دەنگدەرانی سنووری پارێزگاکەو دەرەوەی وڵات هەیە، زیاتر لە دوو کورسی بەدەستدەهێنین لەو (١٠)کورسییەی کە بۆ پارێزگاکە دانراوە.

# ئاسایشی سکرتاریەتی تاڵەبانی، رێ لە بانگەشەی گۆڕان دەگرێت

**فاخر تەلانی**

لەکاتێکدا تیمێکی ئۆفیسی دوکانی لیستی گۆڕان بە مەبەستی بانگەشەکردن بۆ لیستەکەو هەڵواسینی پۆستەری پاڵێوراوەکانیان سەردانی گوندەکانی تۆپزاواو رکاوەی سەر بە قەزای دوکانیان کردووە، مەفرەزەیەکی ئاسایشی سکرتاریەتی جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی، بەبیانووی نزیکیی لە شوێنی حەوانەوەی تاڵەبانییەوە، رێیان نەداوە بەو تیمەی گۆڕان ئاڵاو پۆستەر هەڵبواسن، لەکاتێکدا کە ئەو دوو گوندە نزیکەی (٢) کیلۆمەتر لە شوێنی حەوانەوەی تاڵەبانییەوە دوورەو پۆستەری لیستی هاوپەیمانیش لەو دوو گوندەدا هەڵواسراون.

سەبارەت بەو رووداوە، کە پاشنیوەڕۆی (٢٠١٠/٢/١٤) روویداوە، عومەر وەستا عەلی لێپرسراوی بانگەشەی هەڵبژاردنی گۆڕان لە دوکان بە رۆژنامەی راگەیاند: «کاتێک ویستمان لە گوندەکانی تۆپزاواو رکاوە بانگەشە بۆ لیستی گۆڕان بکەین، مەفرەزەیەکی ئاسایشی سکرتاریەت رێی لێگرتووین».

هاوکات رائید ئاراس لێپرسراوی بنکەی ئاسایشی سکرتاریەتی جەلال تاڵەبانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بۆ هیچ لیستو قەوارەیەک نییە لە گوندەکانی تۆپزاواو رکاوە بانگەشەی هەڵبژاردن بکات، لەبەر ئەوەی نزیکە لەشوێنی حەوانەوەی مام جەلالو داواشمان لە قایماقامیەتو مەڵبەندی دوکان کردووە، کە ئاگاداری سەرجەم لیستەکان بکەنەوەو بانگەشە لەو دوو گوندە رابگرن».

# کۆمەڵو یەکگرتوو: ئۆپۆزسیۆن دەنگی زیاتر دەهێنێت


**بەهادین یوسف**

هەردوو لیستە ئیسلامییەکەی کوردستان، پێیانوایە، کە بەهۆی خراپیی ئەدای دەسەڵاتەوە لە هەرێمو بەغدا، دەنگی نارەزایی لەبەرزبوونەوەدایەو بەمەش رێژەی دەنگی لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ ئەم هەڵبژاردنە زیاد دەکات.

سەلاحەدین بابەکر، وتەبێژی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سەبارەت بە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بە رۆژنامەی وت: «تا ئێستا هەڵمەتی بانگشە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەچووە، لەگەڵ ئەوەی هەندێک خروقات روویداوە، وەکو لێکردنەوەو دراندنی پۆستەرەکانو وێنەی پاڵێوراوان، بەڵام ئومێددەکەین کە ئەمە تای سەرەتای هەڵبژاردن بێتو کۆتایی پێبێتو ئەو چەند رۆژەی کە ماوە، بە ئاسایی هەڵمەتەکە بەڕێوەبەرین».

سەلاحەدین، پێشبینی دەنگی زیاتری بۆ لیستەکەی کرد لەهەڵبژاردنی پێشووترو وتی:


سەلاحەدین بابەکر


زانا رۆستایی

«پێشبینی دەکەین، دەنگی زیاتر لە هەڵبژاردنی پێشوو بەدەستبهێنین».

لەلایەکی دیکەوە زانا رۆستایی، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، سەبارەت بە دەنگی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنی (٣/٧) بۆ رۆژنامە، وتی: «رۆژبەڕۆژ دەنگی ئەو لایەنانەی لە ئۆپۆزسیۆنن، لە بەرزبوونەوەدایەو لایەنەکانی دیکەی دەسەڵات کە ئەزموونێکی ناسەرکەوتوویان پێشکەشکرد لە کوردستانو عێراق، خەڵک بە دوای بەدیلێکی نوێدا دەگەڕێت بۆیانو دەنگە نارازییەکانی کە لە دەسەڵاتدا دروستبوون، دابەشدەبن بەسەر لیستەکانی دیکەداو ئێمەش پشکمان دەبێت لەو دەنگە نارازییانە».

# لەسەر نانبڕاوان، یاداشتێکی دیکە دەدرێتە بارزانی

**شارا عەبدولڕەحمان**

نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان بۆ کاروباری نانبڕاوەکان یاداشتێکی ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆ ئەوەی بەزووترین کات کێشەی نانبڕاوەکان یەکلایی بکاتەوەو نەبەسترێتەوە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقو هاوکێشە سیاسییەکانەوە.

پەرلەمانتار بورهان رەشید، نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان بۆ کاروباری نانبڕاوەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دوێنێ لەگەڵ د.حەمید دەربەندی بەرپرسی پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم گفتوگۆمان لەسەر کێشەی نانبڕاوەکان کرد، بەمەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ گەڕانەوەی نانبڕاوەکان بۆ سەر کارەکانی پێشوویان، هەفتەی داهاتووش دووبارە سەردانی سەرۆکایەتی دەکەینەوەو یاداشتێک دەدەینە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێتو چیتر ئەوەندە درێژە نەکێشێت، چونکە ئەوە کێشەیەکی ویژدانییو ئەخلاقییەو پەیوەندیی بە نانو گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، ناکرێت ببەسترێتەوە بە مەسەلەی هەڵبژاردنی عێراقو هاوکێشە سیاسییەکانەوە».

وتیشی: «ماوەی سێ مانگە ئەو لیژنەیەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەو کێشەیە پێکیهێنابوو، کارەکانی خۆی تەواوکردووەو تەنیا لەسەر بڕیاری سەرۆکی هەرێم ماوە، کە بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات، بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیازی پرۆژە بڕیارێکمان کردووە بۆ چارەسەری کێشەکەو گەڕاندنەوەی ئەوانەی نانیانبڕاوە بۆ سەر کارەکانیان».

# بارودۆخی هەڵبژاردن لەکەرکوک

# پێشێلکاریی.. پارە بەخشینەوە.. بەکارهێنانی هێزی چەکدار

رۆژنامە

لـەگـەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق، لە کەرکوک زیاتر ململانێکان لەنێوان لیستی گۆڕان‌و لیستی هاوپەیمانی کوردستاندایەو لـەو رووەوە پێشێلکارییەکی زۆریش ئەنجامدراوە.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنـامـە جەلال جەوهەر، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان باسیلەوەکرد کە «لەماوەی چەند رۆژی رابـردوودا لیستی هاوپەیمانی چەندین پێشێلکاریی بەم شێوەیە ئەنجامداوە: دەستپێکردنی بانگەشە (٥) سەعات بەر لەکاتی یاسایی، راگەیاندنی لیستەکەیان لە قەڵای کەرکوک، کە پێچەوانەی رێنماییەکانە، چونکە قەڵا شوێنەوارەو شوێنێکی ئایینیشە، بەشداریکردنی هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس بە چەکەوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەداو هەڵواسینی پۆستەرو لافیتە لە شوێنە گشتییەکانی وەک مزگەوت‌و کەنیسەکان، لابردن‌و لێکردنەوەی پۆستەرو لافیتەکانی گـۆڕان بەشێوەیەکی رێکخراو لەلایەن پۆلیس‌و دەزگا ئەمنییە هەوادارەکانیانەوە، جگە لە هەڕەشەو لێدان‌و دەستدرێژیکردنە سەر لیستەکانی دیکە، تەقەکردن لە ماڵی یەکێک لە کاندیدەکانی گـۆڕان، لەلایەن چەکدارانی سەر بە یەکێتییەوە».

لـەبـارەی پێشێلکارییەکانی لیستی هاوپەیمانی‌و دەسەڵاتدارانی شارەکەوە جەلال جەوهەر، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکوک، وتی: «لیستی هاوپەیمانی بەشێوەکی رێکخراو بە سوودوەرگرتن لە هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و هێزی ئەمنیی‌و دەزگاکانی زانیاریی، لیستەکانی دیکە تەنگەتاو دەکەن، بۆ هەڕەشەکردن بۆ سەر هاوڵاتییان‌و ئەو فەرمانبەرو کارمەندانەی، کە هاوسۆزن لەگەڵ گۆڕان».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە دەستکراوە بە هەڵرشتنی پارەو دابەشکردنی ئیمتیازاتیش بووەتە یەکێک لەرێگە هەرە سەرەکییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ هەندێک لایەن. جەلال جەوهەر لەوبارەیەوە وتی: «بێگومان ئەمە پێچەوانەی رێنماییەکانی هەڵبژاردن‌و بنەماکانی دیموکراسییەتە، بەڵام ئەوەی لایەنگرانی گۆڕانی دڵخۆشکردووە ئەوەیە کە خەڵک وشیارن‌و لـەوە تێگەیشتوون کە ئـەو پـارەو ئیمتیازاتانەی دەخرێتە بەردەستیان تەنیا بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنە چونکە پێشتریش لە هەڵبژاردنەکاندا ئەو هەڵسوکەوتانەیان نواندووە».

ئـەگـەر هـەڵـبـژاردنـی ئـەمـجـارە بە شەفافانەو بێ ساختەکاریی بەڕێوەبچێت، ئەوا گۆڕان پێشەنگی لیستەکان دەبێت لە کەرکوک، چونکە وەک چاودێرانی سیاسیی باسی لێوەدەکەن، خەڵکی ئەوشارە بە ئومێدەوە تەماشای دەکەن‌و بە داکۆکیکار بۆ دوارۆژی کەرکوک لە قەڵەمی دەدەن.

بە وتەی جەلال جەوهەر بە پێچەوانەی یاساو رێنماییەکانی کۆمسیۆنەوە ئەو کەسانەی ناویان هاتووەتەوە بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان لەو شارەدا، کارمەندی ئاسایش‌و کـادری حیزبین، بۆئەمەش هەموولایەک‌و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیشمان ئاگادارکردووەتەوە.

جـەلال جـەوهـەر زیـاتـر لـەبـارەی پێشێلکارییەکانی لیستی هاوپەیمانی‌و دەسـەڵاتـدارانـی شـارەکـەوە دواو وتی: «لیستی هاوپەیمانی بەشێوەیەکی رێکخراو بە سوودوەرگرتن لە هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و هێزی ئەمنیی‌و دەزگاکانی زانیاری لیستەکانی دیکە تەنگەتاو دەکەن، بۆ هەڕەشەکردن بۆسەر هاوڵاتییان‌و ئەو فەرمانبەرو کارمەندانەی کە هاوسۆزن لەگەڵ گـۆڕان، بۆ نموونە، «یەکێک لەو کاندیدەکانی گـۆڕان کـە بەڕێوەبەری یەکێک لە قوتابخانەکانە لە مەڵبەندەوە ئـاگـادارکـراوەتـەوە کـە ئیتر نابێت دەوامبکات».



## پەیامێک لە بزووتنەوەی گۆڕانەوە، بۆ خەڵکی بەئەمەکی کوردستان

هاونیشتمانانی خۆشەویست!

دۆستان‌و هەڵسوڕاوان‌و پشتیوانانی لیستی گۆڕان!

بەبۆنەی دەستپێکردنی هەڵمەتی راگەیاندنی هەڵبژاردنەوە، پیرۆزبایی گەرمتان ئاراستە دەکەین. گوڕوتینی ئێوە لە رۆژانی رابردوودا دەریخست، کە تامەزرۆی عەدالەت‌و پشت‌و پەنای گۆڕانن.

بەم بۆنەیەوە بە پێویستی دەزانین سەبارەت بە راگرتنی هێمنیی‌و ئاسایشی هەرێم، لە ماوەی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبەژاردندا، ئەم خاڵانەی خوارەوەتان عەرز بکەین:

١- بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵدەدات بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی نوێ، کۆمەڵێکی دیموکرات‌و کراوە. کۆمەڵێک، کە موعارەزەو بیروباوەڕی جیاوازەو گیانی یەکتر قبوڵکردنی تیابێت، کۆمەڵێک کە رەنگی جیاواز، دەنگی جیاواز، بیروبۆچوونی سیاسیی جیاواز، ئایین‌و ئایینزای جیاوازی تیا بژی، لەبەر ئەوە داواتان لێ دەکەین؛ لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەهەموو تواناتانەوە پەیڕەوی یاسا بکەن، پەیڕەوی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵاو ئاسایش‌و پەیڕەوی رێنماییەکانی پۆلیسی هاتوچۆ بکەن، هەوڵبدەن ئۆتۆمبێلەکانتان شەقام‌و جادەکان نەخنکێنن، جامەکانیان بە ئاڵاو لۆگۆی گۆڕان دامەپۆشن، ئاڵاو لۆگۆی گۆڕان بە جۆرێک بە ئۆتۆمبێلەکانتانەوە هەڵواسن، کە بەرچاوی شۆفێرو پەنجەرەکان دانەپۆشن.

٢- داواتـان لێ دەکەین، لە کاتەکانی نوێژدا بەتەواوی موراعاتی مزگەوتەکان بکەن، لەو کاتانەدا بڵندگۆکانتان بکوژێننەوە، هەتا نوێژکەرانی ماڵی خودا لە نوێژ دەبنەوە.

٣- داوا لە بنکەکانی گەڕەکەکان دەکەین، رۆژانە لەدوای سەعات (١٠)ی شەوەوە بڵندگۆو تەسجیل‌و رادیۆ بەدەنگی بەرز نەکەنەوە، بۆ ئەوەی دراوسێکان بەهیچ جۆرێک هەراسان نەبن، وەکو خۆتان دەزانن بزووتنەوەی گۆڕان دروست بووە بۆ ئەوەی نارەحەتییەکانی خەڵک کەم بکاتەوەو زوڵم‌و زۆرو ناعەدالەتیان لەسەر هەڵگرێ، بۆیە نابێ کارێ بکەن، خەڵک نارەحەت بین.

٤- داواتان لێ دەکەین، هەوڵبدەن بەوپەڕی هێمنییەوە، بەوپەڕی دیموکراتییەوە، بەوپەڕی ئەقڵ‌و سنگفراوانییەوە رێز لەلایەنەکانی دیکە بگرن، بەهیچ جۆرێک لەلایەن ئێوەوە دەستدرێژی‌و ئیستفزازکردن روو نەدات، بزووتنەوەی گۆڕان وەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بێ چەک، قازانجی لەوەدایە پرۆسێسی بانگەشەی هەڵبژاردن‌و دەنگدان هێمن تێپەڕن، داواتان لێ دەکەین بیانوو نەدەنە دەست ئەو لایەنانەی قازانجیان لە دروستکردنی توندوتیژیی‌و نانەوەی شەڕو ئاشوبدایە.

پشتیوان بەخواو بە هیممەتی دەنگدەرانی گەلەکەمان سەرکەوتنی ئەمجارە زۆر لە سەرکەوتنی (٢٠٠٩/٧/٢٥) گەورەترە دەبێت.

**لیژنەی بانگەشەی هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان**
(٢٠١٠/٢/١٤)

## سەندیکای رۆژنامەنووسان هێرشکردنە سەر پەیامنێرانی KNN بە ئاسایی وەسفدەکات

راپۆرتی، شارا عەبدولڕەحمان



لەماوەی یەک رۆژدا لە سلێمانی‌و کەرکوک، هێرشکرایە سەر دوو تیمی رۆژنامەوانیی کەناڵی (KNN)و وێـڕای رێگرتن لە ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسییان، پەلاماری رۆژنامەنووسەکان دراو کامێراکەیان شکێنراو رۆژنامەنووسەکانیش دەستـبـەسـەرکـران، بـەڵام سـەرۆکـی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسان، پێیوایە، «بوونی کێشە لەنێوان حکومەت‌و رۆژنامەنووسدا کارێکی ئاساییە»، بە تایبەت لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

رۆژی یەکشەممە (٢/١٤)، کاتێک تیمی کەناڵی (KNN)، کە پێکهاتبوو لە پەیامنێران‌و وێنەگران: بڕیار نامیق، هۆشمەند فەلاح، رەنجدەر عومەرو محەمەد خەلیفە، لە دەزگای کاروباری پێشمەرگە لە سلێمانی، سەرقاڵی کـاری رۆژنامەنووسی خۆیان بـوون، ژمارەیەک چەکداری پاسەوانی دەزگاکەو چەند بەرپرسێکی مەدەنیی هەمان دەزگا، پەلاماریاندان‌و کامێراکەیان شکاندن‌و لێیاندان‌و بۆ ماوەی چەند سەعاتێکیش (بڕیار نامیق)ی پەیامنێری کەناڵەکەیان لەناو دائیرەکەدا گلدایەوەو پاش ئازادکردنیشی، دەستیانگرت بەسەر کاسێتەکەیاندا.

پـاشـنـیـوەڕۆی هـەمـان رۆژیــش، تیمێکی دیکەی کەناڵی (KNN) لە شـاری کەرکوک، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی رۆژنامەنووسییاندا، لەلایەن ژمارەیەک چەکداری پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە سەر بە لیژنەی ناوچەی (٢)ی پارتی بوون، پەلاماردران‌و کامێرەکەیان شکێنراو سووکایەتییان پێکرا.

بەو هۆیەشەوە کەناڵی (KNN) لە بەیاننامەیەکدا بەتوندیی ئـەو رەفـتـارە ناشرینانەی ئیدانەو ریسواکردو داوای لە تەواوی رۆژنامەنووسانی کـوردسـتـان‌و عـێـراق‌و رێـکـخـراوی جیهانی رۆژنامەنووسانی بێسنوورو رێکخراوی ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ‌و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کرد، کە ئەو رەفتارانە ئیدانەو سەرزەنشت بکەن، هاوکات لە بەیاننامەکەیاندا داوایان لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کـردووە، کە سنوور بۆ رەفتاری چەکدارانی هەریەک لە یەکێتی‌و پارتی دابنێن‌و رێگەنەدەن، چیتر چەکدارەکانی خۆیان ئەو یاسایانە پێشێلبکەن کە نوێنەرانی حیزب لە پەرلەماندا دایانناون.

ئەوەی لەو نێوەندەدا بەدی نەکرا، بەیاننامەی ئیدانەکردنی حاڵەتەکەبوو لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوەو سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسانیش، حاڵەتەکە بە ئاسایی وەسفدەکات.

ئەنوەر حسێن، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان، بە رۆژنامەی راگەیاند: مەسەلەی کێشە لەنێوان حکومەت‌و رۆژنامەنووسدا کارێکی ئاساییە، بەتایبەتی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، ئەو کێشەیەش کە روویداوە، مانای ئەوە نییە کە لە کوردستان ئازادیی رۆژنامەنووسی بوونی نییە.

سـەرۆکـی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان، ئاماژە بەوەدەکات، کە ویستوویانە حاڵەتی هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسانی (KNN) چارەسەربکەن‌و نەگاتە سکاڵا تۆمارکردن، وتیشی «ئێمە بە تیمەکەی (KNN)مان وت کە کاسێتەکەتان بۆ وەردەگرینەوە با نەگاتە سکاڵا تۆمارکردن، بەڵام کاسێتەکەیان نەدایەوە بە رۆژنامەنووسەکان».

بڕیار نامیق، پەیامنێری کەناڵەکە، ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەوان سکاڵایان لە دادگا تۆمارکردووە، چونکە پێشلکاریی بەرامبەر مافەکانیان کراوەو پێویستە لەو حاڵەتەدا لە دادگـا مافی خۆیان وەربگرنەوە.

یاسای رۆژنامەگەریی کوردی ژمارە (٣٥) کە لە ساڵی (٢٠٠٨)دا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچــووە، رێگە دەدات بە رۆژنامەنووس لە کۆنگرەو کۆنفرانس‌و دەستکەوتنی زانیاریدا کەڵکوەربگرێت، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر دەزگایەک ئامادەنەبوو زانیاری بدات بە رۆژنامەنووس، پێویست ناکات کەرەستەی کاری رۆژنامەنووسی لێبسەنێت، یان هێرش بکاتە سەری.

لەو بارەیەشەوە، ئەنوەر حسێن، وتی: «سەندیکا لەگەڵ هیچ پێشێلکارییەکدا نییە کە دەکرێتە سەر رۆژنامەنووسان، چونکە رۆژنامەنووسان مافی خۆیانە کە زانیاری بەدەستبهێنن‌و بۆ هیچ دەزگایەک نییە، هێرش بکاتە سەر رۆژنامەنووس، هەربۆیە ئەم رووداوەی بەسەر رۆژنامەنووسانی کەناڵی KNNو سەرجەم رۆژنامەنووسانی دیکەشدا دێت لە راپۆرتی شەش مانگەی خۆماندا تۆماری دەکەین‌و بڵاوی دەکەینەوە، چونکە ئەگەر یاسای رۆژنامەنووسی کاری پێ نەکرێت، ئەوا ئەزموونی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکوردستاندا دەکەوێتە مەترسییەوە».

هاوکات، سەنتەری میترۆ بۆ راوێژو داکۆکی لە رۆژنامەنووسان، لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی حاڵەتی هێرشکردنە سەر تیمی رۆژنامەنووسانی کەناڵی (KNN)ی کردو تێیدا ئاماژە بەوەکراوە، کە هیچ پاساوێک بۆ هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان‌و دەسـتـبـەسـەرداگـرتـنـی کـەرەسـتـەی کـاری رۆژنامەنووسی، مایەی قبووڵکردن نییە.

## کارنامەیەک بۆ لێدوان:

# کاری داهاتوی نوێنەرانی کورد لە بەغداد ئەبێ چی بێ؟



کاندیدانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

فۆتۆ: بەهادین یوسف

بەغداد پایتەختی دەوڵەتی عیراقە. کـورد هاوبەشە لـەم دەوڵـەتـەدا. هاوبەشیەکەی لـە بـەشداری ناو دامـــەزراوە ناوەندیەکاندا رەنـگ ئەداتەوە. دامـەزراوە ناوەندیەکانی دەوڵەتی عیراق بریتین لە:

– ئەنجومەنی نوێنەران
– ئەنجومەنی وەزیران
– ئەنجومەنی باڵای قەزا و دادگای باڵای فیدرالی: (مادەی ٨٩)
– هەیئەتە سەربەخۆکان: (مادەکانی ١٠٢ و ١٠٣ و١٠٤ و ١٠٥ و ١٠٦ و ١٠٧).

بۆ ئەوەی کورد هاوبەشی راستەقینە بێ و کەڵک لە مافە دەستوریەکانی وەربگرێ، ئەبێ چی بکا؟

#

**یەکەم، هاوبەشی لە بریاری سیاسی دا**

بریاری سیاسی لە عێراق دا چیە؟
چی بە بریاری سیاسی دائەنرێ؟

دەزگـاى بـریـاردانـی سیاسی لە عیراقدا کامەیە: سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی وەزیـران، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نوێنەران...؟

چـۆن بـریـاری سیاسی گـەڵاڵـە ئەکرێ؟

کـورد چـۆن ئـەتـوانـێ بـەشـدار (مشارک) بێ یان هاوبەش (شریک) بێ لە بریاردان دا؟

جیـاوازی لە نێوان بـەشـداری و هاوبەشی دا چیە؟

#

کورد لە سەر چ بنچینەیەک بەشدار یا هاوبەش بێ لە عیراق دا؟

لە سەر بنچینەی:

– ژمارەی کورد لە چاو دانیشتوانی عیراقدا؟
– یان ژمارەی ئەندامە کوردەکان لە چاو ژمارەی ئەندامە عەرەبەکانی ناوپارلەمانی عیراقدا؟
– یـان کـورد وەکـو نەتەوەیەکی جیاواز کە پێکهاتەیەکی سەرەکی گەلی عیراقە بە سازان (تەوافوق) لە گەڵ عەرەب؟

#

کـورد چۆن ئەتوانێ هاوسەنگی خۆی لە گەڵ عەرەب رابگرێ؟

لە خولی رابــردوی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، «ئەنجومەنی سەرۆکایەتی» لە جێگەی «سەرکۆمار» هەڵبژێردرا کە پێک هات بو لە ٣ کەس (سـەرۆک و دو جێگر) بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی پێکهاتە سەرەکیەکانی گەلی عیراق: سونە و شیعە و کورد بکات و، هەر سێکیان مافی بە کارهێنانی ڤیتۆیان هەبو (مادەی ١٣٨). ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بۆ یەک خول بە شێوەیەکی کاتی دانرابو بە تەمای ئەوەی ئەنجومەنی هەرێمەکان پێک بهێنرێ (مـادەی ١٠٥) بۆ ئەوەی جێگەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بگرێتەوە. ئیستا، دوای ئەم خولەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عـیـراق، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نامێنێ و ئەنجومەنی هەرێمەکان یش دروست نەکراوە:

چ دامەزراوەیەک هاوسەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و دامـەزراوە ناوەندیەکانی عیراق ئەپارێزێ؟

#

کورد هەڵوێستی لە سیستەمی کۆتا (نظام المحاصصە) ئەبێ چی بێ؟

– لە کۆتای (محاصصە) تائیفی
– لە کۆتای نەتەوەیی
– لە کۆتای حیزبی

#

**دوەم، رێکخستنەوەی پێوەندی هەرێم–ناوەند**

کێ لە بەغداد نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان ئەکا؟

– کەسانی پۆستە سیادیەکان
– یـان سـەرکـردایـەتـی حیزبە کوردیەکان
– یـان وەزیـرە کوردەکانی ناو کابینەی بەغداد
– یـان پارلەمانتارەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران
– یـان دامـەزراوەکـانـی هەرێمی کوردستان: سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، پارلەمان

چـۆن ئـەم نوێنەرایەتیە رێـک بخرێتەوە؟

بەشی کورد لە دەزگا ناوەندیەکانی عیراق دا چیە؟

کێ پری ئەکاتەوە؟
چۆن پری ئەکەنەوە؟

بە چ پێوەرێ کورد لەم پۆستانەدا دائەنرێن؟

– وەزیر، وەکیل وەزیر، بەرێوەبەری گشتی
– هەیئەتە سەربە خۆکان
– قـائـیـدەکـانـی جـەیـش و دامەزراوەکانی پۆلیس و موخابەرات و ئەمن
– سەفیر و کارمەندەکانی وەزارەتی دەرەوە

ئایا پێویستە پاڵێوراوانی کورد بۆ پۆستە سیادیەکان و وەزارەت و سەفارەت و هەیئەتە سەربەخۆکان و قیادەی فیرقەکان دوای ئەوەی بە پارلەمانی کوردستاندا تێ ئەپەڕن ئینجا ببرێنە بەغداد.

#

**سێیەم، ئامادەکردنی پرۆژەی قانون**

میکانیزمی جێبەجێکردنی مادەکانی دەستور، کە پێوەندییان بە مافەکانی کوردەوە هەیە، چیە؟

مادە پێوەندیدارەکان کامانەن:

– گێراونەوەی کەرکوک و ناوچە دابراوەکان: (مادەی ١٤٠)
– بەشی کوردستان لە بودجەی گشتی عیراقدا: (مادەی ١٢١ ثالثا)
– نـوێـنـەرایـەتـی هـەرێـم لە سەفارەتەکانی عیراقدا: (مادەی ١٢١ رابعا)
– هێزە چەکدارەکانی عیراق و پاسەوانی هەرێم: (مادەکانی ٩ و ١٢١ خامسا)
– نەوت و غاز: (مادەکانی ١١١ و ١١٢)
– زمانی کوردی: (مادەی ٤)
– ئاڵا و دروشم و سرود و بۆنە رەسمیەکان: (مادەی ١٢)

ئەمانە چۆن ئەکرێنە قانون و چۆن جێبەجێ ئەکرێن؟

– ئایا لە چـاوەڕوانـی حکومەتی ناوەندیدا راوەستن تا پرۆژەکان ئامادە ئەکا؟
– یان فراکسیۆنی کـوردی خۆی پرۆژەکان بە واژۆی ١٠ پارلەمانتار ئـامـادە ئـەکـا و لـە ئەنجومەنی نوێنەران دا هەوڵی تێپەراندنی ئەدا و لە ئەنجومەنی وەزیران دا هەوڵی جێبەجێکردنی ئەدا: (مادەی ٦٠ ثانیا)؟

#

**چــوارەم، هاودەنگی وەزیـرەکـان و پارلەمانتارانی بەغداد و هەولێر**

– ئایا فراکسیۆنی کـوردی لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا لە بەغداد سەربەخۆ و بە جیا لە پارلەمانی کوردستان کار ئەکا؟
– یان هەردو فراکسیۆنی گۆران لە بەغداد و هەولێر بە تایبەتی و فراکسیۆنە کوردیەکانی بەغداد بە گشتی لە گەڵ پارلەمانی کوردستان بە هاودەنگی و هاوئاهەنگی کار ئەکەن؟
– ئایا وەزیـرە کوردەکانی ناو ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق لە بەغداد سەربەخۆ و بە جیا لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کار ئەکەن؟
– یـان وەزیـرە کوردەکانی ناو ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق لە بەغداد بە گشتی لە گەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە هاودەنگی و هاوئاهەنگی کار ئەکەن؟

**بزوتنەوەی گۆڕان**

### تەوەرێک بۆ گفتوگۆ

**قۆناغی پاش هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ کورد جیاوازە لە قۆناغی پێشوو. ئەم کارنامە سیاسییەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆچوارساڵی داهاتووی خەبات و کاری نوێنەرانی کوردە لە بەغدا.**

**بۆ ئەوەی کورد وەک هاوبەش و شەریکێکی راستەقینە کاربکاتو سوود لە مافە دەستوورییەکان وەربگرێت، پێویستە چی بکات؟**

**رۆژنامە بە پێویستی دەزانێت ئەم کارنامەیە بخاتە بەردەستی هاوڵاتییان بەشێوەیەکی گشتیو سیاسەتمەدارو رووناکبیری گەلەکەمان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم بابەتە هەستیارەو پاشان بابەتەکان کۆدەکرێنەوەو پوختە دەکرێنو بۆ سوودی گشتی بڵاودەکرێنەوە.**

**ئیمەیل:** hewal.rozhnama@gmail.com

# ئاسایشی یەکێتی ئیعتراف بە یاساکەی پاراستن ناکات



قادر حەمەجان



مەسرور بارزانی

**راپۆرتی: رۆژنامە**

ئاسایشی گشتیی سلێمانی داوای دەرچوونی یاسایەکی نوێ دەکات لە پەرلەمان بۆ یەککرتنەوەیان‌و ئیعتراف بە یاسای ژمـارە (٤٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) ناکات، پەرلەمانتارێکیش جەختدەکاتەوە، کە کێشەکە یاسا نییە، کێشەکە کورسی‌و پۆستە لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا.

بەپێی یاسای ژمارە (٤٦)ی دەستەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کە لە (٢٠٠٤/١١/٢٠) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، هاتووە: دەستەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێت‌و پەیوەست دەبێت بە سەرۆکی هەرێمەوەو فەرمانبەرێک بە پلەی وەزیر سەرۆکایەتی ئەو دەستەیە دەکات، کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دادەمەزرێنرێت.

ئەم یاسایە بۆ یەک دەستەی گشتیی ئاسایشە، نەک دوو دەزگای ئاسایش، بەڵام لە (٢٠٠٤)ەوە تائێستا هەردوو دەزگای ئاسایشی هەولێرو سلێمانی بەبێ یەکگرتنەوە ماونەتەوەو ئاسایشی هەولێر پەیڕەوی ئەو یاسایە دەکات‌و ئاسایشی سلێمانی پەیڕەوی ناکەن، پێیانوایە؛ کە ئەو یاسایە بۆ ئاسایشی هەولێرو دەزگای پاراستن دەرچووەو داوای دەرچوونی یاسایەکی نوێ دەکـەن، بۆ یەکگرتنەوەی هـەردوو دەزگای ئاسایش.

لـیـوا دلـێـر ئـەحـمـەد مەجید، یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی هەرێم_سلیمانی، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو؛ کە ئەوان کار بەو یاسایە ناکەن، چونکە یاسای ژمارە (٤٦)ی ساڵی (٢٠٠٤)، یاسای دەستەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو ئەو یاسایە تایبەتە بە ئاژانسی پاراستن‌و ئاسایشی پارتی، نـەک یاسایەک بێت بـۆ هــەردوو ئاسایشەکە».

ئاسایشی گشتیی سلێمانی پەیڕەویی ئـەو یاسایە ناکەن بۆ کارکردن، لە کاتێکدا ئاسایشی هەولێر لەگەڵ دەرچوونی یاساکە لە (٢٠٠٤) ەوە کاری پێدەکەن.

هـەربـۆیـە کـێـشـەیـان نییە کە یەکگرتنەوەکەش بەپێی ئەو یاسایە بێت، عادل بۆتانی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم/هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە یاسای ژمارە ٤٦ی ساڵی ٢٠٠٤ شەرعیەتی هەیەو بناغەیەکی باشە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئاسایش، ئەو یاسایە کاراش دەبێت‌و لەسەری دەڕۆین تا پەرلەمان هەڵیدەوەشێنێتەوە.

بە بڕوای زۆرێـک لە چاودێرانی سیاسیی‌و پەرلەمانتارانیش یاسای ژمــارە (٤٦)ی ســاڵـی (٢٠٠٤) یاسایەکی خراپەو لە بەرژەوەندیی دیموکراسییەت‌و مافی مرۆڤ نییە لە کوردستاندا، چونکە ئاسایش دەخاتە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێمەوەو دەبنە دەستەیەکی باڵاو پەرلەمان وەک دەسەڵاتێکی چاودێریی ناتوانێت چاودێریی کارەکانیان بکات.

گــۆران ئــازاد پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی بە رۆژنامەی وت: «ئەو یاسایە، ناکۆکیی لەسەرە لەنێوان هــەردوو ئیدارەو هــەردوو ئاسایش‌و دەتوانین بڵێین لەنێوان هەردوو حیزبیش، چونکە بە گوێرەی ئەو یاسایە هەیبەتێکی باڵا دراوە بە ئاسایش‌و باڵا دەستی کردووە لەهەموو دەزگـا حکومییەکان، هەربۆیە ئەو بۆچوونە هەیە، کە ئەو یاسایە کاری پێنەکرێت‌و لەبری ئەوە یاسایەکی نوێ بۆ یەکگرتنەوەیان دابنرێت، کە ئاسایش‌و ئارامیی بەرقەراربکات‌و مەترسیی نەبێت بۆ سەر تاکەکانی کوردستان».

کێشەی کارکردن بە یاساکەی ٢٠٠٤و کارپێنەکردنی، بە بـڕوای ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان؛ رێکنەکەوتنە لەسەر دەســەڵات‌و لــەســەر ئــەوەی کە مەرجەعیەتی ئـەو دەزگـایـە دوای یەکگرتنەوە، کوێ بێت.

بورهان رەشید ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لە لێدوانەکەیدا بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد؛ کە کێشەی یەکنەگرتنەوەی هــەردوو دەزگای ئاسایش ئەوەیە، کە یەکێتی دەیەوێت بەرپرسیارێتییەکانی ئەو دەزگایە دوای یەککرتنەوە بە نیوەیی بێت، ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی پارتی یەکناگرێتەوە، کە کار بۆ ئەوە دەکات دەزگاکە بەگشتیی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

بـورهــان رەشــیــد دەڵــێــت: «بەرپرسیارێتی ئەمنیی لە کوردستان بووەتە شێوە خێزانیی، لەکاتێکدا دەبێت ئەو پۆستانە بکرێنە دامــەزراوەی حکومیی».

بەوپێیەی لە یاساکەی ئاسایشدا هـاتـووە: کە ئـەو دەزگـایـە سـەر بە سەرۆکایەتی هەرێم دەبێت، پارتی بەمە قایلەو لە بەرامبەردا یەکێتی ترسی لەو خاڵەی یاساکە هەیە.

گۆران ئازاد لە لێدوانەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ کە پێویستە ئەو پرسە یەکلایی بکرێتەوە، کە ئەو دەزگایە سەر بەکوێ دەبێت؟ سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، یان ئەنجومەنی وەزیـران، یاخود خۆی دەسەڵاتێکی باڵا دەبێت، کە زیاتر حیزب لە پشتییەوە بێت‌و ئەم مەسەلانەش گرنگن‌و پێویستە لە پەرلەمان یەکلایی بکرێنەوە.

هەرچەندە پەرلەمانتارانی یەکێتی‌و ئاسایشی گشتیی- سلێمانی داوا دەکەن یاسایەکی نوێ بۆ یەکگرتنەوە دەربچێت، بەڵام ئەو بۆچوونە لەلای پارتی بوونی نییەو هـەم لەلایەن ئاسایش‌و هــەم لـە پەرلەمانیش. جێگری بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێم/هەولێر بۆ رۆژنامە ئەوەی خستەڕوو کە لە کۆبوونەوەی هەردوو بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەولێرو سلێمانی لەگەڵ سەرۆکی حکومەت باس لە یەکگرتنەوە کـراوە، بەڵام باسی یاسای نوێ نەکراوە، چونکە دوای یەکگرتنەوەکە دەستەی گشتی ئاسایشی هەرێم پێکدەهێنرێت کە سەرۆکێکیشی بە پلەی وەزیـر بۆ دەستنیشان دەکرێت، ئەمەش هەمان ئەو بنەمایەیە کە لە یاسای ژمارە ٤٦ی ٢٠٠٤دا هەیە.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە مــاوەی ٦ مانگ دیــاری کــراوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری یەکگرتنەوەی هەردوو ئاسایشی هەولێرو سلێمانی.

هــاوکــات، قــادر حـەسـەن قـادر، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش‌و ئەنجومەنە خۆجێییەکان، لە فراکسیۆنی کوردستانی جەختی کردەوە؛ کە لە کۆبوونەوەی لیژنەدا، کە نوێنەری گشت لیستەکانی تێدایەو لەکاتی گفتوگۆش لەسەر بودجەی ئاسایش‌و وەزارەتی ناوخۆ، کەس تائێستا باسی نەکردووە، کە یەکگرتنەوەی ئاسایش بە یاسای نوێ بێت‌و کار بە یاساکەی (٢٠٠٤) نەکرێت، کە دەبوو باسبکرێت.

لە خولی رابــردووی پەرلەمانی کــوردســتــانــدا لــەلایــەن هـــەردوو ئاسایشەوە پـرۆژەیـاسـایـەک بۆ یەکگرتنەوەیان گـەڵاڵـەکـراو لە حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان کرا، بــەڵام پـاش ئــەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، پڕۆژەیاساکە لەلایەن حکومەتەوە کێشرایەوەو تائێستا رەوانەی پەرلەمان نەکراوەتەوە.

یــاریــدەدەری بــەڕێــوەبــەری ئاسایشی گشتیی هەرێم- سلیمانیش، جـەخـتـدەکـاتـەوە؛ کـە لـە ئێستادا چــاوەڕوانــی گــەڕانــەوەی ئـەو پڕۆژەیاسایەین، تا لەسەر رووناکی ئەو یاسایە کار بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئاسایش بکرێت، چونکە بەبێ بوونی یاسایەک ناکرێت یەکبگرینەوە.

لە بەرامبەردا، عەدنان عوسمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان رەخنە لـەو بۆچوونەی ئاسایشی گشتیی سلێمانی دەگرێت‌و لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە باسی لەوەکرد، کە ئەمە تەنیا «موماتەڵەکردنە»بە ئیشەکان، ئەگەر نا، کە یاسا هەبێت بۆ داوای گەڵاڵەکردن‌و دەرچوونی یاسای نوێ دەکەن.

لەگەڵ یەکنەگرتنەوەی دەزگـای ئاسایش، چەندین دەزگای ئەمنیی دیکە هەن لە کوردستان، کە لەژێر دەسەڵاتی حیزبدان، بورهان رەشید کە هاوکات پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانە، مەترسیی بوونی ئەو دەزگا ئەمنییە حیزبییانەی خستەڕوو و روونیکردەوە، کە کێشەکە تەنیا دەزگای ئاسایش نییە، کێشەکە ئەوەیە کە لە سلێمانی دەزگای دژەتیرۆر هەیە، کە هیچ شەرعیەتێکی نییەو بەشێکی خەیاڵیی لە بودجەی ئەم وڵاتە «دەدزرێ»و دەدرێت بەو دەزگایە، کە ئەمە نایاساییەو ئەوەشی کە دەیداتێ، ئیختلاسی بودجەی گشتیی دەکات‌و لە یاسادا تاوانە.

**پەرلەمانتارێک: یەکێتی دەیەوێت بەرپرسیارێتی دەزگاکە بەنیوەیی بێت‌و پارتیش بۆچوونی دیکەی هەیە**

**بە گوێرەی ئەو یاسایە هەیبەتێکی باڵا دراوە بە ئاسایش‌و باڵادەستی کردووە لەهەموو دەزگا حکومییەکان، هەربۆیە ئەو بۆچوونە هەیە، کە ئەو یاسایە کاری پێنەکرێت‌و لەبری ئەوە یاسایەکی نوێ بۆ یەکگرتنەوەیان دابنرێت**




مەم بورهان قانع

## دەنگدەری کورد، لەهاوکێشەی گۆڕاندا

ئـەمـرۆ، پێنج رۆژ بەسەر دەستپێکردنی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردندا تێپەردەبێت‌و تا ئەم ساتەوەختەیش، هیچ گرژیی‌و ئاڵۆزییەکی ئەوتۆ روونەداوە، کە جێگای نیگەرانیی هاوڵاتییان‌و دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بێت.

ئـەوەی لەماوەی چـوار رۆژی رابـردووی بانگەشەکردنی هەڵبژاردندا تێبینیدەکرێت، گەرموگوریی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانە (بەتایبەتی سنووری پارێزگاکانی سلێمانی‌و کەرکوک) لەوەی ئەمجارە، لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر، دەنگدەری کورد، بەبایەخەوە لەدەنگی دەڕوانێت‌و بڕوای وایە ئەمجارە دەنگی دەتوانێت کاریگەریی بەسەر پێگەی کورد لەبەغداو گێرانەوەی ئەو مافانەیدا هەبێت، کە لەعیراقدا (بێ لەسێ پارێزگاکەی هەرێم) هەن‌و بۆ هەمان توێژو چینەکانی هەرێمی کوردستان فەراهەمنەکراون، وەکچۆن نزیکەی (١٥) هەزار زیندانیی سیاسیی لەهەرێمی کوردستاندا هەن‌و ساڵانەیش لەچوارچێوەی بودجەدا، دەبێت هەزاران هاوڵاتی بڕی (١٠) ملیۆن دیناری وەک قەرز بۆ ئیشکردن‌و بەگەڕخستن بدرێتێ (کە بەپلەی یەکەم گەنجان لێی سوودمەند دەبن)، بەڵام تائێستا ئەمانەو دەیان ماف‌و ئیمتیازاتی دیکە، هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانی لێ بێبەشکراوە.

خۆشبەختانە، ئەمجارە دەنگدەری کورد، لــەهــەر کـات زیـاتـر، هـۆشـیـارتـرەو لەبەهاو کاریگەریی دەنگەکانی گەیشتووەو لەو ناحەقی‌و ناشەفافییەتەی بودجەی هەرێمەکەیشی گەیشتووە؛ کە لەتاریکیدایەو رای گشتی ئاگاداری وردەکاریی سەرفکردنەکانی نییەو «رێکەوتنی ستراتیژیی!» لەتاریکیدا هێشتوویەتییەوە.

بەدوورنازانرێت، ئەمجارە دەنگی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان، کاریگەریی بەرچاوی بەسەر زامنکردنی بەشێکی ئەو مافانەوە هەبێت، کە تائێستا هاوڵاتییانی هەرێمی لێ بێبەشکراون، سەرەرای کاریگەریشیان بەسەر لاوازکـردنـی پێگەی یەکێتی‌و پارتی لەبەغدا، هەروەکچۆن ناکرێت چیتر لاوازکردنی پێگەی ئەم دوو حزبە لەبەغدا، بە لاوازکردنی پێگەی کورد لەبەغدا دابنرێت.. ئەمەش لەو روانگەیەوە کە لەمەودوا، تەنیا یەکێتی‌و پارتی لەبەغدا نوێنەرایەتیی کورد ناکەن، بەڵکو ئەمجارە «گـۆران»یـش نوێنەرایەتیی بەشێکی زیندوو و غەدرلێکراو دەکـات‌و جیا لە ئـەدای نوێنەرانی یەکێتی‌و پارتی کـاردەکـات‌و نایشکرێت رۆڵی لەنێو پارلەمانی عیراق‌و دواتریش لەلایەن لیست‌و پێکهاتەکانی دیکەی پەرلەمانی عیراق‌و تەنانەت لەنێو حکومەتی عیراقیشدا، نادیدە بگیرێت.

ئەمجارە، هـەر هیچ نەکرێت، دەنگدەری کورد دەتوانێت ئەو نوێنەرانەی رەوانەی بەغدای دەکـات (بەتایبەتی نوێنەرەکانی نـاو لیستی «گۆران»)، چاودێربن لەسەر بودجەو سەروەت‌و سامانی هـەرێـم، ئـەو بودجە خەیاڵییەی کە هەولنەدراوە بەهۆیەوە بەشێک لەخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی پێ چارەسەربکرێت، هەروەکچۆن دەبینین دانیشتووانی قەزایەکی وەک دەربەندیخان، لەبەردەم هەرەشەی شێرپەنجەدان، ئەمەیش بەهۆی ئەو ئاوەی کە دەیخۆنەوەو مادەی کیمیایی تێدایەو قەزاکانی دیکەی وەک «سەیدسادق، پێنجوێن، هەڵەبجە (بەشەهیدو تازەوە)، تا دەگاتە زەرایـەن‌و رانیەو قەڵادزێ‌و چەمچەماڵ‌و قەزاو ناحیەکانی دیکە، بێبەشن لەخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک رێگاوبان‌و ئاوی خواردنەوەو کارەباو کۆلێج‌و دەزگای پێویستی تەندروستی‌و پەروەردەیی‌و نەبوونی پارک‌و شوێنی حەوانەوەو یاریگاو هۆڵی شانۆو سینەماو دەیان پێداویستی‌و داخوازیی دیکەی رەوا.

هەربۆیە، ئەمجارە دەنـگـدەری هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم، بەکەرکوکیشەوە، جیا لەپێشتر دەنـگـدەدەن‌و ئەو قەناعەتەیان بەتەواوی لەلا خەملیوە، کە چیتر ناکرێت لاوازکردنی پێگەی ئەم دوو حزبە لەهەرێم‌و بەغدا بەهەرەشەی راستەقینەی سەر کورد دابنرێت‌و چیتر بێدەنگبن لەو ناعەدالەتییەی ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستاندا، دەگوزەرێت.

***کاندیدی ژمارە (١٧)ی لیستی گۆڕان.**

# دەسەڵات بودجەی هەرێم بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردێنێت

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

## «سەرۆکایەتی پەرلەمان پەلەپەلێکی زۆری لە لیژنەکان کردووە، بۆئەوەی بەزوویی بودجە تێبپەڕێنن»

بە فشاری سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکانی پەرلەمان راپۆرتەکانیان لەسەر پڕۆژەیاسای بودجە، ئاراستەی لیژنەی دارایی دەکەن‌و پێش تەواوکردن‌و بەبێ دیراسەکردنی راپۆرتی لیژنەکان، لیژنەی دارایی راپۆرتی خۆی ئاراستەی سەرۆکایەتی دەکات، بە بۆچوونی پەرلەمانتارێکیش سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیەوێت بودجە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنێت.

هەرچەند لە دانیشتنی یەکەمی تایبەت بە بودجەی سالی (٢٠١٠)ی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پشتبەستن بە پەیڕەوی ناوخۆ مۆڵەتی مانگێکی دایە لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ تەواوکردنی راپۆرتەکانیان‌و بەرزکردنەوەیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام بە وتەی چەند پەرلەمانتارێک‌و سەرۆکی یەکێک لە لیستەکانی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان گوشاری خستووەتەسەر لیژنەکان بۆ تێپەڕاندنی بودجە لەماوەی دوو هەفتەدا.

ئەحمەد سلێمان، سەرۆکی لیژنەی شارەوانی‌و گواستنەوەو گەیاندن‌و گەشتوگوزار لە پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: سەرۆکایەتی پەرلەمان پەلەپەلێکی زۆری لە لیژنەکان کردووە، بۆئەوەی بەزوویی بودجە تێبپەڕێنن، فشارێکی خستبووە سەر لیژنەکەی ئێمە، بۆئەوەی راپۆرتەکە بەرزبکەنەوە، من کە سەرۆکی لیژنەیەکم، رۆژی چوارشەممەی رابردوو بەهۆی نەخۆشییەوە نەمتوانی بەشداریی کۆبوونەوەی لیژنەکە بکەم، لەکاتێکدا بەپێی بڕگەی (٤)ی مادەی (٣٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەبێت راپۆرتی لیژنەکان لەڕێگەی سەرۆکی لیژنەکانەوە بدرێنە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆیە ئەوەم قبووڵنەکردو بە سەرۆکایەتی لیژنەی داراییم راگەیاند: کە من ئاگام لەو راپۆرتە نییەو ئیمزای منی پێوەنییە، کە بەناوی لیژنەکەوە نووسراوە، دواتر بە پاشکۆیەک رای خۆمم لەگەڵ راپۆرتەکەدا بەرزکردەوە».

هەروەک حەمەسەعید حەمە عەلی، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەپەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: «ئەندامانی لیستی کوردستانیی لە هەموو لیژنەکاندا پێوەیان دیارە کە پەلەپەل دەکەن بۆ تێپەڕاندنی بودجە».

بەپێی بڕگەی (٢) لە مادەی ٨٢ی پەیڕەوی ناوخۆ، راپۆرتی لیژنەی دارایی‌و ئابووریی ئاماژە بۆ ئەو تێبینی‌و پێشنیازانە دەکات؛ کە «لیژنەکان دەربارەی پڕۆژەیاسای بودجە پێشکەشیانکردووە، لەگەڵ ئەو ئاکامەی کە پێیگەیشتوون»، بەڵام بەوتەی ئەندامێکی لیژنەی دارایی‌و ئابووریی پەرلەمان لیژنەکەیان لەژێر فشاری سەرۆکایەتی پەرلەمانداو بێ دیراسەکردنی راپۆرتی لیژنەکان.

عەدنان عوسمان، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان وتی: «لیژنەی دارایی‌و ئابووریی بە پەلەپروزییەکی زۆرەوە راپۆرتی کۆتایی لەسەر پڕۆژەیاسای بودجە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە، بەبێ ئەوەی گفتوگۆیەکی وردی تێدابکرێت‌و دیراسەی راپۆرتی لیژنەکانی دیکە بکرێت، کە ئەمەش لادانە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان».

بە بۆچوونی پەرلەمانتاران هەوڵی تێپەڕاندنی بودجە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆ بەکارهێنانیەتی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

عەدنان عوسمان وتیشی: «سەرۆکی لیژنەی دارایی‌و ئابووریی لەژێر فشاری سەرۆکایەتی پەرلەماندا هەر لە هەفتەی یەکەمەوە راپۆرتی خۆی ئامادەکردبوو، دەیانویست هەر لەو کاتەدا راپۆرتەکە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزبکەنەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان فشاری خستبووە سەر لیژنەکان، کە راپۆرتەکانیان بنێرن، بۆئەوەی بەزووترین کات بودجە تێپەڕێنن، لەو ڕێگەیەوە بیکەنە ریکلامی حیزبیی‌و بیکەنە بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردن».

بەپێچەوانەوە دلێر مەحمود، بڕیاردەری لیژنەی دارایی‌و ئابووریی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە؛ سەرۆکایەتی پەرلەمان فشاری لە لیژنەکەیان نەکردووەو وتی: «رۆژی یەکشەممە راپۆرتی هەر (١٩) لیژنەکە گەیشتە لیژنەی دارایی‌و ئابووریی، تێبینی‌و سەرنجی لیژنەکانمان گواستووەتەوە بۆ نێو راپۆرتی لیژنەی دارایی»، وتیشی: «بودجە مولکی گشتییەو پێویستە بە وردیی دیراسە بکرێت، بەڵام ئێمە تەنیا سلفەیەک‌و خەرجییەکمان هەیە، بەبۆچوونی من، لیژنەی دارایی‌و ئابووریی دواکەوتووە لە تەواوکردنی راپۆرتەکەی، هەرچەند لەگەڵ دواخستن‌و پێشخستنی بەئەنقەستدا نیم».

تاریق جەوهەر، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی رەتکردەوە، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان فشاری لە لیژنەکان کردبێت، وتیشی: «ماوەیەکی گونجاو لەبەردەست لیژنەکاندابوو بۆ تاووتوێکردنی بودجەو ئامادەکردنی راپۆرتەکانیان».

شێوازی گفتوگۆکردنی بودجە لە پەرلەماندا بەو شێوەیەیە، کە دوای خوێندنەوەی یەکەم دەدرێت بە لیژنەکان، تا هەموویان بودجەکە بخوێننەوەو تێبینییەکانی خۆیانی لەسەر بنووسن، هەروەها کاتی تەواویان پێبدرێت‌و حساباتی خیتامی ساڵانی رابردوویان‌و راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری داراییان لەبەردەستدابێت، ئەوکاتە تێبینییەکان بە راپۆرتێک بدەنەوە بە لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووریی، ئەم لیژنەیەش جارێکی دیکە تێبینییەکانی هەموو لیژنەکان کۆدەکاتەوەو بە راپۆرتێک پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکات.

بەڵام کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی‌و ئابووریی پەرلەمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەلەیان لێکراوە بۆ تێپەڕاندنی بودجە، وتیشی: «ئەو پەلەپەلییە بووە هۆی ئەوەی کە لیژنەی دارایی خوێندنەوەیەکی ورد بۆ راپۆرتی لیژنەکان نەکەن‌و بەوهۆیەشەوە نەیانتوانی لێکۆڵینەوە لە راپۆرتی لیژنەکان بکەن».

# دەنگ بە بودجە نادەن

راپۆرتی: رۆژنامە



ژمارەیەک پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بۆ میدیاکان دەدوێن فۆتۆ: رۆژنامە

فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنن پڕۆژەیاسای بودجەی سالی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان، هەڵەو کەموکوڕیی زۆری تێدایەو چەند فراکسیۆنێکیش داوادەکەن پڕۆژەیاساکە بگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، ئەگەر تێکڕای کەموکوڕییەکان چارەسەرنەکرێن، دەنگ بە بودجەکە نادەن.

فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست، زەحمەتکێشان، بزووتنەوە، کوردستانی، ئازادی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی)، تێبینی‌و سەرنجیان لەسەر پڕۆژەیاسای بودجەی سالی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان هەیەو پێیانوایە؛ پڕۆژەیاساکە چەندین هەڵەو کەموکوڕیی تێدایە.

## «ئەو رەشنووسەی کە ناویان ناوە بودجە، شایەنی ئەوە نییە لە پەرلەمان تێپەڕێنرێت»

### بودجەیەکی کەموکورت

تێبینی زۆربەی پەرلەمانتاران‌و بەتایبەتیش ئۆپۆزسیۆن لە بودجەی هەرێم لەسەر بابەتەکانی (ناڕوونیی داهاتەکان، دانەنانی داهاتە ناوخۆییەکان لەنێو پڕۆژەیاساکەدا، زۆریی بودجەی تەرخانکراو بۆ بواری بەکارخستن‌و کەمیی بودجەی تەرخانکراو بۆ بواری وەبەرهێنان، ناهاوسەنگیی لە بودجەی وەزارەتەکان، گرنگینەدان بە ئەولەویاتی پڕۆژەکان، ناهاوسەنگیی لە تەرخانکردنی بودجە بۆ ناوچەکانی کوردستان، تەرخانکردنی دوو بودجە بۆ دوو ئاسایش‌و دوو دەزگای چاودێری دارایی، نەناردنی حساباتی کۆتایی بودجەی سالی (٢٠٠٨)و شەش مانگی یەکەمی (٢٠٠٩)، دووبارەبوونەوەی چەند پڕۆژەیەک).

عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: تێبینیمان لەسەر بودجە هەیەو پێمانوایە بودجەیەکی کەموکورتە، بۆ نموونە (جیاوازییەکی زۆر لە داهاتی تەرخانکراو بۆ وەبەرهێنان‌و بەکارخستن، جگەلەوەش بوونی ناڕوونیی لە داهاتە ناوخۆییەکان، هەروەها پێوەر بۆ دابەشکردنی بودجە لەنێوان ناوچەکاندا دیارنییەو نازانرێت لەسەر چ بنەمایەک دابەشکراوە، مەسەلەی دوو بودجە بۆ ئاسایش‌و دیوانی چاودێری دارایی، نەناردنی حساباتی کۆتایی) لە کەموکوڕییەکانی بودجەن.

بە بۆچوونی ئەحمەد سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵ، بودجەی هەرێم هێندە هەڵەو کەموکوڕیی تێدایە، کە لە هیچ وڵاتێکی دنیادا بودجەی لەوشێوەیە نییە، پێمانباشە بودجەکە بۆ حکومەت بگەڕێندرێتەوە.

هەروەک ئاسۆ کەریم، وتەبێژی لیستی کوردستانیی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوە دەخاتەڕوو، بە دڵنیاییەوە کەموکوڕیی لەناو پڕۆژەیاسای بودجەدا هەیە، بەڵام بە گشتیی شتێکی باشە.

### دەنگ بە بودجە نادەن

هەریەک لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، زەحمەتکێشان، ئازادی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوە) هەڕەشەی ئەوە دەکەن، ئەگەر هەڵەو کەموکوڕییەکانی پڕۆژەیاسای بودجە چارەسەرنەکرێن، دەنگ بە بودجەکە نادەن.

فازڵ حەسەن، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی زەحمەتکێشان لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: پڕۆژەیاسای بودجە کەموکوڕیی تێدایەو ئەگەر لایەنە کەموکوڕییەکانی پڕۆژەیاساکە چارەسەرنەکرێت، ئەوکاتە ئێمە هەڵوێستمان دەبێت.

عومەر عەبدولعەزیزیش وتی: «بە رەش‌و سپێتی‌و رەهایی دەنگ بە بودجە نادەین، بەڵکو بە واقیعی دەنگدەدەین، ئەگەر تێبینی‌و رەخنەکانمان بەهەند وەرنەگیرا، ئەوکاتە جێی قسەلەسەرکردنە».

بەوپێیەی کە فراکسیۆنی گۆڕان زۆرترین هەڵەو کەموکوڕیی‌و پڕۆژەیاساکەی خستووەتەڕوو، بۆئەو مەبەستەش چەند نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، ئەگەر هەڵەکان راستنەکرێنەوەو تێبینییەکانیان لەبەرچاو نەگیرێت، دەنگ بە بودجە نادەن.

ئیسماعیل سەعید گەڵاڵەیی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان لە فراکسیۆنی گۆڕان وتی: «ئەو رەشنووسەی کە ناویان ناوە بودجە، شایەنی ئەوە نییە لەپەرلەمان تێپەڕێنرێت‌و ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان هەرگیز بەوشێوەیەو بەو کەموکوڕییانەوە دەنگی پێنادەین».

هاوکات پەرلەمانتار ئەحمەد سلێمان، ئاماژە بەوەدەکات؛ لە هیچ وڵاتێکی دنیادا بودجەیەکی وەکو بودجەی هەرێمی کوردستان نییە، چونکە بودجەکە کەموکوڕیی زۆری تێدایە، ئێمە «وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵ لە رۆژی گفتوگۆکردن لەسەر بودجە هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین بۆ هەموارکردنەوەی پڕۆژەیاساکە، ئەگەر کەموکوڕییەکان چارەسەرنەکرا، دەنگی پێنادەین».

هاژە سلێمان، سەرۆکی لیستی ئازادی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی وتی: «ئێمە چاوەڕواندەکەین کە تاچەند ئەو هەڵەو کەموکوڕییانەی پڕۆژەیاساکە چارەسەردەکرێن، ئەگەر چارەسەرنەکرا، ئەوکاتە لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا هەڵوێستمان دەبێت».

### شەرعییەتدان بە دووئیدارەیی

بە بۆچوونی پەرلەمانتاران، تەرخانکردنی دوو بودجەی جیاواز بۆ ئاسایش‌و دیوانی چاودێری دارایی‌و رەتنەکردنەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە، جارێکی دیکە شەرعیەتدانە بە بوونی دووئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان.

هەروەک ئەحمەد سلێمان دەڵێت: «تەرخانکردنی دوو بودجە بۆ ئاسایش، بەوشێوەیەی ئێستا جێگای قبووڵ نییە، پێویستە یەک بودجە بۆ ئاسایش تەرخانبکرێت، هەروەها دوو بودجەی جیاواز بۆ دوو دیوانی چاودێری دارایی، ئەگەر پەرلەمان ئەم دوو بودجەیە قبوولبکات، ئەوا مانای وایە پەرلەمانی کوردستان شەرعییەت دەدات بە دووئیدارەیی‌و دوو حکومەتیی».

وتەبێژی لیستی کوردستانیی پێیوایە؛ سەرەڕای ئەوەی یەک حکومەتی یەکگرتوومان هەیەو یەک پەرلەمانمان هەیە، هێشتا ئاسەواری بچووکی شەڕی ناوخۆ ماوە، بۆیە ئەو دەزگایانە یەکنەخراونەتەوە، لەبەرئەوە پێویستە هەردوو دیوانی چاودێری دارایی‌و هەردوو ئاسایش یەکبخرێنەوە».

## شۆڕش حاجی:

# نەخشەی رێگامان داناوە بۆ بەغدا

سازدانی: بەهادین یوسف

**شۆڕش حاجی، هەڵسوراوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان رایدەگەیەنێت؛ ئەوان بۆ دژایەتیکردنی هیچ حیزب‌و لایەنێک ناچنە بەغداو بەرگریی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن‌و کاردەکەن بۆ ئەوەی وێنەیەکی دیموکراسی‌و جوان‌و مەدەنیانەی هەرێم نیشانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق‌و دراوسێ‌و دەرەوە بدەن.**



**رۆژنامە: سروشتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنتان لەسەر چ بنەمایەکە؟**

* ئێمە دەمانەوێت بەشێوەیەکی زۆر هێمنانەو زۆر بە ئاشتیانەو بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆن‌و پاراستنی ئەمن‌و ئاساییش‌و بەشێوەیەکی مەدەنیانەو مۆدێرنانە بانگەشەی هەڵبژاردنەکەمان دەستپێبکەین.

**رۆژنامە: پێشبینی دەکەن وەکو (٧/٢٥) جۆرێک لە توندوتیژیی‌و ساختەکاریی دووبارەبێتەوە؟**

* ئومێدەوارین ئەوە نەبێت.

**رۆژنامە: ئەگەر روویدا ئێوە هەڵوێستتان چۆن دەبێت؟**

* ئێمە هەموو رێوشوێنێکمان داناوە بۆ ئەوەی کە ساختەکاریی نەکرێت، رێنمایی کۆمسیۆنمان لەجاری پێشوو باشتر خوێندووەتەوە، خۆمان باشتر ئامادەکردووە، ئەگەر ساختەکاریی بکرێت چاودێری باشمان داناوە، بریکاری باشمان داناوە، بەپێی یاساو رێنماییەکان هەوڵدەدەین رێ لەو ساختەکارییانە بگرین.

**رۆژنامە: ئەگەر کردیان، تاچەند کاریگەریی هەیە لەسەر یەکڕیزیی هێزە کوردییەکان لە بەغدا؟**

* ئەگەر کرا، ئێمە بەهەموو شێوەیەک رێگەی یاسایی دەگرینەبەرو هەوڵدەدەین بە کەمترین شێوە ساختەکاریی بکرێت، دەمێکە ئەوەمان وتووە، بەشێوەیەکی دیوکراسی، وێنەیەکی دیموکراسی زۆر جوان پیشانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق‌و دۆست‌و دوژمنەکانمان‌و دراوسێکانمان بدەین، ئومێدمان زۆرە هەردوو حیزبی دەسەڵات‌و حکومەتی هەرێم هەموو هەوڵێکیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو وێنە جوانە پیشانی خەڵکی دەرەوەو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بدەن، بۆ ئەوەی ناشرینتر نەبین لەبەرچاویان.

**رۆژنامە: ئەگەر روونتر بڵێین، ئەگەر لەحاڵەتێکدا دەسەڵات بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن توندوتیژیی‌و ساختەکاریی ئەنجامدا، ئەمە تاچەند کاریگەریی دەبێت لەسەر یەکهەڵوێستیی و پێکەوە کارکردنی لایەنە کوردییەکان لە بەغدا؟**

* ئێمە دەمێکە وتوومانە ناچینە بەغدا بۆ دژایەتیکردنی حیزبەکانی دەسەڵات، ناچینە بەغدا بۆ دژایەتیکردنی یەکێتی‌و پارتی، دەچین بۆ داکۆکیکردن لە مافی گەلی کورد، کێبڕکێی ئێمە یان کێشەو گفتوگۆکانی ئێمە بەرەورووی ئەوانە دەبێتەوە، کە دەیانەوێت مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان کەمبکەنەوە، یان پێشێلی بکەن، شەڕی ئێمە لەگەڵ ئەوانە نەک یەکێتی‌و پارتی، سەرجەم قەوارە سیاسییەکانی لەگەڵ بەغدا.

**رۆژنامە: کەواتە تائێستا پەیوەندییەکان لە ئاستی حیزبایەتی بوون، نەک نەتەوایەتی؟**

* بەڵێ ئێمە پێمانوایە.

**رۆژنامە: چی دەکەن بۆ راستکردنەوەی ئەمە؟**

* بەرنامەمان هەیە بۆ ئەوە، ئەو پەیوەندییەی ئێمەو داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان، لە بەغدا لەلایەن فراکسیۆنەکەمانەوە دەبێت، بە هەماهەنگیی کاروکردەوەکانی، لای خەڵک ئاشنابووە، رۆڵی ئەو فراکسیۆنەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لای هەموو خەڵکی کوردستان بەرزدەنرخێنرێت، ئەمانە کۆمەڵێک داهێنانیان داهێنا لە پەرلەمانی کوردستان، بەوەی زۆر بە وردیی چاودێریی دەسەڵات بکەن‌و زۆر بە وردیی چاودێریی حکومەت دەکەن، پرۆژەیاسا پێشکەش دەکەن، لەگەڵ ئێش‌و ئازارەکانی خەڵک دەژین لە شارەکان‌و لە گوندەکان‌و لەناو بازاڕ، دەچن سەردانی رەخنەکانی تۆزێک توندبکاتەوە، کۆمەڵێک ناوو ناتۆرەو تۆمەتی دەخەنەپاڵ، بەڵام ئەوە کاتی دەوێت تا لەوە تێبگەن کە دەکرێت ئۆپۆزسیۆن بیت‌و هیچ توانجێکیش قبووڵنەکەیت، هیچ پلارێک قبووڵنەکەیت‌و هیچکام لەو ناوانەی ئەوان لێتدەنێن نەچێتە ناو خانەی ئەو ناو و ناتۆرانەوە.

**رۆژنامە: گۆڕان وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز چی کردووە بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو پەیوەندییانە تا بگاتە بارێکی سروشتی؟**

کوردستان لە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڵێنمانداوە لەسەر هەموو مەسەلە چارەنووسسازەکان‌و هەر مەسەلەیەک پەیوەندیی بە دوارۆژی کوردستان‌و خەڵکی کوردستانەوە هەبێت، یەکدەنگ‌و یەکڕەنگ‌و یەکهەڵوێست دەبین، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئەو هاوکێشەیە قبووڵناکەین، کە لە بەغدا برا بین‌و لە هەولێرو کەرکوک‌و سلێمانی‌و دهۆک دوژمن بین، ئەگەر لە بەغدا برا بین دەبێت لە هەرێمیش برا بین.

**رۆژنامە: ئەو هێزەی ئێستا لە کوردستان ئۆپۆزسیۆنەو لە کوردستان لە دەسەڵاتدا نییە، ئەگەر لە بەغدا زۆرینەی نوێنەرایەتیی کورد بهێنێت هاوکێشە سیاسییەکان چی بەسەردێت؟**

* دەچینە بەغدا، بۆ ئەوەی ئێمە نوێنەرایەتیی راستەقینەی خەڵکی کوردستان بکەین، ئێمە دەمانەوێت لەوێ پرۆژەیاسامان هەبێت‌و بەرنامەی سیاسیی خۆمان پێشکەش بکەین، داوا لە حیزب‌و ئەو لایەنە سیاسییانەی دیکە بکەین پشتیوانیی لە ئێمە بکەن، ئەگەر یەکەم لیستیش نەبین لە بەغدا لە لیستە کوردستانییەکاندا، چەندەم لیست بین، ئەو بەرنامە سیاسییەی داماننناوە ئەوە جێبەجێدەکەین‌و هەموو هێزو توانای خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو بەرنامە سیاسییەو ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان بهێنینەدی.

**رۆژنامە: مەبەستم ئەوەبوو ئەگەر گۆڕان یەکەمی لیستە کوردییەکان بێت، بەڵام لە کوردستان ئۆپۆزسیۆنە، هاوکێشەکە چۆن دەبێت؟**

* پێموایە چوونی فراکسیۆنێکی بەهێزی وەکو گۆڕان بۆ بەغدا، دەبێتە زامنی پاراستنی ئاسایش‌و تەبایی‌و برایەتیی لە کوردستان، ئەگەر ئێمە لەوێ بەهێزبین، لە کوردستانیش ناچاریان دەکەین گوێ لە داخوازییەکانمان بگرن.

**رۆژنامە: ئەو دەستکەوتانەی بۆ کورد بەدەستیاندەهێنن، چۆن لە بەغدا دەیگوازیتەوە بۆ کوردستان، کە تۆ لە دەسەڵاتدا نەبیت؟**

* لە دەسەڵاتدا نین، بەڵام هەموو کاتێک لەناو پەرلەمانی عێراقدا، لەناو پەرلەمانی کوردستاندا پرۆژەیاسامان هەیە، چاودێریی حکومەت دەکەین، هەوڵدەدەین ئەو پرۆژەیاساو بەرنامە سیاسییەی هەمانە، لە پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی بۆ پەیدابکەین‌و وابکەین ببێت بە یاساو جێبەجێبکرێت، ئێمە دەمانەوێت ئەو کلتوورە بگۆڕین، دەمانەوێت هەماهەنگیی هەبێت لەنێوان نوێنەرەکانی کورد لە بەغداو پەرلەمانی کوردستان، ئەو پەیوەندییەی کە ئێستا هەیە لەنێوان حیزبەکانی کوردستان‌و کەسایەتییەکانی کوردستان لەگەڵ حیزب‌و کەسایەتییەکانی بەغدا، ئەو پەیوەندییە دەگۆڕین بە پەیوەندیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان، ئێمە دەمانەوێت ئەوە دابنێین کێ نوێنەری راستەقینەی خەڵکی کوردستانەو کێ لە بەغدا نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات، لێرەوە کێ ئاراستەی ئەو کەسانە دەکات.

**رۆژنامە: بەمە دەتوانن رێبگرن لە هەندێک سازشکردن، بۆ نموونە لیستێکی عێراقی یان بەغدا بیەوێت رێکەوتن لەگەڵ کورد بکات، تەنیا رای چەند کەسێکی بەس بوو، ئەوکاتە وای دایدەنا کە رەزامەندیی کوردی وەرگرتووە؟**

* دەچین ئەوە دەگۆڕین.

**رۆژنامە: چۆن دەبنە چاودێرێکی بەهێز؟**

* بەدڵنیاییەوە لە بەغداش چاودێرێکی دیکە دروستدەبێت‌و هەوڵدەدەین هەماهەنگیی هەبێت لەنێوان نوێنەرەکانی خەڵک لە پەرلەمانی کوردستان‌و نوێنەرەکانیان لە بەغدا.

**رۆژنامە: باسی ئەوەتکرد ئێوە بەرنامەی جیاوازتان هەیە، لەماوەی چوارساڵی رابردوودا سەرکردایەتی کورد پەیوەست بووە بە کۆمەڵێک چوارچێوەی دەستووریی لە عێراقدا بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی هیچ ئەلتەرناتیڤی نەبووە، ئێوە نەخشەرێیەکتان داناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد؟**

* ئێمە نەخشەی رێگامان داناوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانەی نێوان هەرێم‌و بەغدا لە بانگەشەی هەڵبژاردنیش باسیدەکەین.

**رۆژنامە: ئێستا کە بانگەشە دەستپێکردووە، بە خوێندنەوەیەکی واقیعی دەتوانیت پێمان بڵێیت لیستی گۆڕان ئەمجارە قەبارەی چۆن دەبێت؟ وەکو دەوترێت پاشەکشەی کردووە؟**

* من دەیبینم کە لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا باشتر دەبێت لە قەبارەی (٧/٢٥)، کۆمەڵێک فاکتەر یارمەتیدەرن بۆ ئەو گەشبینییەی ئێمە، جگە لە هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک، کەرکوکیش بەشداریدەکات‌و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی سنووری موسڵ‌و دیالەو تکریت بەشداریی دەکەن، ژمارەیەکی زۆر خەڵکمان کاندیدکردووە لە بەغدا، کوردەکانی دەرەوە بەشداریی لەو هەڵبژاردنە دەکەن کە پێمانوایە؛ بەشداریکردنی ئەوان لە هەڵبژاردنەکە تای تەرازووی پارسەنگەکە، ئەگەر ساختەکاریش بکرێت رەنگە راستی بکاتەوە.

**رۆژنامە: هەر ئەو فاکتەرانە هەیە؟**

* جاری یەکەم کە ئێمە لیستی گۆڕانمان راگەیاندو چووینە پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەوکاتە شتێکی نامۆبوو هەموو خەڵک گۆڕانی نەدەناسی، ئێستا گۆڕان بووەتە گرووپێک، بووەتە بزووتنەوەیەک کە بەرنامەکەی، دیدو بۆچوونەکانی، خەڵک دەکەن‌و کێشەکانیان دەبەنەوە بۆ پەرلەمان‌و گفتوگۆی لەسەردەکەن. پێموایە ئەمە تین‌و تەوژم دەداتەوە بە بزووتنەوەی گۆڕان، ئەوانەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەو پڕوپاگەندەیەی کە گوایە لیستی گۆڕان (٣-٤) کورسی دەهێنێت‌و بچن یان نەچن بۆ دەنگدان هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت، من پێموایە رێژەیەکی زۆر لەو خەڵکانە کە نەچوون بۆ دەنگدان، ئەمجارە بەخۆشحاڵییەوە دەچن بۆ دەنگدان، چونکە دەزانن دەنگەکانیان جێدەگرێت.

**رۆژنامە: بەخوێندنەوەی ئەو ماوەیەی رابردوو، پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات چۆن دەبینیت، پەیوەندییەکە تەندروستە یان نا؟**

* بەداخەوە تائێستا پەیوەندییەکی تەندروست لەنێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات دروست نەبووە، پەیوەندییەکی تەندروست لەنێوان یەکێتیی نیشتمانی‌و پارتی دیموکرات‌و بزووتنەوەی گۆڕان دروستنەبووە، پێموایە ئەمە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ئۆپۆزسیۆن لەناو کوردستان ئەزموونێکی تازەیەو تائێستا ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی حیزبەکاندا قەتیس مابوو، هەرکەسێک لەناو حیزب کە ئۆپۆزسیۆن بووبێت ماوەیەک رەخنەبگرێت‌و

* ئێمە لە هەموو راگەیاندنەکاندا ئەوەمان ئاشکراکردووە، کە ئێمە دەرگامان ئاوەڵایە، مامەڵە لەگەڵ هەموو حیزب‌و لایەنەکان بکەین، بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانیشەوە، ئێمە وتوومانە ناواقیعبین نین، ئێمە دەزانین یەکێتی‌و پارتی واقیعن‌و خاوەنی دەیانساڵ خەباتن، ئەوان یەکێکیان (٢٩)و ئەویتریان (٣٠) کورسی هەیە لە پەرلەمانی کوردستان‌و ئەندام‌و کادیرو لایەنگریان هەیە، هەوڵدەدەین مامەڵەیەکی واقیعییانەو سرووشتییانە لەگەڵ ئەواندا بکەین، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەوان نەکەوتوونەتە ژێر باری ئەوەوە کە ئەو مامەڵە واقیعبینییە لەگەڵ ئێمە بکەن.

**رۆژنامە: ئێوە هەر دەرگاکان دەکەنەوە یان هەنگاویشتاننناوە؟**

* ئێمە دەرگاکانمان کردووەتەوەو هەنگاویشمان ناوە، فراکسیۆنەکەمان لەناو پەرلەمانی کوردستاندا زۆر تەندروستانە لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکە لەگەڵ پەرلەمانتارانی هەموو حیزبەکان لە لیژنەکان بەیەکەوەن، تاووتوێی بابەتەکان دەکەن‌و لەشتی باش دەستخۆشییان لێدەکەن‌و لە شتە خراپەکان رەخنەیان لێدەگرن، ئێمە پێمانوایە لەناو پەرلەمانی کوردستان جۆرێک لەو پەیوەندییە دروستبووە، لەنێوان فراکسیۆنەکەی ئێمەو فراکسیۆنەکانی دیکە.

**رۆژنامە: پەیوەندییەکان لەناو پەرلەمان دەمێنێتەوە یان لە دەرەوەش ئەوکارە دەکەن؟**


* بەداخەوە ئەو پەیوەندییە لە دەرەوەی پەرلەمان رەنگینەداوەتەوە.

**رۆژنامە: ئێوە بۆ هەنگاونانێن؟**

* ئێمە هەنگاومانناوە، ئێمە داوامانکردووەو رامانگەیاندووە، بەڵام ئەوان لە دەسەڵاتدان دەبێت ئەوان ئەوکارە بکەن، پێچەوانەی ئەوەی بەدەنگ ئێمەوەبێن، نانی خەڵک دەبڕن لەبەرئەوەی دەنگی بە گۆڕان داوە، خەڵک دووردەخەنەوە لە وەزیفەکەی‌و پلەی دادەگرن، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەکەنەوە مامۆستا، پێموایە تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەواندایە نەک ئێمە.

**رۆژنامە: هەستناکەیت دوای (٧/٢٥) دەسەڵات نەکەوتووەتەوە کارو تائێستا هەر لە کاردانەوەدایەو سەیردەکات بزانێت گۆڕان چ کارێک دەکات ئەو کاردانەوەی هەبێت؟**

* کارەکانی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان چاودێریکردنی حکومەتەو دەبێت ئۆپۆزسیۆن هەروابێت، ئێمە لە دەسەڵات نین، تا بەرنامەی کاری خۆمان جێبەجێبکەین.



**- بۆ دژایەتی هیچ حیزب و لایەنێک ناچینە بەغدا، دەچین بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کوردستان**

**- چوونی فراکسیۆنێکی بەهێزی وەکو گۆڕان بۆ بەغدا، دەبێتە زامنی پاراستنی ئاسایش و تەبایەتی و برایەتی لە کوردستان**

## سەلام عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی (٤)ی پارتی:

# بەرپرسەکانمان لەبەغدا، کەمتەرخەمبوون

سازدانی: دلێر عەبدولخالق

**لە دیدارێکی رۆژنامەدا، سەلام عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی ئاماژە بەتێڕوانیی حیزبەکەی دەکات لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانو پێیوایە؛ پارتی لەریزبەندی یەکەمی هێزدا دەمێنێتەوە، بەڵام لەبارەی ریزبەندی هێزەکانی دیکەی کوردستانو بەتایبەت هێزی دووەم، ناوبراو تەحەفوز دەکاتو تەنیا ئەوە دەڵێت: «ئێستا سێ هێزی سەرەکیی لەهەرێم هەیە، ئەوانیش: پارتیو یەکێتیو گۆڕانن». بەبڕوای سەلام عەبدوڵڵا؛ پێویستدەکات کورد لەعێراقی ئایندەدا پێش ئەوەی پێ لەسەر وەرگرتنی پۆست دابگرێت، جەخت لەسەر جێبەجێکردنی داخوازییو مافەکانی میللەتەکەی بکاتەوە، چونکە وەک ئەو وتی: «کێشەی کورد لەعێراق کێشەی پۆست نییە، هەروەک لەڕابردووشدا دەرکەوتووە پۆستەکانی کورد هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نەبووە».**



## ١٠ ساڵ لە سلێمانی غایب بووین

**رۆژنامە: روئیای پارتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چۆنە؟**

* ئەم هەڵبژاردنە بە مەسەلەیەکی چارەنووسساز دەزانین، چونکە خەباتی ئەمرۆ خەباتی شاخو چەکداریی نەماوە، بەڵکو خەباتی کاری پەرلەمانییە، مادام ئێمە قبوڵی ئەو گەمە پەرلەمانییەمان کردووە لەگەڵ بەغدا، پێویستە هەوڵبدەین ئامادەبوونی کورد لە پەرلەمانی عێراق دیارو بەرچاو بێت، واتە بەجدیی دوای ئەم مەسەلەیە بکەوینو بەشدارییەکی جدیی بکەین.

**رۆژنامە: سیستمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نیمچە کراوەیە، واتە جەماوەری حیزبەکان لەتەک دەنگدان بە لیستەکان، دەتوانن دەنگ بەکاندیدی حیزبەکانیش بدەن، بەمەش قەبارەی راستەقینەی هێزەکان دەردەکەوێت، ئەنجامی دەنگەکان کاریگەریی لەسەر رێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان ئێوەو یەکێتی نابێت؟**

* لەگەڵ یەکێتی رێککەوتننامەی ستراتیژیمان هەیە، ئەم رێککەوتننامەیە بەندی وای تێدانییە، ئەگەر لایەنێک لەلایەنەکان دەنگی زیاتری هێنا بەشێوەیەکی دیکە مامەڵە بکات، هەروەکچۆن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە حسابی ئەوەمان نەکرد دەنگەکانی یەکێتی لەسلێمانی چۆن بوو، هەرچەندە دەرکەوت زۆرینەی دەنگی گۆڕان لە سنووری سلێمانی بوو، ئەمەش کاریگەریی گەورەی کردە سەر دەنگەکانی برایانی یەکێتی.

**رۆژنامە: لەژێر رۆشنایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو ئەو هەڵبژاردنەی بەرێوەیە، پێشبینیت بۆ ریزبەندی هێز لەهەرێمدا چۆنە؟**

* پێمانوایە، پارتی دیموکراتی کوردستان بەمێژوویەکی دوورو درێژی خەباتو ئەزموونی شاخو ئیدارییدا تێپەڕیوەو دەتوانێت یەکەم هێزبێت، هەرچەندە تا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەرنەچێت ناتوانی دڵنیایی تەواو لەوبارەیەوە بدەیت، بەنموونە سۆسیال دیموکراتەکانی سوید (٤٤) ساڵ حوکمیان کرد، کەچی لەپڕێکدا لە هەڵبژاردنی (١٩٨٢) بۆرژوازییەکان بردیانەوە. لەبارەی ریزبەندی هێزی کوردستان، دیارە کە ئێستا سێ هێزی سەرەکیی هەیە، ئەوانیش پارتیو یەکێتیو گۆڕانن.

**رۆژنامە: پێتانوایە لەو ململانێیەی دروستبووە، لەنێوان لیستی هاوپەیمانیو گۆڕانو چەند حیزبێکی دیکەدا دەتوانن سەرکەوتووبن؟**

* گرنگترین شت ئەوەیە، ئێمە ئۆپۆزسیۆن بین، یان دەسەڵات دەچینە هەڵبژاردنەوە، دەمانەوێت بیسەلمێنین بۆ دنیا میللەتێکی ئاشتیخوازو ئازادیخوازینو کۆمەڵگەی دیموکراتیی دروستبکەین، کۆمەڵگەی دیموکراتیش بە ئاژاوەنانەوەو فەوزا دروستنابێت، بەڵکو بە رێزگرتن لەبیروڕای یەکترو هاوکاریی یەکتر دروستدەبێت، دەمانەوێت پرۆسەکە بەهێمنیی بەڕێوەبچێتو زیادەڕۆیی لە پشتگیریکردندا نەبێت، ئێمە قبوڵمانە ئۆپۆزسیۆن هەبێت، دەبێت ئەوانیش قبوڵیان بێت دەسەڵات هەبێت، هەروەک خوازیارین لەو ململانێیە سەربکەوین، بەسەر هەموو لایەنەکانی دیکەداو ئێمە زۆرترین دەسەڵاتمان هەبێت.

**رۆژنامە: هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستیپێکردووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت پۆستەرو ئامرازەکانی بانگەشە بۆ پاڵێوراوانی پارتی لەناو لیستی هاوپەیمانی لەسنووری پارێزگای سلێمانی زۆر کەمە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

* بەڵێ ئێمەش گلەییمان هەیە، هۆکارەکەشی پەیوەندیی بەخۆمانەوە هەیە، چونکە پۆستەرو بابەتەکانی دیکە درەنگ گەیشتوون، کە دەبوو پێشوەخت بۆمان بهێنرایە، واتە مەسەلە تەکنیکییەو کێشەکە لەخۆمانو ئالیاتی بەڕێوەبردنی کەمپینەکە.

**رۆژنامە: وەک بەرپرسی لقی پارتی لەسلێمانی، پێشبینی بەدەستهێنانی چەند کورسیی دەکەیت لەسنووری پارێزگەکەتان؟**

* خوازیارین (٣-٤) کورسی بهێنن، ئەمەش بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستمانەو بەگوێرەی ژمارەی ئەو هەوادارانەی لەم پارێزگایە هەمانە، رەنگە لایەنی هاوپەیمانیشمان زیاتر لەئێمە بهێنێت، چونکە ئەوان دەمێکە لێرە ئامادەن، بەڵام ئێمە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە (١٠) ساڵ لەسلێمانی غایب بووین.

**رۆژنامە: دوای هەڵبژاردنەکانو لەبارەی وەرگرتنی پۆست لەعێراقی ئایندەدا، بە رای تۆ کورد ئەمجارە پێ لەسەر وەرگرتنی پۆست دابگرێت، یاخود لە چەسپاندنی زۆرینەی مافە نەتەوەییەکانی؟**

* پێموانییە پۆست بەتەنیا گرنگ بێت، چونکە زۆر پۆستی گرنگمان لەبەغدا هەبوو، بەڵام ئامانجی باشی نەبوو، گرنگ سووربوونە لەسەر چەند مەسەلەیەکی گرنگ بەلای کوردەوە، لەوانە: «گەڕانەوەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان، سوودوەرگرتن لە سامانە سروشتییەکانی ناو کوردستان، وەک: نەوتو غاز، ئامادەبوونی پێشمەرگەو حسابنەکردنی بەمیلیشیا، ئامادەبوونی کورد لەبواری دیبلۆماسیو نوێنەراتیکردنی عێراق لەدەرەوە»، وەرگرتنی پۆست، ئینجا سەرۆک کۆمار بێت، یان سەرۆک وەزیر، یاخود هەر وەزارەتێکی دیکە، ئەگەر دەسەڵاتی تێدانەبێت، لەو رێگەیەوە نەتوانی هیچ کارێک بۆ میللەتەکەت بکەیت!.

**رۆژنامە: پێتوایە لەڕابردوودا، کورد لەعێراق بەهۆی پۆستەوە، سازش یان جۆرێک لە نەرمییان نواندبێت لە بەدەستهێنانی مافەکانی کورددا؟**

* ناتوانم بڵێم سازش، بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی وەکو میللەتێک پێشتر پۆستی سیادیمان نەبووە، زۆر حەزمانکردووە پۆستی سیادی وەربگرین، هەروەک دەریشکەوت ئەو پۆستانە هێزێکی ئەوتۆی لەپشتەوە نییە، کە توانای چارەسەرکردنی مەسەلە چارەنووسسازەکانی هەبێت، راستە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ یەکەمجار لەلایەن کوردێکەوە لەعێراق نموونەیەکی مێژووییە، بەڵام سەرۆکایەتیی کۆمار لیژنەیەک بووە لە کوردو شیعەو سوننە. مەبەستمە بڵێم؛ پێویستە لەئاییندەدا مەسەلە چارەنووسسازەکان پێش پۆست بخەین، کێشەی کورد کێشەی پۆست نەبووە، پێش ئەم حکومەتانەش تەنانەت لەزەمانی مەلیکدا زۆر پۆستی سیادیی گەورە هی کورد بووە، لەوانە وەزیری ناوخۆ، سەرۆک ئەرکانی سوپا، سەرۆکی دیوانی مەلیکی، زۆربەی قائید فیرقەکان، پارێزگارەکان کورد بوون.

دوای رووخانی رژێم لەساڵی ٢٠٠٣دا مادەی (١٤٠) هەر رۆژەو بەبیانوویەک دوادەخرێت، ئەگەر بەرپرسەکانمان لەبەغدا، نوێنەراکانمان لەبەغدا جەختیان لەسەر بکردایەتەوەو ئەوەیان بکردایەتە مەسەلەی جەوهەریی، نەک پلەو پۆست، بێگومان زووتر چارەسەری کێشەی کەرکوکو ناوچەجێناکۆکیەکانی دیکە دەکرا، نەک ئێستا تازە لە قۆناغەکانی سەرەتادایینو خەریکی ئەوەین چۆن کەرکوک بگەڕێنینەوە سەر هەرێم.

بەدیوێکی دیکەیشدا دوای رووخانی رژێمی بەعس بۆ کورد گرنگ بوو، کە چووینە بەغدا پۆستی گرنگی وەک سەرۆک کۆمار، یان پۆستەکانی دیکەمان هەبێت، هەروەک ئەوە سوودی لێبینراوە بۆ وڵاتانی دەرەوە، کە لەلایەک کورد دەتوانێ پۆستی سیادیی بەڕێوەبەرێت، لەلایەکی دیکەیشەوە چەندین وڵاتی گرنگ بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لەو نومایندانە کردووە.

**رۆژنامە: کەواتە دەکرێت بڵێین؛ ئەگەر بۆ ئایندە کورد پۆستی گرنگیش لەعێراق وەرنەگرێت، مانای شکست نییە، بەڵکو رەنگە قەرەبووی بەشێک لە شکستەکانیشی بکاتەوە؟**

* مەسەلە گرنگەکانی کورد لەڕێی ئەندامانی پەرلەمانەوە دەکرێن، لەوێ یاسا دادەڕێژرێت، لەوێ مەسەلەکان تاووتوێو چارەسەردەکرێن، ئەگەر ئەو نوێنەرانەی لەئایندەدا دەچنە ئەنجومەنی نوێنەران، بەجدیی پێ لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان دابگرنو بیخەنە بەرنامەی خۆیان، بێگومان کاریگەریی دەبێت، هەرچەندە کە تۆ رێککەوتن لەگەڵ وڵاتێک دەکەیت دەبێت ئەویش بەشێک بێت لەچارەسەر، بەڵام ئەگەر ئەو نەیکرد دەبێت خۆت بیکەیت، بۆیە لەو مەسەلەیەدا دەتوانم بڵێم؛ کورد کەمتەرخەم بووە، هیوادارم نوێنەرانی داهاتووی کورد، ئەو بوارە جەوهەرییانە بکەنە کرۆکی بابەتە گرنگەکانی ناو پەرلەمانو پشتیگریی بۆ پەیدابکەن.

## - خوازیارین لە سلێمانی (٣-٤) کورسی بەدەستبهێنین

## - کۆمەڵگەی دیموکراتی بە رێزگرتن لە یەکترو هاوکاریکردن دروستدەبێت

## - پارتیو یەکێتیو گۆڕان سێ هێزی سەرەکیی کوردستانن

## پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێم لەدوای (١٨)ساڵ حوکم

# دبلۆماسیەتی حیزبیی ... لۆبی بێهێز ...دەبڵ نوێنەریی

راپۆرتی: هەستیار قادر

**لەدوای (١٨) ساڵ لە حوکمڕانیی، تائێستا نوێنەرایەتی هەرێم لە دەرەوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێتو ئاگایانی بارودۆخەکەش ئاماژە بە نەبوونی لۆبی کورد و پەیڕەوکردنی دبلۆماسیەتی حیزبییو بنەماڵەییو دانپیانەنانی نوێنەرایەتی کورد دەکەن لەلایەن بەغداوە**

### ئەوان گۆڵیان زیاترە

تائێستا (١٦) نوێنەرایەتی وڵاتانی بیانیی لە هەرێمی کوردستاندا هەن، کە لەسەر ئاستەکانی قونسوڵی گشتییو فەخریو ئۆفیسی باڵیۆزخانەکانو نووسینگەی بازرگانیدا دابەشبوونو تێکرای پرۆسەی رێکخستنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لەڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمەوەیە لەساڵی (٢٠٠٨)دا یاسای بۆ دەرچووەو پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بەڕێوەبەری ئەو دەزگایەش بە پلەی وەزیرەو بەم دواییەش دیندار زێباری رێکخەری کاروباری حکومەتی هەرێم لە نەتەوە یەکگرتووەکانو فەرمانگەکەی خرایە سەر فەرمانگەی پەیوەندییە دەرەکییەکان.

کـاروان جەمال تاهیر، جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەئێستادا نوێنەرایەتی رەسمیی حکومەت لە ئەمریکاو بەریتانیاو ئێرانو ئەڵمانیاو ئیتالیاو ئوستورالیاو ئیسپانیا هەنو بڕیاریشە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە (١٠) وڵاتی دیکەش نوێنەرایەتی بکرێتەوە».

ئەگەر بە لۆژیکی ماتماتیکی لێکیبدەینەوە لە بەرامبەر بوونی نوێنەرایەتی (١٦) وڵاتی بیانیی لەناو هەرێمدا، تائێستا (٧) نوێنەرایەتی هەرێم لە وڵاتانی دەرەوە هەیە، ئەمەش پرسیار لەسەر ئەدای دەرەکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم دروستدەکات، کە لەپاش (١٨) ساڵ حوکمڕانیی ناهاوتا مامەڵەی لەگەڵ کاردانەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا کردووە.

یەکێک لەو رەخنانەی دیکە، کە ئاراستەی هەرێم دەکرێت نەبوونی نوێنەرایەتییە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، وەک یەکێک لە پانتاییە فراوانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە رۆڵی هەرێمیی باڵایان لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقو ناوچەکەشدا هەیەو لەم بارەیەشەوە، کاروان جەمال تاهیر ئاماژە بەوە دەکات؛ کە حکومەتی هەرێم لە بەرنامەیدایە نوێنەرایەتی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بکاتەوەو دەڵێت: «لەئێستادا هەوڵدەدەین نوێنەرایەتی لەو وڵاتانە بکەینەوە، کە رەوەندی کوردی تیایە».

### لۆبی کوردیی، یان لۆبی حیزبیی

سەرەڕای بوونی نزیکەی یەک میلۆن رەوەندی کوردی هەرێم لە وڵاتانی دەرەوە، بەتایبەت لە وڵاتانی ئەوروپا، تائێستا رەوەندی کورد وەک بێهێزترین لۆبیو جالیە لـەدەرەوە پیشاندەدرێتو پرسیاری ئەوە دەکرێت؛ کە بۆ تائێستا کورد جالیەو لۆبییەکی بەهێزی نییە؟

ئامانج عەبدوڵڵا سکرتێری دەستەی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان، لە وەڵامـی ئـەم پرسیارەدا پێیوایە؛ تائێستا کورد لە دەرەوە لۆبی نییەو وەک جالیە نەناسراوەو دەسەڵاتی کوردیی شتێکیان نەهێشتووەتەوە، کە ناوی نیشتمانپەروەریی بێت لەنێو رەوەندە کوردەکانی دەرەوەو تائێستا بەرپرسە باڵاکانی هەرێمیش هەستیان بەو مەترسییە نەکردووە، ئەو ئاماژە بەجۆرێک لە گرنگینەدانی حکومەتی هەرێم دەدات بە رەوەندی کورد لەدەرەوە، بەتایبەت لە کەیسە هەستیارەکە، ئەویش دیپۆرتکردنەوەی رەوەنـدی کـوردە بۆ هەرێم، دەڵێت: «ئـەوەی بە پەنابەری کورد دەکرێت، لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە کەموێنەیەو دژ بە پەیماننامەی جنێڤی مافەکانی مرۆڤە».

بەڵام کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێم پێیوایە؛ دروستکردنی لۆبی کورد لە دەرەوە کارێکی ئاسان نییەو دەڵێت: «دامەزراندنی لۆبی سویچێک نییە بیکەیتەوە، تا دروست بێت، هەوڵی زۆری دەوێت».

گرنگینەدانی حکومەتی هەرێم بە رەوەندی کورد لە دەرەوە، هەندێکجار وا شرۆڤە دەکرێت، کە پەیوەندیی بە هەڵوێستو تێڕوانینی رەوەندە کوردەکانەوە هەیە بۆ دەسەڵاتی ئێستای سیاسیی لەهەرێمو بەوپێیەش، کە زۆربەی رەوەندی کورد بەپاڵنەری بارودۆخی ناجێگیری ئابووریيو سیاسیی هەرێمەوە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، رێگەی نە مردنو نە ژیانیان گرتەبەر بۆ وڵاتانی دەرەوە، ئەمەش جۆرێک لە بونیادی فیکری ناڕەزاییو ئۆپۆزسیۆنبوونی لا دروستکردوونو بە بەراوردکردنی بارودۆخی هەرێم لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لێی نیشتەجێن.

ئامانج عەبدوڵڵا، ئاماژە بـەوە دەکـات؛ ئەو کوردانەی چوونەتە دەرەوەی وڵات، تائاستێکی باش رۆشنبیرییان هەیەو هەست بە لایەنە سلبییەکانی حکومەت دەکەنو ئیرادەیان ملکەچ نەکردووە بۆ خواستی دووحیزبی دەسەڵاتداری هەرێم.

### دەبڵ نوێنەر.. دبلۆماسییەتی حیزبیی

دەرهاویشتەکانی شەڕی ناوخۆو مۆتەکەی دووئیدارەیی هێشتا لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە وڵاتانی دەرەوە مـاوەو لەهەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا، کە نوێنەری رەسمیی حکومەتی تیا نییە دوو نوێنەرایەتی حکومەت هەیە، (یەکێتیو پارتی)، یان لە هەندێک باردا نوێنەرایەتی حیزبەکان لەبری حکومەت پەیوەندیی دەبەستنو مامەڵە دەکەن.

کـاروان جەمال تاهیر، جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکومەتی هەرێم، ئاماژەی بەوەدا؛ کاتی خۆی دووئیدارەیی هەبووەو هەردوولا نوێنەری خۆیان لە وڵاتانی دەرەوە هەبووە، بەڵام بە وتەی ناوبراو ئەو دیاردەیەیان کەمکردووەتەوە، وتیشی: «رێنادرێت حیزبەکان بەناوی حکومەتەوە مامەڵە بکەن، یان پەیوەندیی بە وڵاتانەوە بکەن».

زاڵبوونی روخساری حیزبیی بەسەر ئۆرگانە رەسمییە دەرەکییەکانی هەرێمدا لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا عورفێکی دیکەی هێنایە کایەوە، کە ئەویش دبلۆماسیەتی حیزبیی بوو، کە جێگەی دبلۆماسیەتی رەسمیی حکومیی گرتەوە، زەقترین نموونەش بۆ بوونی ئەو دیـاردەیـەو کارکردن بە لۆژیکی دبلۆماسیەتی حیزبیی لە پەیوەندیکردن بە وڵاتانی دەرەوە، چوونی وەفدی حیزبە کوردستانییەکان بوو لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بۆ هەریەک لە تورکیاو ئێران، بە مەبەستی راگرتنی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم لەلایەن ئەو دوو وڵاتەوە، کە دەبوو لەبری وەفدی حیزبیی وەفدی رەسمیی حکومیی ئەو ئەرکەی بە جێبهێنایە.

کاوە مەحمود ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ناردنی ئەو وەفدە بە رەزامەندیی سەرۆکی هەرێمو سەرکردایەتی سیاسیی کورد بووەو چوونیانو قسەکردنیان وەک نوێنەری هەرێم بووە، نەک حیزب، بەڵام پسپۆڕێکی مێژوویی پێیوایە؛ دبلۆماسیەتی کوردی لەدەرەوە ئەوەندەی پەیوەندیی بنەماڵەییو شەخسیو حیزبیی بووە، ئەوندە پەیوەندییەکی هەرێمیی نەبووە.

یاسین سەردەشتی مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە؛ کە تائێستا دبلۆماسیەتی کوردی نییەو ئەوەی ئێستا هەیە لەسەر ئاستی دبلۆماسیەتی شەخسیو حیزبییەو دەشڵێت: «دەبێت بپرسین، کە ئامانجی دبلۆماسیەتی کوردی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی کوردیی بووە، یان بۆ بەهێزکردنی هێزی بنەماڵەیەکی دیاریکراو بووە لەبەشێکی دیاریکراوی هەرێمدا؟ ئایا کەسانی پسپۆڕ لە بورای دبلۆماسیدا ئەو ئامرازەیان بەڕێوەبردووە؟ یان زیاتر پەیوەندییەکان وابەستەییبوون لەنێوان هێزێکی بچووکی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر؟ کە بێگومان وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بە نەرێنیی دەبێت».

ئەو پسپۆڕە مێژووییە نەبوونی دبلۆماسییەتێکی بەهێزی دەرەکیی کورد دەبەستێتەوە بە کێشە ناخۆییەکانی هەرێمەوەو دەڵێت: «ئەگەر لەسەر ئاستی ناخۆی هەرێمدا خـاوەنـی دەســەڵاتو حکومەتی یەکگرتوو دامەزراوە نەبێت، ئەگەر کێشەت لە ئاسایشو دادگـا هەبێت، چۆن لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا سەرکەوتن بەدەستدەهێنیت؟ پەیوەندییە دبلۆماسییەکانیش ئاوێنەی پەیوەندەییە ناوخۆییەکانن».

### نوێنەرایەتی دەرەوە کێشەیەکی دیکەی هەولێرو بەغدا

کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا تەنیا بە نەوتو (١٤٠)و دەسەڵاتەکانی هەرێمو پێشمەرگەو بودجەوە نەوەستاوەو پەلی کێشاوە بۆ ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکانیش، بەوپێیەی تائێستا هەماهەنگیو پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان باڵیۆزخانەکانی عێراق لـەدەرەوەو نوێنەرایەتییەکانی هەرێمدا نییەو هەندێکجاریش دەچێتە قاڵبی دانپیانەنانەوە.

هەرچەندە بەپێی بڕگە چواری مادەی (١٢١)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئاماژە بەوە دراوە؛ کە بۆ هەرێمو پارێزگاکان هەیە، نووسینگەی خۆیان لەناو باڵیۆزخانەکانی عێراقو لە دەرەوە هەبێت، بۆ بەدواداچوونی کاروباری رۆشنبیرییو کۆمەڵایەتیو بووژاندنەوە، بەڵام تائێستا نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لە دەرەوەی چـواردیـواری باڵیۆزخانەکانن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٨)دا یاسای خزمەتی دەرەکیی گەڵاڵە کرد، کە تیایدا لیستی هاوپەیمانیی نەیتوانی لەناو دەقی یاساکەدا جێی مافی نوێنەرایەتییەکانی بکاتەوە، تەنیا لە پاشکۆی یاساکەدا داوا کرا، کە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق یاسایەک سەبارەت بە رێکخستنی کاروباری نوێنەرایەتی هەرێمەکان رێکبخاتو تائێستاش ئەو یاسایە لەلایەن حکومەتی بەغداوە رێکنەخراوە.

بوخاری عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بوونی ئەو کێشانەی پشتڕاستکردەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «حکومەتی ناوەندی خوێندنەوەی جیاوازی هەیە بۆ دەستوور، هەندێک پێیانوایە؛ دەکرێت هەرێمو پارێزگا نارێکخراوەکان لەچوارچێوەی هەرێمیشدا نوێنەرایەتی بازرگانییو کەلتوورییان لەناو باڵیۆزخانەکانی دەرەوەی عێراقدا هەبێتو هەندێکی دیکەش پێیانوایە؛ ئەوە ناکرێت»، وتیشی: «کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتـی دەرەوەو حکومەتی عێراقیی، کە کەمتەرخەمانەو بە مەبەست هەڵنەستاون بەجێبەجێکردنی یاسای خزمەتی دەرەکیی».

ئەگەرچی سـەردانـی بەرپرسانی رەسمیی هەرێم بۆ وڵاتانی دەرەوە وەک بەشێکی سەربەخۆ لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی عێراق پیشان دەدرێت، بە وتەی بوخاری عەبدوڵڵا؛ چوونە دەرەوەی هەر شاندێکی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە لەڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە، دەکرێت ئەوان پێشتر لێی ئاگاداربنو پرۆتۆکۆڵەکان ئیمزا بکەنو رێگەیان پێبدرێت، ئەوکاتە سەردانەکە ئەنجامبدەن».




---



## بە کورتی

عەدنان عوسمان*

# گرنگی بەغدا بۆ فراکسیۆنی گۆڕان

دەکـرێـت لە چەند دیوێکەوە بنوارینە دروستبوونی فراکسیۆنی گـۆڕان لە بەغدا، لـە رووی سیاسییەوە کـە ئەمە چەندە پێویست و گرنگە بۆ داهاتووی سیاسیمان، بۆ ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم و ناوەند بە ئاراستەی کرانەوەو خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان، چارەسەرکردنی کێشە هەستیارو موزمنەکان. هەروەها لە رووی مەعنەوییەوە کە ئـەم سەرکەوتنە چەندە گرنگە بۆ خودی بزووتنەوەی گۆڕانو ئایندەو پلانی داهاتووی، ئەمانە هەموو دیوی گرنگی سەرکەوتنی چـاوەڕوانـکـراوی گۆڕانە لەم هەڵبژاردنەدا، بەڵام من لێرەدا دەمەوێت بە کورتی تەنیا لەسەر دیوێک قسەبکەم، کە پێموایە خاڵێکی زۆر هەستیارەو پێویستە هەموو گۆڕانخوازو سەربازانی ئازادیی و کۆمەڵگای مەدەنیی لێی وردببنەوە. ئەو خاڵە پەیوەستە بە پێویستبوونی فراکسیۆنێکی گۆڕان لە بەغدا لە روانگەی ئیش و کارو پاشەڕۆژو کارایی فراکسیۆنی گۆڕانەوە لە کوردستان.

بوونی فراکسیۆنێکی کارامەو پتەوی گۆڕان لە پایتەختی فیدراڵی، بێشک گرنگییەکی کەموێنەی دەبێت بۆ ئێمەی پەرلەمانتارانی هەرێمو پاڵپشتێکی بەهێزمان دەبێت لە راپەڕاندنی کارەکانو هەماهەنگی لە پرسە چارەنووسسازو بایەخدارەکاندا.

ئێستا هەموومان ئەو واقعە سەیرە دەزانین، هەموو ئاگاداری شێوازی کارکردنی نوێنەرانی کوردین لە بەغدا، ئاگاداری ئەو حاڵەتە سەیرەین کە کەمترین پەیوەندییو تەنانەت یەکتر بینین هەبووە لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە بەغدا، بەڵکو لە راستیدا دابڕانێکی سەرسوڕهێنەر لە نێوان هەردوولادا هەبووەو خۆمان لە دوا سەردانماندا بۆ بەغدا لە نزیکەوە ئەو بۆشاییە گەورەیەمان بینی. کورد وتەنی هەریەکە لە دۆڵێک و بێئاگا لەیەک کاریان دەکرد. ئەمەش بە زیانێکی گەورە بۆ سەرجەم پرسە گرنگەکانی کورد شکایەوە لە هەموو رووەکانەوە، زەرەرمەندی سەرەکیش خەڵکی کوردستان بوون، چ لە دیوی سیاسیی و چ لە دیوی ئابووریی و ئاوەدانییەوە.

دروستبوونی فراکسیۆنێکی بەهێزی گۆڕان لە بەغدا، هەموو هاوکێشەکان دەگۆڕێت، بەرەیەکی نوێ دژ بە گەندەڵیی و مەزاجیەت و تاکرەویی و پەنجەرەیەکی دیکەش لە رووی کارکردن بۆ باشترکردنی ئاستی گوزەران و ژیانی خەڵکی کوردستان دەکرێتەوە. ئێمە ئێستا دەزانین زۆر پرسی گرنگ ساتو سەوداکەی لە بەغدایە. سەرەکیترین ئەو مەسەلانە پشکی هەرێمە لە بوجەی عێراقی فیدراڵ، مەسەلەی هێزی چەکدار، ئاو، نەوت، پەیوەندیی دەرەکی، پشکە سیادییەکان (کە کورد تەنیا شەڕی لەسەر بەردەستەی سەرۆک کۆمارەکەیەتی و ئاگای لە لایەنەکانی دیکەی نییە)و دەیان مەسەلەی گرنگ.

رۆشتنی ئـەم کاندیدە ئـازاو بەتواناو رۆشنبیرو خاوەن ئەزموونانەمان بۆ بەغدا، بەرەی گـۆڕان لە هەرێم چەندجار بەهێزتر دەکات و ئاستی هەوڵەکانمان لە چوارچێوەیەک قەتیس نامێنێت و گۆڕان دەبێتە هێزێکی لە ئێستا گەورەترو بەتواناتر. هەماهەنگی نێوان هەردوو فراکسیۆن دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخانی گەورەو وزەو تینێکی بەهێز بەئێمە لە هەرێم دەدات و پێکەوە دەتوانین دەیان پرۆژە ئامادەبکەین لەپێناو خۆشگوزەرانیی میللەتەکەمان، پێکەوە جەنگە مەدەنییەکەمان ببەینە پێشەوە بەرەو چەسپاندنی یاساو دروستکردنی وڵاتی دامەزراوە.

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# (١٤٠) گرەوێک بۆ نوێنەرانی ئەمجارە

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق، کە ئێستا بووەتە دوایین مەنزڵی خواستی کورد بۆ گەڕانەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتادایە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئێستا مادەکە لەدەرەوەی ئەو ماوەیەی کە دەستوور بۆ جێبەجێکردنی دیاریکردووە هەناسە دەدات، بەرپرسانو نوێنەرانی کورد لەبەغدا، حکومەتی مالیکی بە لەمپەری جێبەجێکردنی دەزانن‌و چاودێرانیش هۆکاری جێبەجێنەکردنی بە خەمساردیی سەرکردایەتی کوردەوە گرێدەدەن.

## لەدایکبوونی (٥٨ و ١٤٠)

دوای ئەوەی دەسەڵاتی رژێمی بەعس لە (٩ی نیسانی ٢٠٠٣) کۆتاییپێهێنرا، لایەنە سیاسییەکانی عێراق‌و کورد، وەک جەمسەرێکی بەهێزی پرۆسەکە ئەنجومەنی حوکمیان دروستکرد، لەو سەروبەندەشدا یاسای کاتیی دەوڵەت بۆقۆناغی گواستنەوە نوسرایەوەو لەناویدا مادەی (٥٨) تایبەت بە ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکان هاتبوو، بەڵام کابینەکەی عەلاوی‌و بەدوایشدا ئیبراهیم جەعفەریی ئەو مادەیان بەهەڵپەسێردراوی بۆ دوای خۆیان هێشتەوە.

دوای نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق مادەی (١٤٠)، درێژکراوەی (٥٨)ی تێداجێگیرکرا، لەو دەمەدا لیستی ئیئتیلافی شیعەو هاوپەیمانی کوردستان پێکهێنانی کابینەی جەعفەری‌و دواتر نوری مالکییان راگەیاندو لە کارنامەی کابینەکەی مالکیشدا برگەی (٢٢) تایبەت بوو بەجێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، هاوپەیمانیش بەو مەرجە بە نوری مالیکی رازی بوو، کە لەماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا مادەکە جێبەجێ بکات، رێککەوتنامەیەک هەبوو لەنێوان هاوپەیمانیی‌و ئیئتیلاف، هەر کاتێک وەزیرە کوردەکان لە کابینەکەی مالیکی بکشێنەوە، حکومەتەکەی بە هەڵوەشاوە حسابدەکرێت، بەڵام لەگەڵ خەمساردیی مالیکی بۆ جێبەجێکردنی (١٤٠)، کورد ئەو کارتەشی بەکارنەهێنا.

بەپێی دەستوور پێویستبوو حکومەتی عێراقی، تا کۆتایی (٢٠٠٧) مەسەلەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک تەواوبکرایەو دواتر سەرژمێریی ئەنجامبدرایەو پاشانیش بەپێی ریفراندۆمێک بەخواستی خەڵکەکەی چارەنووسی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێم، یان عێراق یان هەرێمێکی سەربەخۆ یەکلایی بکرایەتەوە.

لەکاتی خۆیدا مادەکە جێبەجێنەکراو شەش مانگی دیکەیشی بۆ درێژکرایەوە، ئەویش بێئەنجام بوو. دواتر تەداخولی نەتەوەیەکگرتووەکانی بەدوای خۆیدا هێناو یەکەم راپۆرت‌و پێشنیازی دیمستۆرا نوێنەری سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکانیش، لەلایەن کوردو عەرەب‌و تورکمانەوە رەتکرایەوەو بە «ناواقیعی» وەسفکرا.

## خەمساردیی هەرێم‌و نوێنەرانی

لە هەلومەرجی نادیاری کەرکوک‌و ناوچەکانی دیکە، شەپۆلێکی بەرفراوانی رەخنە ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردو نوێنەران‌و بەرپرسانی کورد لە بەغداو دواتریش دەسەڵاتی هەرێم دەکرێت، بەهۆی کەمتەرخەمیکردن لە جێبەجێکردنی مادەکە.


ئاوات محەمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێیوایە؛ یەکلاییبوونەوەی چارەنووسی کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکان کاریگەریی خراپی لەسەر متمانەو شێوەی پێکەوەژیانی نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکە دەبێت، لەوبارەیەوە دەڵێت: «دەستوورەکەلەرووی تەشریعییەوەرۆیشتووە، جێبەجێکردنیشی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت‌و دەسەڵاتی جێبەجیکردن، بەشێوەیەک جگە لە برگەی دانانی پێشنیاز بۆ دیاریکردنی سنووری ناوچەدابڕاوەکان، کە لەئەستۆی سەرۆکایەتی کۆمارە. جێبەجێکردنی کۆی برگەکانی دیکە لەسەر حکومەتە، بەڵام مەرکەز لایەنێکی کێشەکەیە، واتە ناتوانێت بەتەنیا چارەسەربێت، بەڵکو پێویستە لایەنی دووەمیش، کە حکومەتی هەرێمە پشتی لێ ساردنەکاتەوە، فشار دروستبکات‌و پەنابەرێتەبەر هەموو کارتێکی دەستووریی‌و یاسایی».

د.نەجمەدین کەریم، کەسایەتی سیاسیی شاری کەرکوک، لە دیدارێکی ژمارە (١٨)ی هەفتامەی دەستووردا، ئاماژە بە شکستی کورد دەکات لە کەرکوک، بەهۆی ململانێی حیزبییەوەو رایگەیاندووە: «نەبوونی ستراتیژ هەڵەی گەورەبوو، هەڵەی گەورەمان ململانێی حیزبیی بوو لە کەرکوک، کە دەبوایە کوردایەتی بوایە، حیزبایەتی دۆخێکی دروستکرد، کە بووە هۆی ئەوەی تارادەیەک ریزەکانی کورد بەو یەکگرتووییە نەمێنێت».

د.بورهان یاسین، لێکۆڵەری سیاسیی، بۆ رۆژنامە وتی: «لەدوای رووخانی رژێمی بەعس، ئەزموونی دوو دیدی جیاواز، دوو دەسەڵاتی جیاوازو دوو بەرژەوەندیی جیاوازی حیزبی لە کەرکوک هەبوو، بەشێوەیەک یەکێکیان ترسی لەوە هەبوو حیزبەکەی دیکە کەرکوک بخاتە سنووری ناوچەی دەسەڵاتی خۆیی‌و باڵانسی هێزی نێوانیان تێکبچێت، هەربۆیە چوونە ناو کەرکوکەوە بەعەقڵی دابەشکردنی هێز، ئەمەش بووە هۆی بێزارکردنی خەڵک بەهەموو پێکهاتەکانییەوەو بەکوردیشەوە، ئەمە بەشێکە لە بەرپرسیاریەتی شکستی کورد لەو شارەو ناوچەکانی دیکە، کە دەبێت ئەو دوو حیزبە ئۆباڵەکەی هەڵبگرن».

بورهان یاسین بەشێکی زۆری هۆکاری جێبەجێنەکردنی مادەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرنەکەوتوویی سیاسەتی کورد لەعێراقداو دەڵێت: «سەرکردایەتی سیاسیی کورد سەرکەوتوو نەبوو، لە پێداگریکردن بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)، بەدوایشیدا مادەی(١٤٠)، هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆشمان لەبەردەست نییە، کە بیسەلمێنێت نوێنەرانی کورد لە بەغدا زۆر جەختیان لەجێبەجێکردنی ئەو مادەیە کردبێتەوە، بەڵکو زیاتر چاوەڕێی چارەسەری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بوون».

سەلام عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی (٤)ی پارتی لە سلێمانی، هاوڕا لەگەڵ بۆچوونەکانی سەرەوە، لە چاوپێکەوتنێکی ئەم ژمارەیەی رۆژنامەدا ئاماژە بەوە دەکات؛ «ئەگەر بەرپرس‌و نوێنەرەکانمان لەبەغدا جەختیان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو مادەیە بکردایەتەوەو ئەوەیان بکردایەتە مەسەلەی جەوهەریی، نەک پۆست، بەدڵنیاییەوە کێشەی کەرکوک زووتر چارەسەر دەکرا».




## نوێنەرێکی کورد: کەمتەرخەم نەبووین

لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەو تێڕوانیانە بەرپرسیاریەتی جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠) بۆ خەمساردیی بەرپرسان‌و پەرلەمانتاری کورد دەگەڕێننەوە، بەڵام ئاڵا تاڵەبانی، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە؛ هۆکاری سەرەکیی بۆ فیکری بەعس‌و شۆڤێنیزم دەگەڕێتەوەو دەڵێت: «جێبەجێنەکردنی مادەکە پەیوەندیدارە بەهۆکارەسیاسییەکانەوە،کەرکوک ژمارەیەکی گەورەیە بۆ پرسی سیاسیی عێراق‌و هەرێم، مەسەلەیەکی سیاسیی مێژوویی قووڵی نێوان کوردو رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدایەو ئێستاش بۆ هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی فیدراڵ درێژبووەتەوە».

ئاڵا تاڵەبانی لەگەڵ هۆکارە سیاسییەکە، ئاماژە بە کێشەی تەکنیکی‌و هونەریی دەکات، کە رێگربووە لەبەردەم جێبەجێکردنی برگەکانی ئەو مادەیەو رایگەیاند: «ئێمە وەک دەسەڵاتی تەشریعی لیژنەیەکمان هەبوو بۆ چاودێریکردنی کارەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەکە، دەرکەوت، چ لە مەسەلەی بودجەو چ لەگرفتی چارەسەرکردنی کێشەکانی مولکی بەشێک بووە لەکێشەکان، لەو چوارچێوەیەشدا هەرێمی کوردستان بەدواداچوونی بۆ ئەو بابەتە کردووەو ئێمە کەمتەرخەمیمان نەبووە».

## گرنگی جوگرافیی ئەو ناوچانە

ئاساییکردنەوەو چارەنووسی بارودۆخی شاری کەرکوک‌و ناوچەدابڕاوەکانی دیکەی راستەوخۆ گرێدراوە بە مادەی (١٤٠)ەوە، ئەو ناوچانەش لە پێکهاتەیەکی ئیتنۆگرافیی کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و کلدوئاشوور پێکهاتوون‌و بەپێی زانیارییەکان رووبەری ئەو ناوچانە زیاتر (٤٠) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، کە لەدەرەوەی خاکی هەرێم ماونەتەوەو دابەشبوون بەسەر چەند پارێزگایەک، لەوانە: لە پارێزگای موسڵ (١٥٠٠٠) هەزار کیلۆمەتر، پارێزگای کەرکوک (١٠٠٠٠) هەزار کیلۆمەتر، دیالە (٨٠٠٠) هەزار کیلۆمەتر ، سەڵاحەدین (٢٠٠٠) هەزار کیلۆمەتر، هەولێر (٣٠٠٠) هەزار کیلۆمەتر.

دەرباز محەمەد، مامۆستای جوگرافیای سیاسیی لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بە گرنگیی رەهەندی جوگرافیی‌و جیۆپۆلەتیکی ئەو ناوچانە دەکات، لەسەر هەرێمی کوردستان‌و دەڵێت: «جگەلەوەی لەرووی نەتەوەییەوە هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت دەستبەرداری بستێک خاکی خۆی بێت، بەڵام ئەو ناوچانە گرنگیی جوگرافیی زۆریان لەعێراق هەیە، بە نموونە بڕبڕەی پشتی ئابووریی عێراقەو ٦٠٪ی ئابووریی عێراق لەو ناوچانەیە، لەڕووی کشتوکاڵییەوە زۆربەی رووبارەکانی هەرێم لە ناوچە شاخاوییەکانەوە هەڵدەقوڵێن‌و دێنە ئەو سنوورەو دەتوانرێت سوودیان لێببینرێت، ئاسایشی خۆراکی نەک تەنیا (٢٠) ملیۆن کەس، بەڵکو لە وڵاتی پێشکەوتوودا هی (٥٠) ملیۆن کەس دابیندەکات، جگەلە گرنگییە نەوتییەکەی، هاوکات دابینکردنی بەشێکی زۆری ئاوی عێراق لەو ناوچانەیە، لەبارەی جیۆپۆلەتیکیش هەموو هەرێمێک پێویستی بە قووڵاییەکی جوگرافیی هەیە، تا رووبەر گەورەتر بێت، بێگومان ئەدای ئەو هەرێمە سەرکەوتووتر دەبێت».

## هەڵبژاردن‌و ئایندەی (١٤٠)

ئێستا کوردو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق سەرگەرمی کەمپەینی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقن، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان‌و دەرکەوتنی شوێنی کورد لە نەخشەی سیاسیی‌و ئیداریی‌و پەرلەمانی عێراقی ئایندەدا، کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر چۆنییەتی چەسپاندنی بەشێک لە مافەکان هەیە، کە کورد داوای دەکات.

ئاوات محەمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بۆ رۆژنامە وتی: «هەڵبژاردنی نوێ ئەنجومەنێکی نوێ دەهێنێت‌و بەرنامەی نوێ دروستدەکات، دەبێت کورد خۆی ئامادەبکات‌و یەکەم مەرجی بۆ بەشداریی لە حکومەت، بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەوە گرێبدات، کورد شەریکەکانی پێشووی بە تاقیکردنەوە، زیان‌و سوودی خۆی بۆ دەرکەوتووە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەشوێن شەریکێکی راستەقینەدا بگەرێت».

ئاڵا تاڵەبانی، پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا وتی: «مادەی (١٤٠) بەچارەسەرێکی لۆژیکی دەزانم بۆ چارەنووسی ناوچەجێناکۆکەکان، بەهۆی دەرکردنی یاسای مولکی عەقاریی‌و دواتریش ئەو یاسایەی، کە تێیدا دەبێت پێش تەواوبوونی (٢٠١٠) سەرژمێریی تەواوبکرێت، ئەمانە هەنگاوێک جێبەجێکردنی مادەکە دەبەنە پێشەوە، جگەلەوەش ئێستا بێ گەڕانەوەی چەمچەماڵ‌و کەلارو کفری‌و شوێنەکانی دیکەی دانیشتووانی کوردی کەرکوک، لە عەرەب‌و تورکمانەکان زیاترن، ئەمانەش هەمووی مژدە بەخشن بۆ ئایندە».

د.بورهان یاسین، لێکۆڵەری سیاسیی، پێیوایە؛ دوای هەڵبژاردنەکان فایلی کەرکوک بۆ کورد قورستردەبێت بەهۆی گۆڕانی هاوسەنگیی هێزەکان‌و لاوازبوونی کوردو مەبدەئی تەوافوق، لەبارەی هەنگاوەکانیش بۆ جێبەجێکردنی مادەکە رایگەیاند: «دەکرێت شێوەکانی خەبات بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە بگۆڕێت، لەڕووی پێداگیریی راستەقینە بۆ جێبەجێکردنی، تێپەڕاندنی سیاسەتی دووحیزبی‌و دوو ئیدارەیی‌و دوو سیاسەت لە کەرکوک، هەروەها خۆنزیکردنەوەی لەکێشە سەرەکییەکانی کەرکوک‌و پێکهاتەکانی کەرکوک».

# تۆرهان موفتی: ناڕازین لە ئیدارەکردنی کەرکوک

سازدانی:
شاڵاو محەمەد
پشتیوان سەعدوڵڵا

**د.تۆرهان موفتی، ئەندامی تورکمانی ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکوکەو سەرۆکی حیزبی «جەمعییەی حەقی تورکمانی، ئاماژە بەوە دەکات؛ کەرکوک لە هەموو روویەکەوە پشتگوێخراوەو بووەتە قوربانی، چونکە هەر پێکهاتەو دەیەوێت بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی کەرکوک بەکاربهێنێت**



**رۆژنامە: پێتوایە فرە لیستیی دەبێتە هۆی گۆڕانی نەخشەی سیاسی لە کەرکوک؟**

* بەڵێ، فرەلیستی هۆکارە بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسی نەک تەنیا لە کەرکوک، بەڵکو لە هەموو عێراقدا، ئەمجارە عێراقییەکان سەرکردەکانیان ناچارکرد کە هەموو عێراق یەکلایەن نییە، کە هەموو عێراقییەکان لە ژێر چەتری مەزهەبی‌و تایەفی بن، لەبەرئەوە سیاسییەکان ناچاربوون چێژ ببەخشنە لیستەکانیان هەموو نەتەوەو تایەفیەکانیان بەشدارکردووە، هۆکارێکی ئەوەیە کە ئەمجارە لیستی کراوەیە، پێموایە هەڵبژاردنی ئەمجارە وایکردووە کە ئیتر خەڵکی کەرکوک بزانێت کێ بۆ ئیدارەی کەرکوک ئیشدەکات‌و کێ خەمی بەرژەوەندیی خۆیەتی، کە ئەم قسانە دەکەم، نەک تورکمانێک، بەڵکو بە نوێنەرایەتی نەتەوەکانی کەرکوک بە عەرەب و تورکمان‌و کوردەوە.

**رۆژنامە: دەوترێت تورکمان بووەتە دوو بەرەی جیاوازەوە، ئەمە تاچەند راستە؟**

* بۆ ئەم هەڵبژاردنە تورکمانەکان لەگەڵ چەند لیستێکدا بەشدارییانکردووەو هاوپەیمانێتییان پێکهێناوە، بەرەی تورکمانی لە لیستی عێراقیە بەشدارە، لیستی عەدالە لەگەڵ تەوافوقە، حیزبی تورکمان ئیللی لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق بەشدارەو حیزبی تورکمانی ئیسلامیی لەگەڵ دەوڵەتی یاسایە.

**رۆژنامە: بەرای تۆ کاتی ئەوە هاتووە سنووری تایفەچێتی‌و مەزهەبیی بشکێنرێت؟**

* هیوادارم ئەو سنوورە بشکێنرێت، پرۆژەیەک هەبوو بۆئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بۆ رێکخستنی هەموو هێزەکان کە لە یەک لیستدا کۆببنەوە، یەکگرتووی ئیسلامیی لەوانەبوو کە کاری بۆ کرد، بەداخەوە تائێستا سیاسییەکانی کوردو تورکمان بە عەقڵی بەرهەڵستکار کاردەکەن وەکو عەقڵی دەسەڵات کارناکەن، پێویستە ئەوە بزانرێت کە هەموومان بەشدارین لە دەسەڵاتدا.

**رۆژنامە: حیزبە کوردییەکانی کەرکوک زۆرجار ئێوەیان بە دژایەتیکردنی کەرکوک تۆمەتبار کردووە، ئەمە تاچەند راستە ؟**

* ئێمە دژایەتی کەرکوک ناکەین، دژایەتی چەند پرۆژەیەکی سیاسی دەکەین، بۆنموونە پرۆژەی لیستی هاوپەیمانی گەڕانەوەی کەرکوکە بۆسەر هەرێمی کوردستان ئێمە بەپێچەوانەوە، چونکە پرۆژەی تورکمانی پێدانی بارودۆخێکی تایبەتە بە کەرکوک.

**رۆژنامە : بۆچی ئێوە لە ئیدارەکردنی کەرکوک لەلایەن کوردەوە ناڕازین؟**

* پێکەوەژیان‌و بوون لە کەرکوکە، بەڵام بە داخەوە پۆستە سیادی‌و ئیدارییەکان‌و بەرێوەبەری فەرمانگە حکومییەکانی کەرکوک لەلایەن کوردەوە قۆرغکراوە، ئێمە هیچ شتێک نابینین بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک، نەبوونی ئەو نییەتە وایلێکردووین کە ناڕازیبین لە ئیدارەکردنی کورد لە کەرکوک.

**رۆژنامە : باس لەوەدەکرێت، کە ئێوە لەئێستادا بەنیازی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکن؟**

* ئەوە یەکێکە لەو مافانەی کە کوتلەی تورکمانی داوایدەکات‌و هاوپەیمانی کوردستانی رازییە ئەو پۆستە بگەڕێتەوە بۆ تورکمان، بەڵام تائێستا ئەو سەرۆکایەتییە نەدراوەتەوە بە ئێمە، بەرهەڵستکاریی بووەتە فاکتەر کە ناهێڵن ئەو پۆستە بگەڕێتەوە بۆ تورکمان.

# «گۆڕان» ئامرازی دروستبوونی نموونەیەکی دیموکراسییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئا: شاڵاو فەتاح



«دەسەڵاتی دوو پارتەکە بەسەر هەرێمدا بەهۆی عەقڵیەتە ریفۆرمخوازەکانەوە لاوازبووە» ئەمە رستەی راپۆرتێکی تایبەت و چڕوپڕی رۆیتەرزە لەسەر هاوپەیمانێتی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئازاری داهاتوو تێیدا باس لەوە دەکات ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پێشوو ئەوە دەردەخات کە دەسەڵات لە کوردستاندا روو لە گۆڕانە.

یەکێک لەو گۆشانەی کە میدیای جیهانیی رۆشنایی خستووەتەسەر لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، رکابەریی ناوخۆیی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، ئەم رکابەرییە هەندێک بە نموونەیەکی دیموکراسی ناویدەبەن و چاوەڕوانی ئەوە لە هێزە نوێکان دەکەن، کە ببنە ئامرازی پاککردنەوەی حکومەت لە گەندەڵیی ئیداریی، بەڵام ئەوە ناشارنەوە کە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی ئاسایش لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە قورسە ئەو ئەرکە ئەنجامبدرێت، زۆرێکیش باس لە لاوازبوونی دەسەڵاتی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم دەکەن لەئێستادا.

## گۆڤاری تریبیون: دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن نموونەیەکە بۆ...

کشتوکاڵ لە کوردستان دروستبوو، بەڵام بەهۆی سەدامەوە کەمبووەوە، کە هەزاران کەسی گواستەوە بۆ شارەکان. کوردەکان هونەری کشتوکاڵیان بیرچووەوەو گەنجەکانیان ئێستا بە ژیانی لادێ نامۆن، زۆرینەی قووت هاوردە دەکرێت، هەرچەندە دەکرێت کوردستان بکرێتە خۆبژێو بە مۆدێرنیزەکردنی میتۆدەکانی وەبەرهێنانی بیانیی، گەشتیاریی بوارێکی دیکەیە کە گەشەیکردووە. ئێستا کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی هەیە کە گۆڕانەو لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی کوردستاندا توانی (٢٥) کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنێت.

گۆڤارەکە نووسیویەتی هەرچەندە گۆڕان هێشتا پێویستی بەوەیە کە جێی خۆی بکاتەوە، بەڵام دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن گەشەکردنێکی گرنگەو نموونەیەکە بۆ وڵاتانی دی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

## سی.بی.ئێس نیوزی کەنەدی: بەهۆی کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی ئاسایش لەلایەن حیزبەکانەوە، قورسە حکومەت پاکبکرێتەوە

بە حوکمدان لەسەر بنەمای دوایین پرۆتێستەکان، کوردەکانی عێراق باوەڕیان وایە کە سەرکردەکانیان بەرەو هەڵدێریان بردوون و ئەو گەشەکردنانەی کە چاوەڕێی بوون لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، رووینەداوە. هەڵەبجە نموونەیەکی باشە، لە ئازاری ٢٠٠٦دا سەدان و هەزاران گەنج خۆپیشاندانی نارەزاییان دەربڕی و شەقامەکانیان گرت لەدژی گەندەڵیی حکومیی، لە پرۆسەکەدا مۆنۆمێنتی یادگاریی شەهیدانی هەڵەبجەیان سووتاند، ئەوان بەرپرسانیان تۆمەتباردەکرد بەوەی کە مۆنۆمێنتەکەیان بۆ سوودی شەخسی خۆیان بەکاربردووە بە کۆکردنەوەی ملیۆنان دۆلار، ئەم هەستکردن بە خیانەتە هێشتا تەواونەبووە، کانوونی یەکەمی ساڵی پار جەماوەرێکی زۆر رووبەڕووی هێزەکانی ئاسایش بوونەوە لە شارۆچکەی پیرەمەگروون، داخوازیی خۆپیشاندەران دیسانەوە بریتیبوون لە: کار، خوێندنگە، نەخۆشخانە، ئاوی پاک، کارەبا. وەڵامی حکومەتی هەرێم بۆ ئەم داواکارییانە ئەوەبوو، کە هەرێمی کوردستان هێشتا هەوڵدەدات میراتی جەنگی سەدام حسێن تێبپەڕێنێت. بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانی حوکمدار بڕێکی سەرنجڕاکێش لە سامانیان کۆکردووەتەوە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی بازرگانی و کەرتی تایبەت و زەوییەوە. زۆرێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە حکومەتی هەرێم وەک سمبولێکی دیموکراسی لە ناوچەکە بانگەشەیان بۆ دەکات، کۆنترۆڵکراون لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە، هەمان شت بۆ میدیاش راستە. لە تەممووزی ٢٠٠٩دا، رکابەر بۆ پارتەکانی دەسەڵات دروستبوو، بە دروستبوونی گۆڕان کە توانی (٢٣٪)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، ئایا گۆڕان دەتوانێت سەرکەوتووبێت لە پاککردنەوەی حکومەتدا، هێشتا روون نییە، بەهۆی ئەوەی کە هێزەکانی ئاسایش لایەنداری پارتە کۆنەکانی دەسەڵاتن و بڕێک لە چالاکوانەکانی گۆڕان لەلایەن دەسەڵاتەوە هێرشکراوەتە سەریان. لەبەر ئەم هۆیانە چارەنووسی کوردستان روون نییە، حکومەتی هەرێم دەتوانێت شەڕ لەگەڵ حکومەتی ناوەند کۆتایی پێبهێنێت لەسەر کەرکوک، بەڵام تەنانەت لە حاڵەتی بردنەوەی کەرکوکدا، هیچ گرەنتییەک نییە کە قازانجی نەوت بۆ هەژاران و ئەوانە بەکاردێت کە شایانیانە وەک قوربانییانی دەستی رژێمی سەدام.

## ماکزیمەم پرۆفیت: هەڵبژاردن داهاتووی دی.ئێن.ئۆ گەشتر دەکات

بەغدا رایگەیاند کە هەناردەکردنی نەوت لە کوردستان لەماوەیەکی کەمدا دەستپێدەکاتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لە ئەیلولی ساڵی پێشووەوە وەستێنرابوون، حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق، رەخنەیەکی زۆری لە گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم گرتووەو بە «نایاسایی»و «نادەستووریی» وەسفیکردوون. دوای ئەوەی لە حوزەیرانی پێشووداو بۆ یەکەمجار رێگە بە کوردستان درا کە نەوت هەناردە بکات لە رێگەی بۆرییە نەوتەکانی باکوورەوە بۆ تورکیا، شەهرستانی وتوویەتی؛ دەبێت حکومەتی هەرێم پارەی ئەو دوو کۆمپانیایە (دی.ئێن.ئۆ، گەنەل ئینێرجی) بدات کە لە پشکی داهاتی کوردستان، کە (١٧٪)یە، ئەمە هیچ بە کوردەکان ناهێڵێت، هەربۆیە دی.ئێن.ئۆو گەنەل بێ کرێ وەرگرتن نەوتیان دەگواستەوە، تا ئەوەی وەستاندیان و تەنیا بڕێکی کەم نەبێت بۆ بازاڕی ناوخۆ، بەڵام ئێستا چی جیاوازە؟ وەڵامی کورت ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکان کەمتر لە مانگێکی ماوە، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێستا، پێویستی بە کوردەکانە بۆ ئەوەی دووبارە هەڵبژێردرێتەوە. لەبەرئەوە، ئەوە مالیکییە نەک شەهرستانی کە لە ئێستادا بڕیاردەدات.

## نیویۆرک تایمز: هەڵبژاردنەکانی عێراق، تێروانینێکی کوردستانی

بەرپرسێکی باڵای کورد رایگەیاند: هەر کەسێک بیەوێت ببێتە سەرۆک وەزیران پێویستی بە رەحمەتی کورد هەیە، ئەو وتی کە ئەمە «راستییەکی سادەیە». کوردەکانی عێراق رێگەیەکی زۆریان بڕیوە لەوکاتەی کە سەرکردەکانیان گەریلابوون و لەدژی رژێمی سەدام حسێن شەڕیان دەکرد، کە دوودڵ نەبوو لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە بەرامبەریانداو هەزارانی بەوهۆیەوە لێ کوشتن، بەڵام وەک هەر بەشێکی دیکەی عێراق، کوردستان لە ساڵی (٢٠١٠)دا لەبەردەم چەند رێگایەکدایە، ئاکامی چەند کێشەیەکی نیشتمانیی چارەسەرنەکراو، کە کوردەکانیش تێیدا بەشدارن، دەبێتە هۆی بڕیاردان لەسەر ئەوەی عێراق دیموکراسی بمێنێتەوە، یاخود توندوتیژییەکی بێکۆتایی دووبارە دەستپێبکاتەوە.

بەگشتیی کوردەکان هەموو شتێک لەپشت «ناوچە جێناکۆکەکان»ەوە بە «لایەکەی دیکە»ناودەبەن، بەمدواییانە سوپای ئەمریکا دەستیکردووە بە دروستکردنی خاڵی پشکنینی هاوبەش لەپێناوی کارکردنی هاوبەشی پێشمەرگەو سوپای عێراقداو پاراستنیان لە ئیستغلالکردنی هێزە توندڕەوەکان. پرسیاری گەورەی (٢٠١٠) ئەوەیە، کە ئایا هەرێمی کوردستان سوود لەم هێزە هاوبەشانە وەردەگرێت یان نا؟، بەتایبەت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. بەرهەم ساڵح، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم، هۆشداریی دا لەوبارەیەوە وتی: «پێموایە ئەمریکییەکان جێماندێڵن، من زۆر نیگەرانم لەمە»، بەڵام ئەو هیچ نیگەران نەبوو لەبارەی دابەشکردنی عێراق و پێیوابوو، «ئەمە بۆسنە نییە».

کوردو حکومەتی ناوەندی دەبێت چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان یەکلاییبکەنەوە، لەنێویاندا چارەنووسی کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت، جگە لەوەش دەبێت جۆری پەیوەندیی هێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراق دیاری بکەن، لەمەش رادیکاڵتر، دەبێت لەسەر شێوەی عێراق خۆی رێکبکەون، گوایە حکومەتێکی ناوەندی حوکم بکات یاخود حوکمێکی فیدراڵی هەرێمایەتی، وەک ئەوەی کوردەکان لایەنگرین.

بۆ یەکەمینجار هەردوو پارتە کوردییە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان رووبەڕووی رکابەرییەکی جدیی هەژموونی ئیداریی و ئابووریان دەبنەوە. بزووتنەوەیەکی نوێ بە ناوی «گۆڕان» دەستکەوتی باشی لە هەڵبژاردنەکانی تەممووزی رابردوودا بەدەستهێنا، بەهۆی بوونی پلاتفۆرمی یەکسانی کۆمەڵایەتی و کۆتاییهێنان بە گەندەڵییەوە، رکابەریی لەنێوان گۆڕان و پارتە دەسەڵاتدارەکاندا هێندە بەهێزە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئازاری داهاتوو، کە سەرۆکی هەرێم راستەوخۆ هاتووەتە ناو کێشەکانەوە بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێکان، لەنێویاندا کوشتنی لایەنگرێکی گۆڕان و سووتاندنی ئۆفیسی گۆڕان لە کۆیە.

## رۆیتەرز: دەسەڵاتی دووپارتەکە لاوازبووە

هاوپەیمانیی کوردستانی لەلایەن ئەو دوو پارتە سەرەکییەی کە کۆنترۆڵی هەرێمی نیمچە سەربەخۆی کوردستانیان کردووە، پێکهاتووە. هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشڕەویی ئەم هاوپەیمانێتییە دەکەن، دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمی کوردستاندا بەهۆی عەقڵیەتە ریفۆرمخوازەکانەوە لاوازبووە، ئەمەش لە هەڵبژاردنی پێشوودا دەرکەوت، کوردەکان رۆڵی دروستکاری شاهانەیان بینیوە لە عێراقدا لەدوای (٢٠٠٣)وە، ئەمجارەش هێندە دەنگ بەدەستدەهێنن کە هاوپەیمانێتیی لە حوکمدا بکەن.

**بۆ یەکەمینجار هەردوو پارتە کوردییە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان رووبەڕووی رکابەرییەکی جدیی هەژموونی ئیداریی و ئابووریان دەبنەوە**

# بەغدا، گۆڕەپانی ململانێی سەرۆک وەزیرەکانە

راپۆرتی: هەستیار قادر













مالیکیو عەلاویو جەعفەریو سیاسییە دیارەکانی دیکەی عێراق، بەغدا وەک گۆڕەپانی جەنگی هەڵبژاردن دیاریدەکەنو چاودێرانی سیاسیش، ئەو گرنگیدانە بە پایتەخت بۆ زۆریی کورسییەکانیو دەنگدانەوەی سیاسیی میدیایی براوەکانی دەگەڕێننەوە.

گەرموگوڕیی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق، تەنیا لەسەر ئاستی فرەیی لیستەکانی نییەو پلەی گەرمی بانگەشەکان بەپێی سروشتی پارێزگاکانیش دەگۆڕێت، بەغدا وەک پایتەختو گەورەترین پارێزگای عێراق، لە رووی رووبەرو ژمارەی دانیشتووانو شوێنی پەرلەمانو حکومەتو دامەزراوە فیدراڵییەکانییەوە، ئاراستەی ململانێکانی گۆڕیوە، بەشێوەیەک کە زۆربەی سیاسییە دیارەکانی عێراق، ئەگەرچی لە بەغدا لەدایک نەبوون، بەڵام ئەو پارێزگایەیان وەک جێی پاڵاوتنی خۆیان دیاریکردووە.

رێژەی دانیشتووانی پارێزگای بەغدا بە زیاتر لە (٦) ملیۆنو (٥٠٠ هەزار) کەس دەخەمڵێنرێتو پشتبەستن بە ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانیش (٦٨) کورسی لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق پێدراوە، کە تێکرای (٣٢٥)کورسییەو لەم هەڵبژاردنەدا لە کۆی (٦١٧٢)پاڵێوراوی سەرانسەری عێراق، (١٥٨٢)یان لەبەغدا خۆیان پاڵاوتووە لە چوارچێوەی (٣٤)لیستو ئیئتیلافو قەوارەی جیاو (١١)لیستی تاکەکەسیدا، لەپاڵ ئەم ژمارە زۆرەی پاڵێوراوەکاندا کە دەکاتە زیاد لە (٦/١)ی تێکرای رێژەی پاڵێوراوان، زۆربەی کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراق، پایتەختیان کردووەتە سەکۆی خۆپاڵاوتن، بە جۆرێک کە بووەتە جێگەی رکابەریو ململانێی هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانی عێراقی دوای بەعس، بەو پێیەی هەریەک لە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی ئێستاو ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆک وەزیرانی پێشوو و ئەیاد عەلاوی، سەرۆک وەزیرانی پێشتووترو ئەحمەد چەلەبی، هاوپیشەیان لە قۆناغی کاتیی عێراقدا، لە بەغدا خۆیان پاڵاوتووە.

لەپاڵ ئەوەشدا، پاڵێوراوەپێکهێنەرەکانی ئەو لیستانەش، هەمان کەسێتیی ناسراوی حیزبیو حکومییان تیایە، لە لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسادا کە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی دەکات، حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی تیایە، لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقیدا، کە ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆکی بزووتنەوی چاکسازیی نیشتمانیی سەرۆکایەتی دەکات، هەریەک لە بەیان جەبر زوبەیدی، وەزیری دارایی عێراقو ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی ئێستای دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی تیایە، لە لیستی عێراقییەشدا کە ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانیی سەرۆکایەتی دەکات، عەدنان باجەچی، پەرلەمانتارو وەزیری دەرەوەی سەردەمی حوکمی پادشایی تیایە، مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی خانەنشینکراوی پەرلەمانی عێراقیش بەهەمانشێوە، وەک پاڵێوراوێک خۆی لە لیستی ئیئتیلافی یەکێتیی عێراقدا پاڵاوتووە، کە جەواد بۆڵانی، وەزیری ناوخۆو سەرۆکی حیزبی دەستووری عێراقی لە بەغدا سەرۆکایەتی دەکاتو بوونی چەند لیستێکی دیکەش لە بەغدا بە سەرۆک لیستی بەهێزەوە، بەڵگەی گرنگیدانی لایەنو کەسایەتییە سیاسییەکانە بۆ خۆپاڵاوتن لە بەغدا، لەوانە ئەیاد سامەڕایی، سەرۆکی ئێستای پەرلەمانی عێراقو حەمید مەجید موسای سەرۆکی حیزبی شیوعی عێراقو سەرۆکی پێشووتری لیژنەی مادەی (١٤٠)، وەک سەرۆکی لیستی یەکێتی گەل، بەهەمان لۆژیکیش لیستی میسال ئالوسی بۆ گەلی عێراقی کە لەلایەن میسال ئالوسی، پەرلەمانتارو سەرۆکی حیزبی ئومەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، رکابەری سیاسییەکانی دیکە دەکات.

گرنگیدانی کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراق، بەلای د. محەمەد ئەحمەدی سەرۆکی لیستی یەکگرتووەوە لە پەرلەمانی عێراق، پەیوەندیی بە زۆریی دانیشتووانی بەغداو کراوەیی خەڵکەکەیەوە هەیە، کە بە وتەی ناوبراو، زووتر کاریگەرییان لەسەر دروستدەکرێت، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو، ئاماژەی بە هۆکارێکی دیکەی گرنگیدانی لایەنە سیاسییەکان کرد بە هەڵبژاردن لە بەغداو خۆپاڵاوتن تیایدا، کە پەیوەندیی بە کاریگەریی سیاسییو دەنگدانەوەی میدیاییەوە هەیەو دەڵێت «لە رووی سیاسییەوە، ئەو کەسەی کە لە بەغدا دەنگی زیاتر بەدەستبهێنێت لەناو پرۆسەی سیاسیدا قورسایی زۆرو بەهێزترە».

یەکێک لەو گومانانەی دیکە کە لە گرنگیدانی سیاسییەکان بە خۆپاڵاوتن لە بەغدا دەکرێت، بە سیمبولبوونی ئیدارەی مەرکەزیی بەغدایە وەک پایتەخت لە فیکری سیاسیی ئەو سیاسییانەدا، بەجۆرێک کە ئاماژەیەک بێت بۆ هەیبەتی حوکمی مەرکەزی لە پایتەختەوەو بێهێزکردنی پارێزگاو هەرێمەکانی دیکەی عێراق لە رووی دەسەڵاتی سیاسییو ناوەندی بڕیاردانەوە.

لەوبارەیەوە د. محەمەد ئەحمەد، پێیوایە «رۆحی مەرکەزییەت لە زۆربەی ئەو حیزبانەی عێراقدا هەیە کە ئێستا لە دەسەڵاتی سیاسیدانو کارکردنی دەزگاکانی راگەیاندنیش لە دژی پەرلەمان بە مەبەستی بێهێزکردنی بەڵگەی ئەو سیاسەتانەن کە کار بۆ گەڕاندنەوەی مەرکەزییەت دەکەن».

# ناوی دەنگدەرانی تایبەت، لە تۆماری دەنگدان دەسڕدرێتەوە

رۆژنامە

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، رایگەیاند: ناوی سەرجەم ئاوارەکانی ناوخۆی عێراقو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، کە دەنگدانی تایبەت دەیانگرێتەوە لە تۆماری گشتیی دەنگدەران سڕاونەتەوەو، ژمارەی ئاوارەکانی دەرەوەی عێراقیش نزیکەی (١)ملیۆنو (٩٠٠) هەزار کەسن، کە لە (١٦) وڵاتی دەرەوەدانو مافی دەنگدانیان هەیە.

حەمدییە حسەینی سەرۆکی بازنەی هەڵبژادنەکان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، رایگەیاند: «بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارەی ئاوارەکانی ناوخۆ، نزیکەی (٩٧) هەزار کەسنو ئەوکەسانە لە بنکەیەکی تایبەتو بەپێی تۆمارێکی تایبەت دەنگدەدەن، بەهاوکاریی وەزارەتی ناوخۆو بەرگریی ناوی تەواوی هێزەکانی ئاسایشو سوپا لە تۆماری گشتیی سڕاوەتەوەو تۆمارێکی تایبەتیان بۆ کردوونەتەوە».

بەوتەی حسەینی، ئەم رێوشوێنانە بۆ رێگرتنە لە دووبارە دەنگدانی ئەو کەسانەی لە دەنگدانی تایبەتو لە دەنگدانی گشتیدان.

بەپێی دوا ئامارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، (٢٩٧) قەوارەی سیاسییو (٥٤) قەوارەی تاکەکەسیو (٢٤٢) قەوارە بەشێوەی لیستو (١٥٩) هاوپەیمانێتیش پەسەندکراونو (٣١) قەوارەش لە هەڵبژاردنەکە کشاونەتەوە.

جگە لەو کاندیدانەی کە بەهۆی گرتنەوەی یاسای لێپرسینەوەو دادوەریی دوورخراونەتەوەو (٥٥) کاندید بەهۆی بڕوانامەی ساختەو (٤٤) کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو هێزە چەکدارەکانو (٢٢) کەس بەهۆی ئەنجامدانی تاوانەوە لە هەڵبژاردنەکە دوورخراونەتەوە، بەهۆی ئەوەی کە تووشی تانەلێدانو سوکایەتی نەبنەوە، کۆمسیۆن ناوەکانیان ئاشکرا ناکاتو تەنیا لەڕێی ئیمەیلو پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە ئەو کەسانە ئاگادارکراونەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی راگەیاندنی نوێنەری چاودێرانی نێودەوڵەتی، بۆ چاودێریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، زیاتر لە (١٠٠٠) چاودێری نێودەوڵەتی دەگەنە عێراق بۆ چاودێریکردنی پرۆسەکە، کە دابەشبوون بەسەر پارێزگاکانو چاودێریی دەنگدانی دەرەوەی وڵاتیش دەکەن.

جگەلە چاودێرە نێودەوڵەتییەکان زیاتر لە (٥٧٦٦٠) چاودێری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراق، ناوی خۆیان تۆمارکردووە بۆ چاودێریی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، کە ئەندامی (٢٣٦) رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنین، بەرپرسانی کۆمسیۆنیش پێشبینی دەکەن، لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردن ژمارەی چاودێرەکان بۆ زیاتر لە (١٠٠) هەزار چاودێر بەرزببێتەوە.

# رفێندراوەکانی تلکێف ئازاد نەکراون

ئارام شێخ وەسانی

لەپاش خۆپیشاندانەکەی تلکێف لەدژی پارێزگاری موسڵ، ژمارەیەک هاوڵاتی کورد دەستگیر دەکرێنو بێسەرو شوێن دەکرێن.

پاش ئەوەی ئەسێل نوجێفی پارێزگاری موسڵ، بەیاوەری هێزێکی سەربازیی ناوخۆییو ئەمریکی سەردانی قەزای تلکێفی کردو ژمارەیەک هاوڵاتی کورد خۆپیشاندانیان لەدژی ئەنجامداو توندوتیژیی لێکەوتەوە، ئەو هێزەی لەگەڵ نوجێفیدا بوو (١١) هاوڵاتی مەدەنی دەستگیرکردووەو تائێستا بێسەروشوێننو چەندین کەسو لایەن لە هەوڵی ئازادکردنی ئەو دەستگیرکراوانەدان.

لەوبارەیەوە قاسم ساڵح ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا بۆ رۆژنامە رایگەیاند: «شێوازی هاتنەکەی نوجێفیو رفاندنی ئەو کوردانە مەحکوم دەکەین، لە هەولیشداین بۆ ئازادکردنیان، چونکە ئەو کەسە مەدەنیانەی کە دەستگیرکراون، بێتاوانن، ئەوان نارازین بە هەڵسوکەوتەکانی پارێزگاری موسڵ، چونکە دژایەتی کورد دەکات».

لەلایەکی دیکەوە لە دیداری نێوان شاندی باڵیۆزخانەی ئەمریکاو سەرۆکی پەرلەماندا، نیگەرانیی ئەمریکا لەمەڕ رووداوەکەی تلکێف باسکراوە، لە بەرامبەردا سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاندووە: ئەوە هەڵەیەکی بەرپرسی هێزەکانی ئەمریکایە لەناوچەکەو پێویستە ئەو هاوڵاتییانە ئازاد بکرێن، چونکە ئەوە تاوانێکی گەورەیە، کە ئەو هێزانەی نوجێفی (١١) هاوڵاتییان رفاندووەو لەناویاندا دوو منداڵ هەن، ئەگەر بەدواداچوون نەکرێت، هەرێمی کوردستان هەڵوێست وەردەگرێت.

# ئەمڕۆ «عێراقییە» هەڵوێست وەردەگرێت

رۆژنامە

ئەمڕۆ ئەو وادەیە کۆتایی دێت، کە «لیستی عێراقییە» بۆ حکومەتی دانابوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پاڵێوراوە دوورخراوەکانی لە هەڵبژاردن، وتەبێژی بەرەی دیالۆگیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لەکاتی خۆیدا هەڵوێستیان دەبێت.

لەپاش ئەوەی لیژنەی تێهەڵچوونەوەی دەستەی لێپرسینەوەی دادپەروەریی، داوای ساڵح موتلەگو زافر عانی پاڵێوراوانی لیستی عێراقییەی رەتکردەوە، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دوورخستنەوەیان لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، بەهۆی تۆمەتبارکردنیان بە یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریی، لیستی عێراقییە بۆماوەی سێ رۆژ بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆی راگرت، تا حکومەتی عێراقی بەو کێشەیەدا بچێتەوەو لە بەیاننامەیەکی ئەو لیستەشدا داوا لە هەرسێ سەرۆکایەتی کۆمارو حکومەتو پەرلەمانی عێراقیش کرا، کۆبوونەوەی بە پەلە بۆ تاووتوێکردنی ئەو کێشەیە بکەن».



مەیسون دەمەلوجی، وتەبێژی لیستی عێراقییە لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئەگەر داواکاری لیستەکەی جێبەجێ نەکرێت، هەنگاوی قورس دەگرنەبەر».

ئەو وادەی سێ رۆژەی، کە لە رۆژی شەممەی رابردووەوە لەلایەن لیستی عێراقییەوە دانرابوو، ئەمڕۆ سێشەممە کۆتایی دێتو لەوبارەیەشەوە حەیدەر ئەلمولا وتەبێژی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی، کە موتلەگ سەرۆکایەتی دەکات، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پەنا بۆ (UN)و ئەمریکاو کەناڵە نێودەوڵەتییەکان دەبەینو هەڵوێستەکانمان لەسەر ئاستی سەرکەوتوویی گفتوگۆکان وەستاوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانداو بەتەواوبوونی ئەو وادەیەی کە لیستی عێراقییە دایناوە، هەڵوێستی گونجاویان دەبێت»، بەڵام ئامادەنەبوو سروشتی ئەو هەڵوێستە ئاشکرابکات.

# «لە هەرێم، رێز لە شۆفێرە ئێرانییەکان دەگیرێت»
# «لە ئێران، شۆفێرانی مەرزی باشماخ دەستگیردەکرێن»

راپۆرتی: والی عوسمان: پێنجوێن

سەدان شۆفێری ئۆتۆمبێلەبارهەڵگرەکانی مەرزی باشماخ، سەبارەت بە کەموکوڕیی‌و نەبوونی خزمەتگوزاریی‌و کێشەی هاتوچۆ، رۆژی (٢/١٣) لە بەردەم دەروازەی مەرزەکە کۆبوونەوەو مانگرتنیان راگەیاندو ئیش‌و کارەکانیان راگرت.

شۆفێرەمانگرتووەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە کێشەی زۆریان لەهاتوچۆکردن‌و هێنانی باردا هەیەو هەندێکجار لەخاکی ئێراندا دەستگیردەکرێن‌و ئیهانەیان پێدەکرێت‌و دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکانیشیاندا دەگیرێت، لەبەرامبەریشدا شۆفێرە ئێرانییەکان، لە هەرێم رێزیان لێدەگیرێت.

محەمەد عەلی، یەکێک لە شۆفێرەکانی مەرزی باشماخ، بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد «(١٢)شۆفێرمان لەلایەن ئێرانەوە دەستگیرکراون‌و رۆژانە گرفتی زۆرمان بۆ دروستدەکەن، بەڵام شۆفێرانی ئێران کە دێنە خاکی هەرێمەوە، رێزی زۆریان لێدەگیرێت‌و کێشەیان بۆ دروست نابێت، بەڵام پاسدارانی ئێران، بەخراپی رەفتارمان لەگەڵ دەکەن».

مەرزی باشماخ یەکێکە لە مەرزەنێودەوڵەتییەکانی عێراق‌و هاوسنوورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەڵام بەردەوام بەهۆی ململانێ سیاسییەکان‌و کێشەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەوە، کێشە بۆ هاتوچۆی ئەو مەرزە دروستدەبێت.

محەمەد رەحیم کە شۆفێرێکی دیکەیە لە مەرزی باشماخ، بۆ رۆژنامە وتی: «ئۆتۆمبێلە ئێرانییەکان بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی بژێویی شۆفێرانی ئەمدیو کە زۆربەمان هەفتەی جارێک، بارێک باردەکەین‌و خاوەنی ماڵ‌ومنداڵین».

شۆفێرانی مەرزی باشماخ، نارەزایی دەردەبڕن بەرامبەر بە خراپیی رێگاوبانی مەرزەکە، کە بەهۆی خراپیی رێگاکەوە قەرەباڵغییەکی زۆری لەسەر دروستدەبێت‌و هەندێکجار هاتوچۆکردن رادەوەستێت. لەوبارەیەوە خەلیل محەمەد کە شۆفێرێکی دیکەی ئەو مەرزەیە بۆ رۆژنامە دەڵێت: تا ئێستا رێگای مەرزی باشماخ یەک سایدەو بەهۆی زۆریی تانکەرەنەوت‌و ئۆتۆمبێلی دیکەی بارهەڵگرەوە، قەرەباڵغی زۆری لەسەر دروستدەبێت‌و هەندێکجار رێگا نابێت هاتوچۆ بکەین‌و بارەکانمان درەنگ دەکەوێت.

ئەو شۆفێرە وتیشی «رێگای ئەم مەرزە بۆ پێنجوێن نزیکەی ٨ کیلۆمەترەو بودجەیەکی زۆری ناوێت بۆ چاککردنی، ئەوهەموو داهاتەی هەیە بۆ حکومەت، بەڵام خزمەتگوزاریی پێویستی بۆ ناکەن».

گەشتیارانی ئەو مەرزە، هەندێکجار بەهۆی خراپیی رێگاو هاتوچۆوە ناچار دەبن لە ئۆتۆمبێلەکان دابەزن‌و بە پێ بڕۆن، لەکاتێکدا ئەم مەرزە مەرزێکی فیدراڵییەو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دانپیانراوە.

ئەمیری فەرزاد، یەکێک لەو گەشتیارانەی کە لە مەرزەکەدا بە پێ دەڕۆیشت، بۆ رۆژنامە وتی «من دانیشتووی ئێرانم‌و هەندێکجار هاتوچۆی کوردستان دەکەم، بەڵام رێگای ئەم مەرزە، بێ خزمەتگوزارییەو لەبەر قەرەباڵغی رێگاکە، بە ناچاریی بە پێ دەڕۆم».

سەبارەت بە کێشەی شۆفێران، پەیامنێری رۆژنامە سەردانی مەرزی باشماخی کرد، بەڵام لەلایەن پاسەوانانی مەرزەکەوە رێگای چوونەژوورەوەی پێنەدراو دواتر پەیوەندیمان بە بەرپرسانی مەرزی باشماخەوە کرد، بەڵام وەڵامێکی ئەوتۆیان لەبارەی کێشەی شۆفێرانەوە پێ نەبوو و کێشەکەیان بە بچووک هەڵسەنگاندو وتیان، چارەسەری دەکەین.

لەگەڵ ئەوەی مەرزی باشماخ خاڵێکی نێودەوڵەتییەو رۆژانە بەسەدان تەن کاڵای جۆراوجۆری لێوە دەهێنرێت بۆ هەرێمی کوردستان‌و بەپێچەوانەشەوە، چاودێرانی ئابووریش، ئەم مەرزە بە سەرچاوەیەکی بەهێزی ئابووریی هەرێمی کوردستان دادەنێن، کە لەئێستادا فشارێکی زۆری لەسەرەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا نەیتوانیوە پلانێکی مۆدێرن‌و باش بۆ هاتوچۆکردن‌و بواری بازرگانی دابنێت، کە رێگای مەرزی باشماخ بۆ پێنجوێن تەنیا (٨ کیلۆمەترە)و نەبوونی خزمەتگوزاریی، نارەزایی لای سەدان شۆفێری ئەم مەرزە دروستکردووە.


باشماخ، لەوڕۆژەوە وەک دەروازەی رەسمیی ناسراوە، بێکێشە نەبووە
فۆتۆ: رۆژنامە

# بە قاچاغ، نەوتی هەرێم دەبرێتە دەرەوە

راپۆرتی: رێبین فەتاح



ئەو نەوتە خاوەی لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بەرهەمدەهێنرێت، لە رێگەی دەیان پاڵاوگەی نەوتی بچووکەوە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانەوە دەگۆڕدرێت بە نەوتی رەش‌و رۆژانە بە تانکەر ئاودیوی ئێران دەکرێت. شارەزایەکی بواری نەوتیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زۆرینەی پاڵاوگەکان موڵکدارییان بۆ بەرپرسەکان دەگەڕێتەوەو نازانرێت داهاتی ناوچەکە بۆ کوێ دەچێت.

پاش ئەوەی حکومەتی عێراق بە بڕیارێکی فەرمیی رەوانەکردن‌و فرۆشتنی نەوتی بۆ وڵاتانی دەرەوە قەدەغە کرد، رۆژانە نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بە تانکەر ئاودیوی ئێران دەکرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، زیاتر لە (٨٠) پاڵاوگەی نەوتی بچووک لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا کراونەتەوەو هەر یەک لەو پاڵاوگانەش نەوتی خاویان لەکێڵگەنەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەبرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی عەلی عومەر، شارەزا لە بواری نەوت‌و سەرپەرشتیاری پێشووی پاڵاوگەی نەوتی کۆیە بۆ رۆژنامەی خستنەڕوو، لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە (٨٠)پاڵاوگەی بچووکی نەوت هەن‌و ژمارەی هەرە زۆری ئەو پاڵاوگە بچووکانەی نەوت، موڵکدارییان بۆ کەسانی بەرپرس‌و دەسەڵاتدار دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە، هیچ بەڵگەو زانیارییەکی باوەڕپێکراو نییە کە ئەو نەوتەی لە کێڵگە نەوتییەکانی شیواشۆک‌و زاخۆوە بەرهەمدەهێنرێت‌و رەوانەی پاڵاوگە بچووکەکان دەکرێت، داهاتەکەی بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە.

ئەو شارەزایەی بواری نەوت بۆ رۆژنامە، باسی لەوە کرد، کە ئیشی پاڵاوگە بچووکەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڕینی نەوتی خاوە بۆ نەوتی رەش‌و بەرهەمە جیاوازەکانی وەک بەنزین‌و گازوایل‌و نەوت، هەروەک ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە نەوتی رەش لە ئەنجامی پاڵاوتنی نەوتی خاو (crud oil) لە قۆناغی یەکەمی پاڵاوتنیدا بەرهەمدەهێنرێت لەگەڵ سەرجەم سووتەمەنییەکانی دیکە کە بە بەرهەمە نەوتییەکان ناسراون.

سەرپەرشتیاری پێشووی پاڵاوگەی نەوتی کۆیە، گومانی خۆشی نەشاردەوە لەوەی کە ئەو نەوتە رەشەی پاش پاڵاوتنی نەوتەخاوەکە لە پاڵاوگە بچووکەکاندا دەستدەکەوێت، بە قاچاغ بۆ وڵاتانی دەوروبەر ببرێت‌و داهاتەکەشی بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەگەڕێتەوە.

بۆ روونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە، رۆژنامە پەیوەندیی بە هەندێک لە شوفێری ئەو تانکەرانەوە کرد کە نەوت‌و بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران دەگوازنەوەو ئەوەیان بۆ رۆژنامە پشتڕاستکردەوە، کە پاش ئەوەی نەوتەکە لە پاڵاوگەکانی وەک کەورگۆسکەوە باردەکرێت، راستەوخۆ لە رێگەی مەرزەکانەوە بۆ کۆگاکانی نەوت لە چەند ناوچەیەکی وەک بەندەرعەباس‌و بەندەرئیمام‌و هەمەدان‌و کۆگاکانی دیکەی نەوت لە ئێران دەبرێن‌و لەوێ دادەگیرێن، بەپێی وتەی شوفێری تانکەرەکان، لەوسەریشەوە هەندێک لە تانکەرەکان گاز بۆ هەرێمی کوردستان دەهێنن.

رەوانەکردنی نەوت لە پاڵاوگەیەکی وەک کەورگۆسک‌و فرۆشتنی بە وڵاتانی دەوروبەر، لە کاتێکدایە کە بەرپرسانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی رابردوودا بۆ راگەیاندنەکان، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە ئەو بەرهەمە نەوتییانەی لەو پاڵاوگەیەدا بەرهەمدەهێنرێن، هەر هەموو بەرهەمەکە بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستانەو هیچی بە دەرەوە نافرۆشرێت.

ئەڤین عومەر، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیی‌و جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازیی‌و وزە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ رۆژنامە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو نەوتە رەشەی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەرەوە دەبرێت، کارێکی یاساییەو بە پشتبەستن بە یاسای ژمارە (٣٢)ی عێراقی دەکرێت.

ناوبراو باسی لەوەش کرد، کە رۆژی (٢/٨) ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی پەرلەمانی کردووەو لەسەر داوای خۆی لە کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی پیشەسازیی‌و وزەی پەرلەماندا بەشداربووە، لەو کۆبوونەوەیەشدا پرسیار لەسەر فرۆشتنی نەوتی رەش بە ئێران کراوەو «بەڕێزیان وتیان، ئێستا لە پاڵاوگەکانی بازیان‌و خەبات نەوت بەرهەمدەهێنرێت، لەبەرئەوەی لە کوردستان عەمباری گەورەمان نییە بۆ عەمبارکردنی نەوتەکە، ناچارین بیفرۆشین».

بەپێی وتەی جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازیی‌و وزە، لەو کۆبوونەوەیەدا، وەزیری سامانە سروشتییەکان باسی لەوەش کردووە، کە ئەوان بە شێوەیەکی ئاشکرا نەوتەکە دەفرۆشن‌و کۆمپانیاکان ئاگاداردەکەنەوە لە فرۆشتنی نەوتەکەو ئیتر هەر کۆمپانیایەک کە نەوتەکە دەکڕێت، ئازادە ئەو نەوتە بە هەر وڵاتێک بفرۆشێت.

لەلایەکی دیکەوە، عەبدوڵڵا مەلا نوری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان‌و ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی‌و وزە لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ رۆژنامە وتی: «ئێمە ئاگادارین نەوتی رەش لە هەرێمی کوردستانەوە ئاودیوی ئێران دەکرێت‌و پێمانوایە، ئەو نەوتەش بەقاچاخ دەبرێت‌و هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەستدا نییە کە بیسەلمێنێت تەواوی ئەو نەوتەی دەڕوات، لەلایەن حکومەتەوە مۆڵەتپێدراو بێت».

عەبدوڵڵا جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک پێویست کارناکات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی پرۆسەی هەڵسوکەوت لەگەڵ نەوت بکات، هەر لە دەرهێنانەوە تا دەگاتە پاڵاوتن‌و پاشان فرۆشتن‌و ساغکردنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان.

ئەندامەکەی لیژنەی پیشەسازیی‌و وزە، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە پاڵاوگەی بچووکی نەوت لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا بە نایاسایی کراونەتەوەو لە ژێر چاودێریی حکومەتی هەرێمدا نین‌و نازانرێت چۆن نەوتی خاویان پێدەگات‌و چۆن دەپاڵێورێت‌و چۆنیش لە بازاڕەکاندا ساغدەکرێتەوە، جگە لەوەش، هیچ زانیارییەک نییە، ئاستی کوالێتی بەرهەمە نەوتییەکانی ئەو پاڵاوگانە نیشان بدات.

## بڕیاردەری لیژنەی پیشەسازیی‌و وزە:

# دەسەڵات هۆکاربووە بۆ ئەوەی پەرلەمان داهاتەکان ئاشکرا نەکات

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**ناسک تۆفیق، بڕیاردەری لیژنەی پیشەسازیی‌و وزەو سەرچاوە سرووشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی، ئاماژەبەوەدەکات، لیژنەکەیان کۆمەڵێک تێبینی‌و سەرنجیان لەسەر پڕۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵی هەرێم هەیەو لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا باسیانکردووە، هاوکات پێیوایە، تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ئاشکراکردنی داهاتەکاندا.**

**ڕۆژنامە: ئێوە دوو مانگە داوای ئامادەبوونی وەزیری سامانە سرووشتییەکانتان کردووە لە دانیشتنی لیژنەکەتان، بە هاتنی ئەو چیتان بۆ ڕوونبووەوە؟ ئایا وەڵامی سەرجەمی پرسیاری ئەندامانی لیژنەکەی دایەوە؟ وەڵامەکانی قەناعەتپێکەربوون؟**

* وەزارەتی سامانەسرووشتییەکان، وەزارەتێکی تازەیەو لە ڕووی ئیدارییەوە کەموکورتی زۆرەو ئێمەش پرسیارمان زۆربوو لە ڕووی ئیداریی‌و مادیی‌و داهاتەکانەوە، وەزیری سامانەسرووشتییەکان وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، بەڵام لە مەسەلەی پارەو وردەکاریی‌و داتاو بەراورو ناوی پڕۆژەدا، وتی، دواتر بۆتاندەنێرم، کەواتە وەڵامەکان هێشتا کەموکورتن‌و تەواوکاری ماوە.

**ڕۆژنامە: هاتنی وەزیری ناوبراو بۆ پەرلەمان‌و دانیشتنی لەگەڵ لیژنەکەتان، تا چەند پێویست‌و گرنگ بوو؟**

* زۆر پێویست‌و گرنگ بوو، چونکە ئێمە لەسەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩و جارێکی دیکە لە کۆتایی هەمان مانگدا، بە نووسراوی فەرمیی لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە داوامانکرد کە بەڕێز، وەزیر لەنزیکەوە بێتە لیژنەکەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان‌و ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی لامان ڕوون نەبوو، دیسان کە بودجە هاتە پەرلەمان، جارێکی دیکە پێویستبوو لە نزیکەوە وەک زۆربەی وەزیرەکانی دیکە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجە بێتە پەرلەمان، بەڵام ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو، دوای دوو ڕۆژ هاتە پەرلەمان.

**ڕۆژنامە: وەزیری دارایی هەرێم دەڵێت، ئاگام لە داهاتی نەوت نییە، بە ڕای تۆ، ئەم بێئاگاییە چی دەگەیەنێت؟**

* بەهیچ جۆرێک نابێت وا بێت، بەڵام وەزیری سامانەسرووشتییەکان ئەمەی بۆ تازەیی وەزیری دارایی لە پۆستەکەی دەگەڕاندەوە، هەرچەندە پێشتریش هەر ئەو وەزیری دارایی بووە، بەڵام لە دەڤەری سلێمانی، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی وەزارەت‌و دامودەزگاکانی ئێمە موئەسەساتی کارناکەن.

**ڕۆژنامە: کێ ڕێگربووە لەوەی کە پەرلەمانی کوردستان لە ڕابردوودا‌و تا ئێستاش نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی ببینێت، هەم لە چاودێریکردن‌و هەم لە لێپرسینەوەدا؟**



ناسک تۆفیق

* ئەوە شتێکی ڕوونە، ئەو بارودۆخانەی کە کوردستانیان پێدا تێپەڕیوە بەهۆی شەڕی براکوژیی‌و دواتر دووئیدارەیی‌و فیفتی بە فیفتی کە تا ئێستاش ئاسەواریان ماوە، هەروەها دەسەڵاتی دوو حیزبیی بەسەر پەرلەمان‌و حکومەتەوە، ئەمە هۆکاربووە بۆئەوەی پەرلەمانی کوردستان نەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت، بەتایبەتی لە شەفافیەتی بودجەو ئاشکراکردنی داهاتەکاندا.

**ڕۆژنامە: دەتوانین، بڵێین کە یەکێتی‌و پارتی داهاتی نەوتی هەرێمیان بۆ خۆیان بردووە؟**

* ئەو وەڵامەی وەزیری دارایی بەڵگەی ئەوەیە، هەرچەندە ئەگەر سەیری بودجەی هەردوو حیزب‌و بەرپرسەکانیان بکەین‌و پرسیاربکەین (من أين لك هذا)، بەڵام نازانین بڵێین هی چییە، ئەوە بەدواداچوونی دەوێت لەلایەن دەزگای چاودێریی دارایی‌و لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان‌و هاوڵاتییانەوە.

**ڕۆژنامە: ئێوە وەکو لیژنەکەتان، چیتانکردووەو چی دەکەن بۆ ئاشکراکردنی داهاتەکانی نەوت؟**

* ئەوە بە تەنیا ئیشی لیژنەکەی ئێمە نییە، بە پلەی یەکەم ئیشی لیژنەی دارایی‌و دواتر لیژنەی نەزاهەو ئێمەش بەردەوامین، لەم دانیشتنەدا لەگەڵ جەنابی وەزیری سامانەسرووشتییەکان، هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو داهاتانەمان داوە.

**ڕۆژنامە: ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی نێو پەرلەمان لەم مەسەلەیەدا چۆنە؟ دەبێت هێزی ئۆپۆزسیۆن چیبکات بۆ ئاشکراکردنی ئەم داهاتە گرنگە؟**

* ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن زۆر کاریگەرە، چونکە لەم ماوەیەدا ئۆپۆزسیۆن گەرموگوڕیی‌و ئیشوکارێکی وای خستووەتە ناو پەرلەمان‌و لیژنەکان کە ئەمەش حاڵەتێکی ئیجابییە، چونکە لەکاتی نەمانی گیانی ململانێی تەندروستدا بۆ خزمەتی هاوڵاتییان، ئیشەکان دەمرن، ئۆپۆزسیۆن دنیایەک کەموکورتی لەسەر بودجە ئامادەکردووە بۆ گفتوگۆکردن‌و ناردنەوەی بۆ پێداچوونەوەو چاککردنی، خۆ ئەگەر دیسان پرسەکە بووەوە قوربانیی زۆرینەو کەمینە، ئەو کاتە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنە کە چاودێریی‌و بەدواداچوونی چۆنێتیی سەرفکردنەکەی بکات.

**ڕۆژنامە: لە هەرێمدا نزیکەی (١٠٠) پاڵاوگەی نەوت هەن‌و بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کاردەکەن، ئەمە کارەسات نییە؟**

* بە ڕاستی بوونی ئەو ژمارە پاڵاوگە بێ مۆڵەتە لە کوردستان کارەساتێکی گەورەیە، وەزیری سامانەسرووشتییەکانیش ئەوەی بە کێشە داناو وتی، بەرنامەمان هەیە بۆ داخستنیان.

**ڕۆژنامە: لە ڕاپۆرتی لیژنەی پیشەسازیی‌و وزەو سەرچاوەسرووشتییەکاندا، ئاماژەتان بەچی کردووە؟ چ ڕەخنەیەکتان لە بودجەکە هەیە؟ بەتایبەتی لەو وەزارەتانەی کە پەیوەندییان بە لیژنەکەتانەوە هەیە؟**

* هەردوو وەزارەتی کارەباو پیشەسازیی‌و بازرگانی، بڕی دیاریکراوی بودجەکەیان بەدڵ نییەو ئەولەویاتی پڕۆژەکانیشیان بەدڵ نەبوو، بۆ نموونە وەزارەتی پیشەسازیی (١٢)پڕۆژەی پێشکەشکردبوو، بەڵام سیانیان بۆ هاتبووەوەو هیچکام لەو پڕۆژانەی تێدانەبوو، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانیش بەهەمانشێوە، بۆیە ئێمە لە لیژنەکەدا باسی ئەو کەموکووڕییانەو چەند کەموکووڕییەکی دیکەمان کردووە. هەروەها بە گشتیش ئامادەکردنی بودجەکە، پەلەپروزێیەکی زۆری پێوەدیارەو هەڵەو کەموکووڕیی زۆری تێدایە.

## ئیسماعیل گەلاڵەیی:

# بۆ تێپەڕاندنی بودجە، یەکێتی‌و پارتی فشار دەخەنەسەر لیستی کوردستانیی

سازدانی: ئەلەند مەحوی

**ئیسماعیل سەعید گەلاڵەیی، ئەندامی لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووریی پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرای دەکات، کە لە دەرەوەی پەرلەمان یەکێتی‌و پارتی ڕۆژانە فشار لە لیژنەکانی پەرلەمان‌و بەتایبەتی لیستی کوردستانیی دەکەن بۆئەوەی بەزووترین کات بودجە تێپەڕێنرێت. گەلاڵەیی لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا باس لەوە دەکات، کە بودجەی ٢٠١٠ی هەرێمی کوردستان بە نەخۆشیی هاتووەتە پەرلەمانی کوردستان‌و لە پەرلەمانیش لەبەردەستی لیژنەکاندا مردووە، ئێستاش بودجە بووەتە جەنازەیەک‌و دەسەڵات دەیەوێت بەزووترین کات بینێژێت.**

**ڕۆژنامە: وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووریی، چۆن پڕۆژە بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنیت؟**

* سەرەتا دەمەوێت پێناسەی بودجە بەوە بکەم، کە بودجە ئەو پرۆسەیەیە کە بە سەرەتایەکی ژمێریاریی دەستپێدەکات پشتئەستوور بە ئامانجی ئابووریی‌و کۆتاییەکەشی بە یاسا کۆتاییدێت، ئەگەر ئەم پرۆسەیە یەکێک لەم سێ خاڵەی نوقسان بێت، ناتوانرێت پێیبووترێت بودجە.

بودجەی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی نا شەرعیی لەدایکبوو، زیاتر وەک موزایەدەیەک وابوو، حکومەت بودجەی ڕاگەیاند، پێش ئەوەی بودجە بگاتە پەرلەمان، بەڕاستی ئەگەر پەرلەمان لە ئاستێکی باشدابێت دەتوانێت بودجە بگێڕێتەوە، یان ئەو خاڵانەی کە حکومەت لە ڕاگەیاندنی بودجەدا ئاشکرای دەکات، ڕەنگە گۆڕانی بەسەردابێت.



ئیسماعیل گەلاڵەیی

لەڕاستیدا بودجە جگە لەوەی بە نەخۆشیی هاتە پەرلەمان، لە پەرلەمانیشدا لە ئەنجامی گفتوگۆکانی ناو لیژنەکانی پەرلەمان بەیەکجاریی مرد، ئێستا بودجە ئەو جەنازە مردووەیە کە حیزب‌و حکومەت نازانن چۆن بینێژن، چونکە هەتا بمێنێتەوە بۆن دەکات، ئەگەرنا بودجە ئامانجە ئابوورییەکان ناپێکێت.

بودجە دەبێت ڕەچاوی ئامانجە ئابوورییەکان بکات، کە سادەترین ئامانجی ئابووریی ئەوەیە، کە دەبێت پێتبڵێت ئەمساڵ لەسەدا ئەوەندە ڕێژەی بێکاریی دادەبەزێنێت‌و ئەوەندەش چارەسەری هەڵاوسان دەکات، کە ئەمانە لە بودجەی هەرێمدا نییە.

هەروەها بودجە موڵکی هەموو خەڵکە بە شارو لادێ‌و هەموو ناوچەکانەوە، لە دابەشکردنی پڕۆژەکاندا دەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هەموو ناوچەکاندا دابەشبکرێت، کە ئەمەش لە بودجەی هەرێمدا ونە، هەروەها بودجە دەبێت گرنگیی بە سێکتەرە ئابوورییەکان بدات وەکو پیشەسازیی‌و کشتوکاڵ، کە ئەم دوو سێکتەرە لە وڵاتی ئێمەدا زیاتر پێویستیان بە پشتیوانیکردنە، بەڵام ئەم دوو سێکتەرە ئابوورییەش لەناو بودجەی هەرێمدا ونە.

ئەگەر لەکوێی ئەم خاڵانە وردببینەوە، تێدەگەین کە بودجەی هەرێمی کوردستان هیچ پێناسەیەکی بودجە هەڵناگرێت، تەنیا لە کۆمەڵێک مەلزەمەو ژمارە پێکهاتووە، کە ژمارەی وەهمی‌و ناڕاستی تێدایەو پڕۆژەی فاشیلی ساڵانی ڕابردووی تێدایە.

**ڕۆژنامە: بەم حاڵەیەوە بودجە پێویستبوو چی لێبکرێت؟**

* لەڕاستیدا ئێمە حەزماندەکرد کە ئەمساڵیش بودجە شەش مانگ دوانەکەوێت‌و لیژنەکانی پەرلەمانیش هەلی تەواویان پێبدرێت‌و گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەر بکەن‌و هاوکاری حکومەت بن بۆئەوەی بودجە دەوڵەمەند بکەن.

شێوازی سروشتیی بودجە بەو شێوەیەیە کە دوای خوێندنەوەی یەکەم دەدرێت بە لیژنەکان، پێویستبوو هەموو لیژنەکان بودجەکە بخوێننەوەو تێبینییەکانی خۆیانی لەسەر بنووسن، هەروەها کاتی تەواویان پێبدرێت‌و حساباتی خیتامی ساڵانی ڕابردوویان لەبەردەستدابێت‌و ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری داراییان لەبەردەستدابێت، ئەوکاتە تێبینییەکان بە ڕاپۆرتێک بدەنەوە بە لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووریی، ئەم لیژنەیەش جارێکی دیکە تێبینییەکانی هەموو لیژنەکان کۆدەکاتەوەو بە ڕاپۆرتێک پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات.

**ڕۆژنامە: بودجەی ئەمساڵ ئەم ڕێوشوێنانەی بینی؟**

* نەخێر، لەبەرئەوەی ئەمە بودجەیەکی سیاسیی بوو، بۆ ئامانجی دەنگ کۆکردنەوە بوو، پەلەپەلی زۆری تێداکرابوو، بۆ نموونە گرنگترین وەزارەت لە دابەشکردنی سیاسەتی ئابووریدا وەزارەتی پلاندانانە، کە ئەو وەزارەتەش دەبێت ئەنجومەنێکی پلاندانانی هەبێت‌و بڕیار لەسەر پڕۆژەکان بدات، بەڵام بە کەیفی خۆی ئەولەویەتی بۆ پڕۆژەکانی وەزارەتەکان داناوە.

وەزارەتی کارەبا کە هاتنە لای ئێمە لە لیژنەی وزەو کانزاکان گلەیی زۆریان هەبوو لە بودجەکەیان، جگە لەوەی وتیان بودجەکەمان کەمە بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی کارەبا، تەنانەت ئاگایان لەوە نەبووە کە چۆن ئەولەویەت دانراوە بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی کارەبا، لەکاتێکدا وەزارەتی کارەبا وەزارەتێکی زۆر تایبەتمەندەو خۆی دەزانێت ئەولەویەت بەچی بدات، بەڵام وەزارەتی پلاندانان بە کەیفی خۆی ئەولەویەتی داناوە بۆ پڕۆژەکانی وەزارەتی کارەبا.

هەروەها وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان پێیانوتین ئێمە لەساڵانی (٢٠٠٨و ٢٠٠٩)دا پڕۆژەمان هەبووە، بەڵام لە ئەمساڵدا هەر پێیاننەوتووین پڕۆژەکانتان چین، کە هاتن بۆ لای لیژنەی وزەو کانزاکان بە ئێمەیان وت؛ کوا بودجەکەو ڕەزامەندیی چیمان بۆ کراوە، ئەمە ئەوپەڕی بێ سەروبەرەیی حکومەتە، لەنێوان وەزارەتەکان‌و وەزارەتی پلاندانان‌دا.

هەروەها وەزارەتی پیشەسازیی، کە وەزارەتێکی زۆر گرنگە، بەهەمانشێوە هیچ کۆپییەکی بودجەیان لانەبوو، کاتێک کە ئێمە کۆپییەکی بودجە پەسەندکراوەکەی وەزارەتی پلاندانانمان پیشاندان، لەگەڵ ئەوەی ئەوان پێشنیازیانکردبوو بۆ وەزارەتی پلاندانان، دوو شتی تەواو جیاواز بوون، لەو دوو پڕۆژەیەدا تەنانەت خاڵێکی هاوبەش نەبوو، وەزارەتی پلاندانان ڕەزامەندیی لەسەر سێ پڕۆژەی پاککردنی پێستە کردبوو بۆ وەزارەتی پیشەسازیی، بەڵام وەزارەتی پیشەسازیی دەڵێن هەر پێویستمان بە کارگەی پاککردنی پێست نییە.

**ڕۆژنامە: بەم هەموو کەموکورتییەوە لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووریی ڕاپۆرتی کۆتایی خۆی لەسەر بودجە ناردووەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێوە وەکو ئۆپۆزسیۆن هەڵوێستان چی دەبێت؟**

* دوای ئەوەی بودجە خرایە بەردەستی لیژنەکان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ڕۆژانە فشاری بەردەوام هەبووە لەسەر لیژنەکان‌و سەرۆکایەتی لیژنەکان، بەتایبەتی لیستی کوردستانی، کە بەزووترین کات ڕاپۆرتی خۆیان بنێرنەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، من پێتدەڵێم لە سێیەم ڕۆژەوە سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی‌و ئابووریی ڕاپۆرتی خۆی بەرزکردبووەوە، بەڵام ئێمە نەمانهێشت، لیژنەکانی دیکەش لە دەرەوەی پەرلەمان فشارێکی زۆریان لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە لەسەر بوو، بۆ ئەوەی بودجەکە تێپەڕێنن، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو پەلەپەلەدا تا ئەوکاتەی لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی بۆ سەرۆکایەتی ناردبوو (٥) لیژنە ڕاپۆرتیان بۆ لیژنەی دارایی نەناردبوو، بۆ نموونە ئەوکاتەی لیژنەی کانزاو وزە گفتوگۆی لەسەر بودجەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەکرد، لەوکاتەدا لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووریی ڕاپۆرتەکەیان ئامادەکردبوو، هەروەها بەبێ ڕاپۆرتی (٥) لیژنە، ڕاپۆرتی خۆیان ناردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی بودجە بەشێوەیەکی زانستی‌و ئابووریی کارەکانی ئەنجامنادرێت، بە دڵنیاییشەوە ئامانجەکانی خۆشی ناپێکێت‌و بودجەیەکی تێروتەسەل نابێت، لەم حاڵەدا ئێمە پێشبینی دەکەین کە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دەرفەتێکی نزیکدا سیناریۆیەک دروستدەکات بۆ ئەوەی بودجە بخرێتە دەنگدانەوەو تێپەڕێنرێت، بەڵام ئێمە دڵنیاین ئەو سیناریۆیە هەروا بەئاسانیی سەرناگرێت، چونکە فراکسیۆنی گۆڕان‌و فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە لەناو پەرلەماندا ڕێگە نادەن ئەو سیناریۆیانە سەربگرێت.

## کەموکوڕییەکانی تونێلی پێشڕەو دەردەکەون

# (٧) مانگە کراوەتەوە، کەچی (٨)ملیۆن دۆلاری دیکەی بۆ تەرخاندەکرێت

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

**بڕی (٨) ملیۆن دۆلار بۆ سیستمی هەواگۆڕکێو ئاگرکوژاندنەوەو کارەبا لە تونێلی پێشڕەو تەرخاندەکرێت، ئەندازیارێکیش جگەلەوەی لە ئێستادا پڕۆژەکە بەپێویست نازانێت، ڕایدەگەیەنێت؛ «نەدەبوو پڕۆژەکە بەوشێوەیە بکرایەتەوەو بەکاربهێنرایە، چونکە ئەوانە بەشی سەرەکیی پڕۆژەکەن‌و ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا ڕووداوێکی تێدا بکەوێتەوە، هەموو ئەوکەسانەی تێیدان، دەبنە قوربانیی».**



تونێلی پێشڕەو، کە بڕیاربوو لەماوەی ٣٠٠ ڕۆژدا تەواوبکرێت

### بانگەشەی هەڵبژاردن

پڕۆژەی تونێلی پێشڕەو، کە لە چیای ئەزمەڕەو بۆ بەیەکەوەبەستنی سلێمانی‌و ناوچەکانی شارباژێڕ بەبڕی (١٨) ملیۆن‌و (٢٧٣) هـەزارو (٥٤٦) دۆلار ئەنجامدرا، (٧) مانگ لەمەوبەرو لەوادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کرایەوە، بەشێوەیەک کە هیچکام لە سیستمی هەواگۆڕکێ‌و ئاگرکوژێنەوەو کارەباو هاتوچۆی تێدانییەو دوای ڕەخنەگرتنی پسپۆڕان، ئێستا بڕی (٨) ملیۆن دۆلاری دیکەی بۆ تەرخاندەکرێت، بە مەبەستی دانانی ئەو سیستمانەو تەواوکردنی ئەو کەموکوڕیانەی لە تونێلەکەدا هەیە.

توانا کـەمـاڵ، بـەڕێـوەبـەری گشتیی ئاوەدانکردنەوەو ڕێگاوبان لە سلێمانی، لە لێداوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەو (١٨) ملیۆن دۆلارەی سەرەتا بۆ پڕۆژەکە تەرخانکراوە، تەنیا جێبەجێکردنی ئەو بەشەی ئێستای تونێلەکەی پێ کراوەو ئەو بودجەیەش کە ئێستا تەرخانکراوە وەک پڕۆژەیەکی تەواوکارییە بۆ ئەو بەشانەی دیکە، وەک هەواگۆڕکێ‌و ئاگرکوژێنەوەو ژووری کۆنترۆڵ‌و کارەباو دانانی هێمای هاتوچۆ.

ناوبراو وتی: «ساڵی (٢٠٠٤) کاتێک چەند کۆمپانیایەک بە پارەیەکی زیاتر تەندەریان لێدابوو کە سەرجەم پڕۆژەکەی دەگرتەوە، بەڵام تەنیا ئەو کۆمپانیایانە قبوڵکران، کە ئەو بەشانەی تێدا نەبوو، ئەوەش بەپێی ئەو بڕە پارەیەی لەوکاتەدا بۆ پڕۆژەکە تەرخانکرابوو»، پێشیوایە؛ جێبەجێکردنی پڕۆژەکەو دواتر تەواوکردنی لەوە باشترە، کە پڕۆژەکە ئەنجامنەدرایە، وتیشی: «لە زۆر وڵاتانی دیکەدا بەوشێوەیە دەکرێت‌و بەپێی ئەو بودجەیەی هەیە بەشێکی پڕۆژەکە دەکرێت‌و دواتر تەواوکارییەکانی دەکرێت».

بەڵام ئەندازیار عومەر عینایەت، ڕەخنەی لەو شێوازی جێبەجێکردنە گرت، بەوپێیەی کە ئەو کارانەی لە تونێلەکەدا نەکراون، بەشی سەرەکین‌و پێویستە لەگەڵ کردنەوەی تونێلدا تەواوکرابن، وتی: «ئەو کاتە، تونێلەکە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی ڕابردوو کرایەوە، لەکاتێکدا نەدەبوو بکرایەتەوەو بەکاربهێنرایە، چونکە بـە نـەبـوونـی هـەواگـۆڕکـێ‌و ئاگرکوژێنەوە، کە دوو شتی سەرەکین‌و بەبێ ئەوانە بە پڕۆژەیەکی تەواو دانانرێت‌و دەبـوایـە لە ئەساسی پرۆپۆزەڵەکەیدا هەبووایە، کەواتە تا ئەو سیستمانەی تێدا نەبێت پڕۆژەیەکی ناتەواوە».

### کەی تەواو دەکرێت؟

پـــڕۆژەی هـەواگـۆڕکـێ‌و سیستمی ئاگرکوژاندنەوەو کارەبای تونێلەکە، بڕیارە لەلایەن کۆمپانیای بیانییەوە لەماوەی (٣٠٠) ڕۆژدا جێبەجێبکرێت.

توانا کەماڵ، ڕوونیکردەوە، کە ئێستا پـڕۆژەی تەندەرەکەیان کـردووەتـەوەو دواتر وردبینیی دەکرێت‌و ئیحالە دەکرێت‌و ڕەنگە (٢) مانگی دیکە بخرێتە بـواری جێبەجێکردنەوە، ڕەتیشیکردەوە، کە لەو (٣٠٠) ڕۆژەدا تونێلەکە دابخرێت‌و وتی: «بڕیارە کەلوپەلەکان لـەدەرەوەو لەلایەن کۆمپانیای تایبەتمەندەوە دروستبکرێت‌و لێرە تەنیا دادەمەزرێنرێت، تەنیا ڕەنگە لەم چەند ڕۆژەداو لەکاتی دانانی هێمای هاتوچۆدا دابخرێت».

### پڕۆژەیەک پڕ کەموکووڕیی

سەرباری ئەوەی هەندێک پسپۆڕ لەو بڕوایەدان؛ پڕۆژەی پێویستتر لە تونێلەکە هەبوو لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێبکرایە، وەک ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی ئەودیو تونێلەکە، بەوپێیەی تونێلەکە جیاوازی (٣,٧) کم ڕێگەی کەمکردووەتەوە، کە بە ئۆتۆمبێل (٥) خولەک دەخایەنێت، ئەوەش دەخەنەڕوو کە پڕۆژەکە بە کەموکوڕییەوە کراوەتەوە.

ئەندازیار عومەر عینایەت، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، ڕەخنەی لە شێوازی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە گرت‌و بەراورد بە هەندێک پڕۆژەی پێویستتر لە بارودۆخی ئێستای کوردستان، ئەو بە پێویستی نەزانی لە ئێستادا پڕۆژەی تونێلەکە کراوەو لەگەڵ ئەوەشدا وتی: «بەو کەموکووڕییانەی کە هەیە نەدەبوو تونێلەکە بکرێتەوە، چونکە ئەگەری کارەساتی تێدا زۆرە بەوپێیەی مەرجە سەرەکییەکانی تێدا نییە».

عینایەت ڕوونیدەکاتەوە؛ کە لەم قۆناغەی ئێستای کوردستاندا پێویست نەبوو ئەو تونێلە لەو شوێنەدا بکرێت، چونکە کاری تونێل ئەوەیە، ئەمدیوو ئەودیوی شاخێک بەیەکبگەیەنێت، کاتێک شەقامی دیکە نەبێت، «بەڵام لەو شوێنە شەقام هەیەو ئەمدیوو ئەودیوی تونێلەکە بەیەکەوە بەستراوەتەوە، کەواتە پێویست بەبوونی تونێلەکە نەبوو لەکاتێکدا نەبێت، کە لەو دیـوەوە سکەی شەمەندەفەر، یا ڕێگەی هاتوچۆی نەوت‌و کانزا بێت».

ئەو ئەندازیارە بڕواشی وایە؛ لەڕووی جەدوای ئابووریشەوە گرفتی هەیە، بەوپێیەی تونێلی پێشڕەو لەگەڵ تونێلی هەیبەت سوڵتان بڕیاری لێدرا، بەڵام تونێلی هەیبەت سوڵتان شکستیهێناو جێبەجێنەکرا، لەوبارەیەشەوە وتی: «تونێلی هەیبەت سوڵتان پێویستتر بوو لەڕووی ئابوورییەوە، چونکە دەشتی بتوێن‌و پشدەر بە دەشتی هەولێرو کۆیەوە دەبەستێتەوە، ژمـارەی دانیشتووانی ئەو ناوچانەش زۆر زیاترن لە ئەم سنوورە، بەڵام ئەوەی ئەوێ شکستی پێهات‌و ڕەتکرایەوەو ئەمەیان جێبەجێکرا، چونکە کۆمەڵێک خەڵکی لێپرسراوو دەسەڵاتدار لەو دیوەوە زەویان کڕیبوو بۆ زوو گەیشتنی خۆیان‌و بەرزکردنەوەی قیمەتەکەیان تەواویانکرد».

لای خۆشییەوە بەڕێوەبەرە گشتییەکەی ئاوەدانکردنەوە، ئـەوەی خستەڕوو؛ کە «نەوتراوە پڕۆژەکە کەموکووڕیی تێدا نییە، بەڵام تەنیا ئەوەیە، کە بەو پارەیەی هەبووە ئەو کارانەی تێدا کراوە، ئێمە پێمانباشە کە پارەیەک بۆ پڕۆژەیەک تەرخاندەکرێت بە تەواوەتی‌و بەشی هەموو سێکتەرەکانی بکات بۆئەوەی بەهەموو بڕگەکانییەوە بە یەکجار بکرێت، بۆ نموونە: ئەگەر لەسەرەتادا نزیکەی (٢٨) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانبکرایە، هەموو کارەکانی بەیەکەوە تـەواو دەبـوو، بەڵام لەوکاتەدا ئەو پارەیە نەبوو».

هـــەروەک پێیباشە، لـەبـری چەند پڕۆژەیەک پارەکان بە تەواوی بۆ پڕۆژەیەک تەرخابکرێت، بۆئەوەی هەموو بەشەکانی بەیەکەوە تەواوبکرێت، وتیشی: «بەوشێوەیە بێت بۆ ئێمە ئاسانترە، بەڵام ئەوە لەدەست ئێمەدا نییە».

عـومـەر عـیـنـایـەت، زیـاتـر لـەسـەر کەموکووڕییەکانی تونێلەکە قسەی کردو پێیوایە؛ ئەو کەسانەی جێبەجێیانکردووە شارەزاییەکی ئەوتۆیان نەبووەو تەنیا وەک چاودێر سەیریان کردووەو لێوەی فێربوون‌و وتیشی: «لەڕووی ئەندازیاریەوە گرفتەکە لەوەدایە، کە ئـەوەی بۆی نەکراوە چەند بەشێکی سەرەکیی پڕۆژەکەن، کە نابێت بەبێ ئەوانە تونێل بەکاربێت، چونکە ئەگەر ڕووداوێکی لێبکەوێتەوە، ئەوانەی لە ناوەوەن دەخنکێن‌و گیانلەدەستدەدەن».

# هاژە سلێمان: ئەو ژنانەی لە فیمینیزم نەگەیشتوون هێرشدەکەنە سەر پیاوان

سازدانی: ئەحمەد باڵەکی

**هاژە شێخ سلێمان، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی لیستی ئازادی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی پێیوایە؛ توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان ڕەگێکی کلتووریی هەیە، بەڵام لەلایەن هەندێک لایەنی سیاسییەوە بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆیان ئەم چەمکە کراوە بە دروشمێکی سیاسیی.**



**ڕۆژنامە: بەڕێزتان وەک ئەندامی لیژنەی مافی مـرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان لە دیدارێکدا ئاماژەبەوەدەکەن، کە لە زیندانەکانی کوردستاندا مافەکانی مـرۆڤ پێشێلدەکرێت، لـەم ڕووەوە بەڵگەتان چییەو چۆن ڕووبەڕووی ئەو پێشێلکارییانە دەبنەوە؟**

* من وەکـو ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ بەشداریم کرد لە سیمینارێکدا، کە لە هەولێر سازکرابوو، تایبەت بوو بەو کێشەیە، ئەو ڕێکخراوەی کە سمینارەکەی سازکرد، بەڵگەی هەبوو، لێکۆڵینەوەشیان لەسەرکردبوو، هەروەها ئەندامانی لیژنەی مافی مرۆڤ سەردانی بەندیخانەکانیان کردووەو قسەیان لەگەڵ زیندانییان کردووە، ئەوەیان باسکردووە، ئێمە وەکو لیژنەی مافی مـرۆڤ لە پەرلەمان پەیوەندیی دەکەین بەلایەنی پەیوەندیدار بەم کێشەیەو بـەدواداچـوون دەکـەیـن تاکو بتوانین ڕاپـۆرت بەرزبکەینەوە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بۆئەوەی بتوانین چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

**ڕۆژنامە: مەسەلەی ماف‌و ئازادییەکانی ژن‌و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان گەرمترین باسوخواسی سیاسی‌و کۆمەڵایەتین، ئێوە بەرنامەتان چییە بۆ ڕووبـەڕووبـوونـەوەی ئەم دیاردەیە؟**

* دیـاردەی توندوتیژیی شتێکی نوێ نییە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەسەدان ساڵە ئەو توندوتیژییە هەر هەبووە، بەڵام ئێستا ئاشکرادەکرێن، جاران ژن زۆر بەلایەوە ئاسایی بـوو کە هـاوسـەری یـان باوکی یان برای لێیبدات‌و وای دەزانی کە دەبێت ئـەوە قبووڵ بکات، بـەڵام ئێستا ژنان تاڕادەیەک هۆشیاربوونەتەوە، کە نابێت ئەوتوندوتیژییە قبووڵ بکات. من پێموایە؛ هەرچەندە ژنان لە ڕووی سیاسیی یان ڕێکخراوەیی پەرتەوازە بن دەتوانن یەکگربن بۆ ئامانجە سەرەکییەکانی ژنان، کە ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو توندوتیژییەیە، ئێمە وەکو لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمان، هەر یەکێک لە ئێمە بیروڕای جیاوازی هەیە، بەڵام هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە دەبێت داکۆکیکەربین لە مافەکانی ئافرەتان.

**ڕۆژنامە: پێتانوانییە بەکاربردنی چەمکی مافەکانی ئافرەت لە بنەڕەتدا هەڵەیەو بێبەشکردنی ئافرەتە لە شوناسە مرۆییەکەی، جیاکردنەوەیەتی لە پیاو، کە دواجار بەشی هەردووکیان لە نێو جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی نێودەوڵەتیدا دەبێتەوە؟**

* داکۆکیکردن لە مافی ئـافـرەت لە بنەڕەتەوە لەوێوە سەریهەڵداوە کاتێک کە ئافرەت وەکو مرۆڤ یان بڵێین وەکو پیاو سەیرنەدەکراو هەمیشە لـەدوای پیاوەوە بوو لە هەموو مافەکاندا، بەڵام لە ئەرکەکاندا وا نەبوو دەبوایە بە باشترین شێوە جێبەجێیان بکات، بۆیە ئافرەتانی بەتوانا هەر لە سەدەکانی (١٨و١٩) کاریان بۆ ئەوەدەکرد کە دەبێت ئەو مافانەی بە پیاو دراوە بە ژنیش بدرێت لە مافە سیاسیی‌و مەدەنی‌و کۆمەڵایەتییەکان، کە لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون.

**ڕۆژنـامـە: لە کوردستان چەمکی ئاشتکردنەوەی ڕەگەزەکان‌و گەڕاندنەوەی بەهای مرۆیی بۆ مرۆڤەکان گۆڕاوە بۆ دژایەتیکردنی پیاو، پێتانوانییە ئەو گواستنەوەو تەرجەمەیە گرفتەکان ئاڵۆزتر بکات؟**

* ئـەو چەمکانەی ئێستا بەکاردێن لە کوردستان زۆر لە مێژ نییە خەڵکی کوردستان گوێی لێبووە، تەمەنی لەدوای ڕاپەڕینەوەیە، پێشتر خەڵکێکی کەم ئاشنابوو بەو چەمکانە، بەتایبەتی فێمینیزم کە چەندەها ساڵە ژنـان لە وڵاتـە پیشکەوتووەکاندا کـاری بۆ دەکـەن، ئەویش وەکـو هەموو چەمکەکانی دیکە بە سەقەتی بەکارهاتووە، کاتێک کە باس لە مافی ژن دەکرێت، مانای ئەوە نییە کە سەنگەر بەرامبەر بە پیاو دابنرێت، چونکە ئەو پیاوانەی کە لەم چەمکە تێدەگەن ئەوانیش داکۆکیی لە ژنان دەکەن، بەپێچەوانەوە ئەو ژنانەی کە لەم چەمکە نەگەیشتوون هێرشدەکەنە سەر پیاوان، بەگشتیی کەواتە مەسەلەکە لێکتێنەگەیشتنی چەمکەکەیە لە هەردوولاوە.

**ڕۆژنامە: لە پەرلەماندا ڕێژەی زیاتر لە (٣٠٪) ئافرەت هەیە، کەچی لە وەزیرەکانی حکومەتدا تەنیا یەک ئافرەت هەیە، تۆ ئەم هاوکێشەیە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

* ئێستا ڕێـژەی ئافرەت لە پەرلەمان (٣٤٪)ە. دەربارەی ڕێژەی ژن لە حکومەت ئێمە وەکو ژنانی ئەندام پەرلەمان لەکاتی ڕاگەیاندنی حکومەت ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕووی حکومەت کردەوەو وەڵامیان ئەوە بوو کە لە شوێنی دیکە وەکو بریکاری وەزیـرو بەڕێوەبەری گشتیی دادەنرێن، بەڵام بەلای منەوە ئەوە لای حیزبەکان بوو، بەتایبەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە دەبوایە ئەوان هەریەکەو (٢) ژنیان بە وەزیر دابنایە، چونکە ژنی شایستە لە هەردوولادا هەبوو بۆ ئەم پۆستە.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە پەرەسەندنی توندوتیژیی بەرامبەر بە ئافرەت‌و پێشێلکردنی مافەکانی ڕەگێکی کلتووریی هەیە یان سیاسی؟ ئەگەر کلتوورییە ئەی بۆچی ئەمڕۆ زیاتر کراوەتە کاڵای دروشمێکی سیاسی؟**

* توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان ڕەگێکی کلتووریی هەیە، بەڵام لەلایەن هەندێک لایەنی سیاسییەوە کراوە بە دروشمێکی سیاسیی بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆیان‌و کۆکردنەوەی ژنان لە دەوری خۆیان.

**ڕۆژنـامـە: سکاڵاکردنی ئافرەتان بـەڕێـژەیـەکـی زۆر زیـادیـکـردووە، خوێندنەوەت بۆ ئەم حاڵەتە چییە؟**

* هۆکارەکەی بۆ هۆشیاربوونەوەی ژنان بە مافەکانیان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی ئێستا لە ڕاگەیاندنەکاندا زۆر ڕێنمایی هەن بۆ ژنـان بۆئەوەی بتوانن لەکاتی ڕووبـەڕووبـوونـەوەیـان بە توندوتیژیی پەیوەندیی بکەن بەو شوێنانەی کە بۆ ئـەم مەبەستە تەرخانکراون، کە سەر بە بەڕێوەبەرێتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژین.

# چوار قەزا، چاوەڕوانی نەخۆشخانەیەکی منداڵبوون دەکەن

**راپۆرتی: ئەحمەد باڵەکی**



ئەو نەخۆشخانەیەی چوار قەزا چاوەڕێیەتی — فۆتۆ: رۆژنامە

قەزاکانی سـۆران‌و مێرگەسوورو رواندزو چۆمان، چاوەڕوانی تەواوبوونی نەخۆشخانەی لەدایکبوونی سۆرانن، ئەگەرچی لەسەر بودجەی پارێزگای هەولێر لە سالی (٢٠٠٨)ەوە بڕی (٧,١١٢,٤٣٥,٣٠٠) حـەوت ملیارو سـەدو دوازدە ملیۆن‌و چوارسەدو سی‌و پێنج هەزارو سێسەد دیناری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام تا ئێستا نەخۆشخانەکە تەواو نەبووەو لە وادەی خۆی دواکەوتووە.

بۆ هـەر حاڵەتێکی منداڵبوون لەو چـوار قەزایە، روو دەکرێتە سەنتەری شاری هەولێر، لەکاتێکدا دروستکردنی نەخۆشخانەی منداڵبوونی سـۆران لە وادەی خۆی لایداوە، کە (٤٢٠) رۆژی بۆ دانرابوو، بەڵام هێشتا خەڵکی ئەو قەزایە هەر چاوەڕێن.

بەشیر نەبی، هاوڵاتییەکی دانیشتووی قــەزای سـۆرانـەو لـەبـارەی گرنگیی تەواوبوونی ئەو نەخۆشخانەیە بە رۆژنامەی راگەیاند «بە راستی ئێمە زۆر دڵخۆشبووین بە دروستکردنی ئەم نەخۆشخانەیە، چونکە ئەمە یەکەم نەخۆشخانەیە کە تایبەتە بە لەدایکبوون لەسنووری هەر چوار قەزای سۆران مێرگەسوور، رواندزو چۆمان».

ئەو هاوڵاتییە باسی لەوەشکرد، کە ئافرەتەکانمان پێویستیان بە نەخۆشخانەی منداڵبوون دەبێت، دەبێت ئەو رێگا دوورە ببڕین‌و بچینە هەولێر، ئەمەش بۆ ئێمە ناخۆشە کە ئەم رێگایە ببڕین‌و جاری واش هەیە ئەو ئافرەتانە تووشی مەترسی دەبن لە رێگا، لەبەرئەوەی رێگاکەش وەک پێویست نەبووە.

پڕۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی لەدایکبوونی سۆران، کارگێڕیی خۆجێیەتی‌و بەڕێوەبەرێتیی تەندروستیی هەولێر سەرپەرشتی دەکەن‌و لەلایەن کۆمپانیای بێرۆوە جێبەجێدەکرێت، بە تەواوبوونی خزمەتێکی گەورە بە هەر چوار قەزاکە دەکات.

عیسا حاجی عەلی، جێبەجێکاری کۆمپانیای بێرۆ، هۆکاری دواکەوتنی پڕۆژەکەی بۆ گواستنەوەی شوێنی بینای نەخۆشخانەکەو فراوانکردن‌و زیادکردنی قەرەوێڵەکانی‌و چەند گۆڕانکارییەک لە دیکۆری دەرەوەی نەخۆشخانەکەدا گەڕاندەوە.

عیسا حاجی عەلی بە رۆژنامەی راگەیاند «ئێستا (٨٠٪)ی کارەکانی پڕۆژەکەمان تەواو بووەو ماوەیەکمان بۆ زیادکراوەو بەدڵنیاییەوە لەو ماوە زیادەی کە بۆمان دانراوە، پڕۆژەکەمان تەواو دەبێت».

لەلایەکی دیـکـەوە، د. رەفـیـق مەلا ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی تەندروستیی سۆران، وێڕای جەختکردنەوە لە دواکەوتنی تەواوبوونی نەخۆشخانەی لەدایکبوونی سـۆران، بۆ رۆژنامە وتی «سەرەتا ئەم پڕۆژەیە لەشوێنێکی دیکە بـوو، بـەهـۆی بچووکی زەویـیـەکـەوە گواستمانەوە بۆ شوێنێکی دیکە، هەروەها چەند گۆڕانکارییەکی تیاداکراو سەرەتا پەنجا قەرەوێڵەبوو، بەڵام دواتر بوو بە (١١٠) قەرەوێڵە کە نیوەیان بۆ منداڵان‌و نیوەکەی دیکەی بۆ لەدایکبوون بێت».

لە ئێستادا ژمـارەی دانیشتووانی قـەزای سـۆران، زیاتر لە (٦٠) هـەزار کەسەو لە ناحیەکانی دیاناو خەلیفان‌و سیدەکان پێکدێت، جگە لـەمـەش لە سۆران، مێرگەسوور، چۆمان‌و رواندز، نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە لەدایکبوون نییە.

# داوادەکرێت پەرلەمانتارانی گەنج خانەنشین نەکرێن

**راپۆرتی: شارا عەبدولڕحمان**

ژمـارەیـەک رێـکـخـراوی کۆمەڵگەی مـەدەنـی داوای کـەمـکـردنـەوەی مـووچـەی خانەنشینکردنی پەرلەمانتاری بەتەمەن‌و نەهێشتنی خانەنشینی پەرلەمانتارانی گەنج دەکەن‌و ئاماژە بـەوەدەکـەن، کە ئەو پەرلەمانتارانەی لە تەمەنێکی کـەمـدا خانەنشیندەکرێن بێبەرهەم دەکرێن، سەرۆکی یەکێتیی پـەرلـەمـانـتـارانـی کوردستانیش دەڵێت: «با یاسای خانەنشینی پەرلەمانتاران رێکبخرێتەوە».

بـەپـێـی یـاسـای خانەنشینکردنی پەرلەمانتاران، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچـــووە، پەرلەمانتارانی کوردستان دوای تەواوبوونی هەرخولێک بە رێـژەی ٨٠٪ی مـووچـە بنەڕەتییەکەیان خـانـەنـشـیـنـدەکـرێـن، بەوهۆیەشەوە ماوەی دوو مانگە (٣١) رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کەمپەینێکیان پێکهێناوەو هەفتەی رابردوو نوێنەری ئەو رێکخراوانە سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردو یاداشتێکیان سەبارەت بە کەمکردنەوەی مـووچـەی خانەنشینکردنی پەرلەمانتارانی کوردستانیان دایە دەست سەرۆکی پەرلەمان‌و بـڕیـار لـەسـەر کـارکـردن بۆ جێبەجێکردنی یاداشتەکە درا.

پـــڕۆژە یـاداشـتـەکـەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دووخاڵ لەخۆدەگرێت، کـە یـەکـەمـیـان؛ قسەکردنە لەسەر یاسای خانەنشینکردنی پەرلەمانتارانی کوردستان‌و لە یاداشتەکەیاندا ئەوەیان روونـکـردووەتـەوە، کە پاش تێپەڕبوونی چەند خولێکی دیکەی پەرلەمان داهاتێکی زۆر بۆ مووچەی پەرلەمانتارانی خانەنشین دەڕوات.

سمکۆ رەشـیـد، وتەبێژی کەمپەینی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە رۆژنامەی راگەیاند: دوای تێپەڕبوونی چـەنـد خولێکی داهـاتـووی پەرلەمان، دەبینین کوردستان لـەشـکـرێـک پـەرلـەمـانـتـاری خـانـەنـشـیـنـکـراوی هـەیـەو بەهۆیەوە بڕێکی زۆری بودجە بۆ داهاتی ئەو پەرلەمانتارانە دەڕوات، کە ئەمە هەم زیان بە داهاتی گشتیی دەگەیەنێت، هەم ناعەدالەتییەکیشی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە لەئێستادا فـەرمـانـبـەرانـی حکومەت مووچەکانیان کەمە لەچاو ئەو بڕە خانەنشینییەی کە دەدرێت بەو پەرلەمانتارانە.

خـالـی دووەمـــی یاداشتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنـی، خانەنشیننەکردنی پەرلەمانتارانی گەنجە، کە ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران رەنگە دوای تەواوبوونی خولەکە تەمەنیان بگاتە (٣٠) ساڵ‌و بۆ خانەنشینکردن نەگونجێن، لەوبارەیەشەوە سمکۆ وتی: «رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشتر کارمان کرد لەسەر ئـەوەی گەنج بچێتە پەرلەمانەوە، کە ئامانجەکەمان سەریگرت، ئێستا نامانەوێت ئەو گەنجانە هەر لە تەمەنێکی زۆر کەمدا، کە خۆی لە (٣٠) ساڵ دەدات خانەنشینبکرێن، چونکە بەوهۆیەوە بێبەرهەم دەکرێن، بەڵکو دەمانەوێت پەرلەمان بەو گوڕوتینەوە گەنجەکانمان بداتەوە تا بخرێنەوە خزمەتی دامودەزگاکانی دیکە».

بە هەردوو خولی رابردووی پـەرلـەمـان نـزیـکـەی (٢٤٤) پەرلەمانتار خانەشینکراون، کـە مانگانە زیـاتـر لـە (١) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دینار وەک مـووچـەی خانەنشینی وەردەگـــرن، ئەمەش بڕێکی زۆرە، بۆ چارەسەری ئەوەش سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتاران پێیوایە؛ پێویستە گەنجانی ناو پەرلەمان خانەنشیننەکرێن‌و بگەڕێنرێنەوە سەر کارەکانی پێشوویان.

نیعمەت عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتیی پـەرلـەمـانـتـارانـی کـوردسـتـان، بـە رۆژنـامـەی راگەیاند: ئێمە پێمان باشە کە چاو بە یاسای خانەنشینکردنی پەرلەمانتاراندا بخشێنرێتەوەو رێـکـبـخـرێـتـەوە، بەجۆرێک کـە پـەرلـەمـانـتـارانـی گەنج خانەنشیننەکرێن، بەڵکو دوای تەواوبوونی خولی پەرلەمانی بگەڕێنرێنەوە سەر کارەکانی پێشوویان، ئەمەش بەوپێیەی کە ئـەوان خزمەتیان کەمەو دەکرێت سوودیان لێببینرێت لە دامـودەزگـاکـانـی دیکەدا، بـەڵام ئـەوانـەی کە تەمەنیان زۆرەو پێشتر لە پۆستێکی وەک بەڕێوەبەردا ساڵانێکی زۆر خزمەتیان کـردووە، با خانەنشینبکرێن، چونکە رەنگە ئەوان تەمەنیان رێگەیان پێنەدات بچنەوە بـواری خزمەتکردنی دامودەزگاکانەوە».

یاداشتەکەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چارەسەری بۆ پەرلەمانتارە بەتەمەنەکانیش دۆزیوەتەوە، بەجۆرێک ئەوانەی کە تەمەنی یاسایی خۆیان بۆ خانەنشینکردن هەیە، ئاساییە کە خانەنشینبکرێن، بەڵام ئەویش بە (٥٠٪)ی مووچەکەیان، نەک (٨٠٪)ی مووچەکەیان.

سـمـکـۆ رەشـیـد وتـــی: «داوامـانـکـردووە کە ئاسایی بێت ئەگەر لەچەند حاڵەتێکدا پەرلەمانتار خانەنشینبکرێت، ئەویش ئەگەر ئەو پەرلەمانتارە گیانلەدەستبدات یان کەمئەندام بێت، یان تەمەنی یاسایی هەبێت بۆ خانەنشینکردن، کە ئەویش (٦٣) ساڵی تەمەنە، بەڵام بەو مـەرجـەی کە ئـەو مووچەیە بـکـرێـتـە (٥٠٪)ی مـووچـە بنەڕەتییەکەیان، نەک (٨٠٪)ی مووچەکەیان».

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆبوونەوەیاندا لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان، بەڵێنی بەدواداچوونی یاداشتەکەیان پێدراو بە وتەی سمکۆ رەشید، یاداشتەکەیان ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان دەکرێت بۆ بەدواداچوون.

# «بەغدا رێگە لە پێکهێنانی ئەنجومەنی خزمەتی گشتیی فیدراڵیی دەگرێت»

**رۆژنامە**

نزیکەی ساڵێکە یاسای ئەنجومەنی خزمەتی گشتیی فیدراڵیی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دەرچووە بۆ رێکخستنی کاروباری فەرمانبەرانی دەوڵەت‌و تائێستا ئەو ئەنجومەنە پێکنەهاتووەو پەرلەمانتارێکیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە پێویستە نووسینگەی ئەو ئەنجومەنە لە شارەکانی هەرێمیش بکرێتەوە.

لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٩/٣/١٩)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، پڕۆژەیاسای ئەنجومەنی خزمەتی گشتیی فیدراڵیی پەسەندکرا، کە تایبەتە بە رێکخستنی کاروباری فەرمانبەرانی حکومیی‌و دامەزراندن، بەڵام تائێستا ئەو ئەنجومەنە پێکنەهاتووە.

محەمەد شەریف ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێکنەهێنانی ئەو ئەنجومەنەی خستە ئەستۆی حکومەتی عێراقیی، کە بەپێی یاساکە دەبوایە ئەندامەکانی بپاڵێوێت‌و رەوانـەی پەرلەمانی بکات، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیی دژی ئەو یاسایەیەو دەیانەوێت خۆیان فەرمانبەر دابمەزرێنن».

بەپێی یاسای ئەنجومەنی خزمەتی گشتیی فیدراڵیی ئەنجومەنەکە، لە (٧) کەسی پسپۆڕ پێکدێت‌و راستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوەو سەربەخۆیی دارایی‌و ئیداریی دەبێت، ئامانجەکانی بریتیی دەبن، لە بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتی گشتیی‌و زامنکردنی مەبدەئی دادپەروەریی لە دامودەزگاکانی دەوڵەت‌و پلاندانی بواری وەزیفەی گشتیی‌و چاودێریکردنی‌و ئەرکیشی دامەزراندن‌و بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەرانی حکومەت دەبێت.

لە مادەی (١٦)ی ئەم پڕۆژەیاسایەدا هاتووە: کە دەبێت هەرێم‌و پارێزگا نارێکخراوەکان لەچوارچێوەی هەرێمێکدا ئەنجومەنی خزمەتی مەدەنی پێکبهێنرێت بۆ کاروباری وەزائیفی مەدەنی، کە لە دەسەڵاتی ئەو هەرێم‌و پارێزگایانەدایە، لەسەر بنەمای دادپەروەریی‌و هاوتایی دەرفەتی کارکردن‌و لێهاتوویی.

لەوبارەیەوە سامی ئەتروشی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ کە بەپێی ئەو یاسایە دەبێت ئەنجومەنی خزمەتی گشتیی فیدراڵیی نووسینگەی خۆی لە شارەکانی هەرێمی کوردستانیش بکاتەوە، کە هەریەکەیان تایبەتبن بە کاروباری فەرمانبەرانی سنووری پارێزگاکەی‌و هەمئاهەنگیان لەگەڵ ئەنجومەنەکەی بەغدا هەبێت، وتیشی: «نەکردنەوەی نووسینگەی ئەنجومەنی خزمەتی گشتیی فیدراڵیی لە شارەکانی هەرێم، پەیوەستە بە پێکنەهێنانی خودی ئەنجومەنەکەوە، لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە».



# دەروازەی ڕاپەڕین چاوەڕێی مۆنۆمێنت دەکات

شاسوار مامە

**ڕۆشنبیرانو خەڵکی شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین، یەکە ئیدارییەکانی شارەکەیان بەکەمتەرخەم دەزانن لەبەرامبەر دروستنەکردنی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین، کە شارەکەیانی پێ ناسراوە، لەکاتێکدا بەردی بناغەی ئەو مۆنۆمێنتە دانراوە، بەڵام تائێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە**

هاوڕێ کاسترۆ، یەکێکە لە ڕۆشنبیرانی شاری ڕانیەو لەبارەی ئەو مۆنۆمێنتەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەبوایە چەندین ساڵ پێش ئێستا مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین لە ڕانیە دروستبکرێت، کە لە ئاست شکۆداریی مێژووی کورددا بێت».

هاوڕێ کاسترۆ پێیوابوو؛ دروستنەکردنی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین پەیوەندیی بە یەکە ئیدارییەکانی ڕانیەوە هەیە، کە ئەو پڕۆژەیان نەخستووەتە چوارچێوەی کارەکانیانو گرنگییان پێنەداوە.

بەبڕوای هاوڕێ کاسترۆ بوونی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین گرنگیی زۆری هەیە، کە لە دەروازەی شاردا بێت، بۆئەوەی هەرکەسێک سەردانی ڕانیەی کردو چاوی بە مۆنۆمێنتەکە کەوت مێژووی شاری ڕانیە بزانێتو ئەو مۆنۆمێنتە ڕەنگدانەوەی دەروازەی ڕاپەڕین بێت، داواشیکرد لە ماوەیەکی نزیکدا پڕۆژەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە ئێستادا هەریەک لە قوربانییانی کیمیابارانو ئەنفالو ڕاپەڕین داوای دروستکردنی مۆنۆمێنت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، تا ئەو بۆنەو کارەساتانە بۆ مێژوو بە شکۆداریی بمێنێتەوە.

عوسمان مەحمود، کە هاوڵاتییەکی شاری ڕانیەیە لەبارەی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕینەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «ڕاپەڕین، کە ڕانیە دەروازەکەیەتی، ئەمڕۆی دروستکرد، بەڵام دەسەڵات گرنگیی بە شارەکە نادات و ڕێز لە سەروەرییەکانی ناگرێت».

بەبڕوای ئەو هاوڵاتییەی شاری ڕانیە چەندین ساڵ پێش ئێستا دەبوایە ڕەمزێکی ڕاپەڕین بۆ شارەکە بکرایەو گوزارشتی بکردایە لە ڕاپەڕین، ئاماژەش بەوە دەکات؛ هەموو ساڵێک لە یادی ڕاپەڕیندا بەرپرسان سەردانی ڕانیە دەکەنو چەندین بەڵێن بە شارەکە دەدەن، بەڵام تائێستا لەبواری جێبەجێکردندا هیچیان نەدیوە».

عوسمان باسی لەوەش کرد، بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکە لە خەمی شارەکەدا نینو هەوڵیاننەداوە تائێستا مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەبەرامبەردا بەرپرسانی شاری ڕانیەش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پێویستبوو زووتر ئەو مۆنۆمێنتە دروستبکرایەو هۆکاری دواکەوتنەکەشی دەگێڕنەوە بۆ ڕۆتیناتی فەرمانگەکان.

عەلی حەمەد وسوو، قایمقامی ڕانیە، ئاماژەبەوەدەکات؛ دەمێکە بڕیارە مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین دروستبکرێت، بەڵام بەهۆی ڕۆتینات لە هەندێک فەرمانگە دواکەوتووە، بەڵام لە (٥)ی ئازاری ئەمساڵداو لە ساڵیادی ڕاپەڕینی ڕانیەدا بەردی بناغەی مۆنۆمێنتەکە بە تەواویی دادەنرێتو بودجەی بەبڕی (٢) ملیۆن دۆلار بۆ تەرخاندەکرێت.

قایمقامی ڕانیە بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «بڕیارە وەفدێکی هونەرمەندانی سلێمانی سەردانی ڕانیە بکەنو بەرنامە دابنێن بۆ دروستکردنی مۆنۆمێنتەکەو پێشبڕکێیەک دەکەین لەنێوان ئەو هونەرمەندانەو کامیان سەرکەوتوو بوو لە باشترین دیزاینو نەخشەی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین، کاری هونەریی مۆنۆمێنتەکە بەو هونەرمەندە دەسپێردرێت».

قایمقامی ڕانیە جەختیشی کردەوە، کە سەرەڕای ئەوەی شاری ڕانیە خاوەنی سەروەریی و بەرخودانی مەزنە لە مێژووی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، بەڵام تائێستا مۆنۆمێنتێک کە گوزارشت بکات لە دەروازەی ڕاپەڕینو خۆڕاگریی شارەکە دروستنەکراوە، ئەوەش نیگەرانیی ڕۆشنبیرانو هاوڵاتییانی لێکەوتووەتەوە، کە ڕێز لە قوربانیو قارەمانیی شارەکە ناگرێت.

## دوای پشێوییەکەی پیرەمەگروون

# ئاسایش نیگەرانە لە سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی هاوشێوە لە شوێنی دیکە

ئەنستیتیۆی ڕۆژنامەوانی جەنگو ئاشتی


دیمەنێک لە خۆپیشاندانی پیرەمەگروون

دوابەدوای پشێوییەکەی پیرەمەگروون، بەرپرسی ئاسایشی گشتیی هەرێم، سەردانی هاوڵاتییان دەکاتو داوایان لێدەکات کە داواکارییەکانیان بەشێوەیەکی ئاشتییانە بخەنەڕوو.

هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دەترسن لەوەی کە هاوشێوەی ئەو پشێوییەی لە کانوونی یەکەمی ڕابردوودا لە شارۆچکەی پیرەمەگروون سەریهەڵدا، لە هەندێک شارۆچکەی دیکە ڕووبدات، کە خەڵکەکەیان لە ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان ناڕازین.

لە (٢٣)ی کانوونی یەکەمی ڕابردوودا، دانیشتووانی شارۆچکەی پیرەمەگروون خۆپیشاندانێکیان سازکرد بەهۆی کەمیی خزمەتگوزارییەوە لە شارۆچکەکەو بانگەشەی ئەوەشیان کرد، کە گەندەڵیی شارەوانیی شارۆچکەکەی گرتووەتەوە، لەو خۆپیشاندانەدا هێرشکرایە سەر بەرپرسانی شارۆچکەکەو موڵکو ماڵی حکومەت تێکشکێنراو ئۆتۆمبێلی پۆلیسیش سووتێنرا.

ئەو خۆپیشاندانە ئەوپەڕی توندوتیژیی بوو کە شەقامی کوردی لە (٢٠٠٦)ەوە بەخۆیەوە دیویەتیو بریندابوونی (٢٠) کەسو دەستگیرکردنی (٧٠)کەسیشی لێکەوتەوە.

پیرەمەگروون کە بەدووریی (٢٠) کیلۆمەتر کەوتووەتە باکووری خۆرئاوای شاری سلێمانییەوە، دانیشتووانەکەی بۆچوونی جیاوازیان لەسەر دەرئەنجامی خۆپیشاندانەکە هەیە.

لەهەمانکاتدا، بەرپرسانی ئاسایش نیگەرانن لەوەی کە پشێوییەکەی پیرەمەگروون هانی بەرپابوونی خۆپیشاندانی هاوشێوە بدات لەو ناوچانەی کە خەڵکەکانیان ناڕازین.

حاکم قادر حەمەجان، بەرپرسی ئاسایشی گشتیی هەرێم لە سلێمانیو سەرۆکی لیژنەیەکیشە کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەی پیرەمەگروون پێکهێنراوە، وتی: «دڵنیا نیم لەوەی کە خۆپیشاندانەکەی پیرەمەگروون نابێتە نموونەیەک بۆ شوێنەکانی دیکە تا چاوی لێ بکەن، هەموو شتێک دەبێت».

دوای تێپەڕبوونی پێنج هەفتەش بەسەر خۆپیشاندانەکەی پیرەمەگرووندا، هێشتا خەڵکی شارەکە چاوەڕێی ئەو بەڵێنانە دەکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیداون بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانو لە دوای پشێوییەکە، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بەڵێنیاندا (٩) ملیار دینار بۆ بووژاندنەوەی شارۆچکەکە کە ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە (٢٤،٠٠٠)کەس خەرج بکەن.

ئاوات تۆفیق، سەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەکە، هێشتا لە پۆستەکەی خۆی ماوەتەوە، هەرچەندە یەکێک لە داواکارییە سەرەکییەکانی خۆپیشاندەران لادانی ناوبراو بوو لەسەر کارەکەی. خۆپیشاندەران ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە ئاوات هۆکاری پشێوییەکە بوو، چونکە ڕۆژێک بەر لەوە لەسەر تەلەفزیۆن خەڵکی شارۆچکەکەی بە «کوێر» ناوبردبوو، ڕایگەیاندبوو؛ باشتربوونی خزمەتگوزارییەکانی شارۆچکەکە نابینن.

بەکر گوروون، خەڵکی پیرەمەگروونەو تەمەنی (٢٥)ساڵە، وتی: «دوای خۆپیشاندانەکە، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم هاتنە ئێرەو چاویان بە خەڵکەکە کەوتو بەڵێنیاندا وەڵامی داواکارییەکانمان بدەنەوە». هەروەها وتیشی: «ئەوان وتیان دەست بە چەند پڕۆژەیەک دەکەین بۆ چاککردنەوەی ڕێگاکانو قوتابخانەکان، بەڵام تائێستا هیچ نەکراوەو کێشەی کارەباو ئاوو ئاوەڕۆی شارۆچکەکە وەک خۆیان ماونەتەوە».

بە وتەی حەمەجان، دەسەڵاتداران چەند بەڵێندەرێکیان دەستنیشانکردووە تا ئاوەڕۆیەکی نوێ دروستبکەنو قوتابخانەیەکی نوێ بنیاتبنێنو ڕێگاکانیش چاک بکەنەوە، بەڵام کارەکان هێشتا دەستیان پێ نەکردووە. حەمەجان، ئەوەشی خستەڕوو کە سەرۆکی شارەوانیی پیرەمەگروون لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی حکومەتی هەرێم یەکێکی دیکە دەستنیشان دەکات.

هەروەها حەمەجان ڕایگەیاند: دەستگیرکراوەکان، هەر هەموویان جگە لە دووانیان، بە کەفالەت ئازاد کراونو وتی: ئەو دوو کەسە پێشتر پێشمەرگە بوونو ڕەوانەی دادگای سەربازیی کراون.

وتیشی: ئەوەی زیاتر هێزەکانی ئاسایشی نیگەرانکردووە، ئەوەیە کە خەڵکی تووڕەی ناوچەکانی دیکەش لەبری ئەوەی نیگەرانییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ئاشتییانە لای دەسەڵاتداران باس بکەن، بڕژێنە سەر شەقامو گرژیی ڕووبدات.

حاکم قادر، وتیشی: «چووینەتە چەند شوێنێک کە ڕەنگە خۆپیشاندان بەخۆیانەوە ببینن و بە خەڵکی ئەو شوێنانەمان وتووە کە دەتوانن بەشێوەیەکی هێمنانە ناڕەزایەتی دەرببڕنو بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیی داوای مافەکانی خۆیان بکەن».

حەمەجان، ئامادە نەبوو زانیاریی زیاتر بداتو تەنیا ئەوەی وت، کە لە کۆتایی کانوونی یەکەمەوە تائێستا سەردانی شارۆچکەی سەیدسادقو پێنجوێنی لە سنووری پارێزگای سلێمانی کردووەو هەروەها چووەتە قەزای چەمچەماڵو باسی خزمەتگوزارییەکانیشی کردووە.

هەفتەیەک دوای پشێوییەکەی پیرەمەگروون، هێزەکانی ئاسایش ڕژانە ناو شارۆچکەی سەیدسادق، کە دانیشتووانەکەی نزیکەی (٧٥،٠٠٠)کەس دەبێتو زۆربەیان هەژارنو سەر بە پارێزگای سلێمانییە.

لە (٢٠٠٠)ەوە خەڵکی شارۆچکەکە دەنگیان بە پاڵێوراوانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان داوەو تائێستاش شارەوانیی شارۆچکەکە هەر بەدەست پاڵێوراوی ئەو حیزبەوەیە.

ڕەئوف قادر، سەرۆکی شارەوانیی سەیدسادق، وتی: «پێش ڕووداوەکەی پیرەمەگروونیش، دەنگۆی سازدانی خۆپیشاندان لە ئارادابوو، بەڵام لەدوای پشێوییەکەی ئەوێ، خەڵکیی بەئاشکرا باسی خۆپیشاندانیان دەکرد» وتیشی: «دواتر بەرپرسی ئاسایشی گشتیی، حاکم قادر حەمەجان، هاتە قەزاکەو چاوی بە خەڵکو بەپرسان کەوت، پێمان وتووە کە پێویستمان بە پڕۆژەی خزمەتگوزاریی زیاتر هەیەو دەبێت خەڵک دابمەزرێنرێتو ئامێریش بۆ شارۆچکەکە دابینبکرێتو خەڵکیش لەم وەزعەی ئێستا ڕازی نین».

ڕەئوف قادر، داوای یارمەتی لە حکومەت کردو پێشیوایە؛ حیزبایەتیی ڕێگرە لەبەردەم باشتربوونی ڕەوشی هاوڵاتییان لە سەیدسادق.

ڕەئوف قادر، وتی: «لەبەرئەوەی سەر بە یەکگرتووم، ناتوانم فشار بخەمە سەر حکومەتی هەرێم تا کاری زیاتر لە قەزاکەمدا ئەنجامبداتو لە کوردستاندا هیچ چوارچێوەیەک نییە بۆ ئاگاداربوون لەوەی چەند پارە لە ناوچە جیاجیاکاندا خەرجدەکرێتو پەیوەندیی شەخسیو ئینتیمای حیزبیی کاریگەرن».

سالار مەحمود، تەمەنی (٣٠)ساڵەو چالاکوانێکی جەماوەرییە لە سەیدسادق، وتی: کاتێک بە خۆپیشاندانەکەی پیرەمەگروونی زانیوە، خەریکبوو خۆپیشاندانێکی هاوشێوە ڕێکبخات. ناوبراو گومانی لە پاڵنەرەکانی سەردانی تیمەکەی ئاسایش بۆ سەیدسادق هەیەو وتی: «سەردانی بەرپرسی ئاسایشی سلێمانی بۆ ئەوەبوو تا پیشانمان بدات کە هێزەکانی ئاسایش ئامادەن بۆ خۆپیشاندان، ئەگەرنا بۆچی بەرپرسی ئاسایش دەنێرنە لامان؟ ئەگەر دەیانویست لە نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی ئێرە ئاگاداربببنەوە، دەیانتوانی بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستیو وەزارەتی پەروەردە ڕەوانە بکەن».

حەمەجان، وتی: «بەشێک لە ئەرکەکەی وەک بەرپرسی ئاسایش ئەوەیە، سەردانی شارۆچکەکان بکاتو نیگەرانییەکانی خەڵک تاووتوێ بکات».

خزمەتگوزارییەکانی وەک کارەباو ئاوو ئاوەڕۆ، داواکارییە سەرەکییەکانی خەڵکی پارێزگای سلێمانین، بەتایبەتی لە ناوچە هەژارنشینەکاندا وەک پیرەمەگروون، کە لە ساڵی (١٩٨٨) لەلایەن ڕژێمی سەدام حسێنەوە بۆ ڕاگواستنی هاوڵاتییانی کورد لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا دروستکراوە.

ئاوات تۆفیق، کە لە (٢٠٠٥)دا کراوە بە سەرۆکی شارەوانیی پیرەمەگروون، ڕایگەیاند: خەڵکی شارۆچکەکە لە پڕۆسەی خەرجکردنی بودجەی پەرەپێدانی کاروباری گشتیی تێناگەن.

لەوەتەی نووسینگەکەی لە پشێوییەکەدا تێکدراوەو بە بەرد پەنجەرەکانی شکێنراوە، تۆفیق چووەتە سلێمانیو لەوێ کارەکانی شارۆچکەکە بەڕێدەکات.

ئاوات تۆفیق بە IWPRی ڕاگەیاند: «خەڵک منیان بە گەندەڵیو دزینی پارە تۆمەتبار کردو نازانن بودجەکە لەژێر دەستی مندا نییە، دەبێت سەرەتا بودجەی هەموو پڕۆژەیەک لە لایەن بەرپرسانی سەرەوە پەسەندبکرێت، بەرلەوەی بە بەڵێندەر بدرێت».

هەروەها وتی: «هەمیشە بودجەکە زۆر کەمەو بەشی ڕازیکردنی هەموو کەسێک ناکات لە پیرەمەگروون، ئەوپەڕی هەوڵمدا، بەڵام بەداخەوە خەڵکەکە ڕێزیان نەگرتم».

زۆربەی ئەو گەنجانەی کە سەرمەشقی خۆپیشاندانەکە بوونو زۆرێکیشیان دوای خۆپیشاندانەکە بۆ قوتاربوون لە هەڵمەتی هێزەکانی ئاسایش، خۆیان شاردبووەوە، ئێستاش سوورن لەسەر هەڵوێستی خۆیان. یەکێک لە ڕابەرانی خۆپیشاندانەکە کە لەترسی تۆڵەسەندنەوە ڕازی نەبوو ناوی خۆی بدات، وتی: «خەڵکی پیرەمەگروون مێژوویەکی دووروودرێژیان لە خەباتو قوربانیداندا هەیەو ناتوانین بێدەنگ بین کاتێک حکومەتەکەمان پشتگوێمان دەخاتو کاری خۆی ناکات».

بەڵام زۆرێک لە پیاوماقووڵانی شارۆچکەکە پێیانوایە؛ بەکارهێنانی توندوتیژیی هەڵە بووە.

پیرەپیاوێکی پیرەمەگروون، کە دوای پشێوییەکە چاوی بە نوێنەرانی حکومەت کەوتووەو داوای باشترکردنی خزمەتگوزارییو لادانی سەرۆکی شارەوانی لە کارەکەیدا کردووە، وتی: «خۆپیشاندانەکە بەباشی ڕێکنەخرابوو، توندوتیژیی بەخۆیەوە بینیو نەمانتوانی داواکارییەکانمان بەباشی بگەیەنین، سووتاندنی ئۆتۆمبێلو وردوخاشکردنی دەرگای نووسینگەکانی حکومەت، هەرگیز کێشەکانی شارۆچکەکە چارەسەر ناکەن».

# هیوا میرزا سابیر: بودجە لەلایەن دەسەڵاتەوە بڕیاری لەسەردراوەو رەوانەکردنی بۆ پەرلەمان، تەنیا بۆ شەرعیەتپێدانی بووە

سازدانی: رۆژنامە

**هیوا میرزا سابیر، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستانو ئەندامی لیژنەی داراییو ئابووریی لە پەرلەمان لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پڕۆژە بودجەی ئەمساڵی حکومەتی هەرێم لە رووی بوارەکانی خەرجکردنەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بودجەی ساڵی رابردووی حکومەتدا نییە، هەروەک ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات؛ ئەو رێژە زۆرەی بودجە کە بۆ مووچە دەڕوات، زۆربەی مووچەخۆرەکانی دیارنین. ناوبراو باس لەوە دەکات؛ ئەو پڕۆژەیاسایەی بودجە کە رەوانەی پەرلەمان کراوە، پێشتر لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە بڕیاری لەسەر دراوەو رەوانەکردنی بۆ پەرلەمان، تەنیا بۆ شەرعیەتپێدانی بووە.**



**رۆژنامە: جیاوازییەک لەنێوان بودجەی ساڵی رابردوو لەگەڵ پڕۆژەبودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا دەبینن؟**

* بودجەی ساڵی (٢٠١٠) بڕەکەی زیاترە لە بودجەی ساڵی(٢٠٠٩)، بەڵام پڕۆژەیاسای حکومەتی هەرێم بۆ چۆنێتیی خەرجکردنی بودجەی(٢٠١٠)، هەروەک ساڵانی رابردووە لە ناردنی بۆ پەرلەمان، کە دەبوا مانگی (١٠)ببینرێت، دواکەوتو بوارەکانی خەرجکردنیو دابەشکردنی لە ساڵانی رابردوو جیاوازییەکی ئەو تۆی نییەو هەروەک ساڵانی رابردوو، بودجەی هەرێمەکەمان لە بواری بەکاربردندا خەرجدەکرێت کە (٦٥٪ - ٧٠٪)ی بۆ ئەو مووچەخۆرانە دەڕوات کە زۆربەیان نادیارنو هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ بەرژەوەندیی حیزبیی خۆیانو کەسبی حیزبیی دایناونو بۆشاییەک بۆ حکومەتو راپەڕاندنی کارەکانی ژیانی هاوڵاتییان پڕناکەنەوەو لەو لایشەوە وا دەردەکەوێت لە دابەشکردنی بودجەدا هەمان سیاسەتی سەردەمی دوو ئیدارەیی پەیڕەودەکرێتو هەندێک لە وەزارەتەکانو دامودەزگاکان بە دوو پارچەیی مابنەوە، لەهەموو بارێکدا دەخوازێت کە ئەمساڵ پەرلەمان، زۆربەی کێشەکانی تایبەت بە بودجە چارەسەر بکاتو حکومەت پابەند بکات بەو خاڵانەی کە لیژنەی دارایی پەرلەمان لە ساڵانی رابردوودا بە مەرج دانیابوون لەسەر حکومەت بۆ پەسەندکردنی بودجە.

**رۆژنامە: لە خولەکانی رابردوودا، بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە، کە ئەو بڕەی لە بودجە بۆ خەرجە بەکاربەرەکان دیاریکراوە، زۆر زیاترە لەو بڕەی بۆ خەرجییەکانی وەبەرهێنانو خزمەتگوزارییەکان دیاریکراوە، چۆن تەماشای پڕۆژەکەی ئەمساڵ دەکەن؟**

* بەپێچەوانەوە، ئێمە وەک لیژنەی دارایی پەرلەمان لە خولی دووەمدا، بەردەوام رەخنەو گلەییو سەرنجمان لەسەر ئەوە بوو، کە ئەو بڕەی بودجە کە بۆ خەرجییە بەکاربەرەکان دیاریدەکرا زۆر زیاتر بوو لەو بڕەپارەیەی کە بۆ بواری وەبەرهێنانو ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان دیاریدەکرا. ئەمساڵ حکومەت بەڵێنیداوە کە گرنگی بە بواری وەبەرهێنانو ئاوەدانکردنەوە بداتو بڕێک لەو بودجەیەی زیادکردووە، بۆیە جێی خۆیەتی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان، بەدواداچوون لەم بارەیەوە بکەنو بزانن ئەو بودجەیە لەماوەی ئەمساڵدا چۆن خەرجدەکرێت، بەرهەمەکانی یەکسان دەبێت بەچی، چونکە بەداخەوە، بەڵێنی زۆر دراوەو دەدرێتو جەماوەریش چاوەڕوانیی زۆری کردووە، بەڵام زۆرجار ساڵ کۆتاییدێتو پڕۆژەکان هەروەک خۆیانو جێبەجێنەکراون، ئەمەیش بارێکی سلبیی گەورەیەو ئەرکی پەرلەمانو حکومەتە چارەسەری بکەنو بەپێی ئەولەویاتی واقیعی هەرێمەکەمان بەرنامەی بۆ دابنرێتو لێی بپرسنەوە.

**رۆژنامە: بە بۆچوونی ئێوە، گرنگترین ئەو خاڵانە کامانەن کە دەبێت پەرلەمانتاران هەولبدەن بۆئەوەی لە پڕۆژەبودجەی ئەمساڵدا جێگەی بکەنەوەو جێگیری بکەن؟**

* جێی خۆیەتی سەرەتا پێداچوونەوەیەکی وردی راپۆرتی لیژنەکانی خولی پێشوو بکەنو رەخنەو سەرنجەکانو داواکانیان بەهەند وەربگرن، بۆ ئەوەی کاتو توانایان بۆ بگەڕێتەوەو شتی نوێو باشتر لە قۆناغی پێشوو لەوبارەیەوە بەرهەمبهێننو مامەڵەیەکی بوێرانەو شەفافانەو بێلایەنانە لەگەڵ یاسای بودجەدا بکەنو لەخاڵە لاوازەکانی یاسای بودجەو بوارە نادیارو گوماناوییەکانی بێدەنگ نەبنو پڕۆژەیاسای بودجە بە هەندێک پاساوی لاوازو بێبنەماوە تێنەپەڕێنن، بە بۆچوونی من، ئەم چەند خاڵە پێویستن کە پەرلەمانتاران بۆ بودجەی ئەمساڵ کاری لەسەر بکەن:

١- داواکارییەکانی لیژنەی دارایی لە راپۆرتیاندا بۆ بودجەی ساڵی (٢٠٠٨) .

٢- دانانی سیاسەتو بەرنامەیەک بۆ بودجەو یەکخستنەوەی بوارەکانی خەرجیو کۆتاییهێنان بە ئاسەوارەکانی سەردەمی دوو ئیدارەیی .

٣- یەکخستنەوەیەکی راستەقینەی وەزارەتەکانو دامودەزگاکانی دیکە.

٤- بەدواداچوونی زیاتر لەو ٦٥٪-٧٠٪ی بودجەیە کە بەناو بۆ فەرمانبەران خەرجدەکرێتو یەکلایی بکەنەوە کە کێن ئەو فەرمانبەرو مووچەخۆرانە؟

٥- یەکلاییکردنەوەی بودجەو یارمەتی حیزبو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی .

٦- بەرجەستەکردنی شەفافیەت لە داهاتەکانی ناوخۆی هەرێمو چارەنووسی گرێبەستە نەوتییەکانو پاڵاوگە نەوتییەکانی هەرێم.

**رۆژنامە: ئەو پڕۆژەیەی رەوانەی پەرلەمان کراوە، تا چەند شەفافیەتی تێدا هەیە؟**

* پڕۆژەیاسای بودجە کە ساڵانە حکومەت دەینێرێتە پەرلەمان، بە وردیی بوارو لایەنەکانی تێدا باسکراوە، بەڵام کێشە لەوەدایە کە پەرلەمانو لیژنەکانو پەرلەمانتارەکان کەمتر خۆیان بە دیراسەکردنو بەدواداچوونیەوە خەریک کردووە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیاسایە لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە پێشتر بڕیاری لەسەردراوەو کاتێک دێتە پەرلەمان، تەنیا بۆ شەرعیەتپێدانیەتی، پێشتر من لەکاتی تاووتوێی بودجەدا لە خولی دووەمدا، هەموو ساڵەکان رەخنەم لەوە دەگرت، کە ئەگەر پەرلەمان توانای گۆڕانکارییو دەستکاریی لەو پڕۆژەیاسای بودجەدا نییە، ئیتر تاووتوێکردنو قسەلەسەرکردنی لیژنەکان چ واتایەکی هەیەو لەسەر ئەمەش هەرگیز دەنگم بەو یاسایە نەداوەو ساڵی چوارەمیش بایکۆتی کۆبوونەوەکانی لیژنەی داراییو پەرلەمانم کرد بۆ بابەتی دیراسەی بودجە، هەروەها بودجە لەناوخۆیدا زۆر ناشەفافیو بواری تێدایە، کە ئەگەر لیژنەکان جدیی بن لە بەدواداچوونیدا، جێگەی قسەو رەخنەیە.

**رۆژنامە: لەو نێوەندەدا، دەبێت ئۆپۆزسیۆن چ رۆڵێکی هەبێتو چی بکات؟**

* بێگومان خەڵکی چاوەڕوانییەکی زۆری لە ئۆپۆزسیۆن هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەو کاریگەریی بەرچاوی لەسەر بەرجەستەکردنی شەفافیەت لە بودجەداو فشارخستنەسەر پەرلەمانو حکومەت بۆ کۆتاییهێنان بە قۆرغکارییو ناڕوونی لەبواری داهاتو سامانی ئەم هەرێمەدا.

# نەخۆشیی شێرپەنجە، لە زیادبووندایە

# دەزگای «کوالێتی کۆنترۆڵ» لەئاستی پێویستدا نییە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

**بوونی خۆراکو دەرمانی خراپ لە بازاڕەکانی هەرێمو پیسیی ژینگەی کوردستان، ژمارەی تووشبووانی شێرپەنجە زیاددەکاتو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بۆ رێگریی لەو دیاردەیە کۆبوونەوە دەکەن، ئەندام پەرلەمانێکیش پێیوایە؛ کوردستان پێویستی بە دەزگایەکی کوالێتی کۆنترۆڵی بەهێزتر هەیە، «چونکە ئەوەی ئێستا هەیە لە ئاستی پێویستدا نییە».**



نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی، چەند توشبوویەک بە شێرپەنجە

بە مەبەستی گرتنەبەری رێوشوێنی پێویستو کۆنترۆڵکردنی هاتنەناوەوەی خۆراکو دەرمانو کاڵای خراپو خوار ستانداردی جیهانی، هەفتەی رابردوو، وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی تەندروستی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.

د. تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، نکۆڵی لەوە نەکرد کە ماوەیەکە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە لە کوردستاندا بەرەو زیادبوون دەڕۆنو ئەوەی خستەڕوو، کە تائێستا هۆکارەکەشی نەزانراوە، بەڵام پێیوایە گۆڕینی شێوازی خواردنو هاتنەناوەوەی خۆراکی خراپ بە قاچاغ، هۆکارێکی سەرەکییە، بە شێوەیەک «پێشتر خەڵک بەروبوومی ناوخۆی بەکاردەهێنا، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوەیەو بەروبوومی دەرەوە بەکاردێت، جگە لەوەی خواردنی زۆری رێژەی چەوریو خواردنی ئامادەکراو زیاد بەکاردەهێنرێت»، هۆکاری کۆبوونەوەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە کوالێتی کونترۆڵ لە وەزارەتی تەندروستیو پلاندانو کشتوکاڵیش هەیە، «بۆئەوەی پێکەوە هاوکاربن لە رێگرتن لە هاتنەناوەوەی خۆراکو دەرمانی خراپ».

د.رێباز فەتاح، ئەندامی لیژنەی تەندروستیی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی رەخنەی لەوەگرت کە وەزارەتی تەندروستیو خوێندنی باڵا سەنتەری توێژینەوەیان لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان نییەو ئەوەشی بە «ناتەواوییەک»ی حکومەت لەقەڵەمدا، باسی لەوەکرد کە ناتوانرێت تەواوی هۆکاری زیادبوونی نەخۆشیی شێرپەنجە بۆ ئەو خوراکانە بگەڕێنرێتەوە کە دێنە کوردستان، وتی: «سەنتەری تایبەتو ئامێری نوێ وایکردوە کە دۆزینەوەی نەخۆشیی شێرپەنجە ئاسانتر بێتو هەستپێدەکرێت بەراورد بە رابردوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کە بوونی دەرمانو خواردەمەنی خراپ کاریگەریی هەیە لەسەر زیادبوونی رێژەکە لە کوردستان».

د.رێباز، جەختی لەوە کردەوە، کە خۆراکو دەرمانی خراپ، دزەدەکەنە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانەوەو نیگەرانیی خۆشی دەربڕی لەوەی کە پڕۆژەیاسایەک یان دەزگایەکی کوالێتی کۆنترۆڵی هێندە بەهێز نییە کە بتوانێت رێگریی لەوە بکاتو وتی: «زۆر بە ئاسانیی دەرمانو خۆراکی خراپیش دێتە هەرێمی کوردستانو بێگومان بۆ چارەسەری ئەوەش، پێویستی بە هاوکاریی وەزارەتی تەندروستیو ئیشی لیژنەکەی ئێمەیە کە ئێستا کاری لەسەر دەکەین».

هەرچەندە چەندساڵێکە دەزگای کۆنترۆڵی جۆری لە کوردستان دامەزراوەو لە خاڵەکانی سەرسنووردا بنکەیان هەیە، ساڵی رابردووش بەشی چاودێریی خۆراک لە تاقیگەی تەندروستیی هەولێر لەسەر بودجەی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)و بە بڕی (١)ملیۆنو (٤٠٠)هەزار دۆلار کرایەوە، بەڵام تائێستا نەتوانراوە کۆنترۆڵی بازاڕەکان بکرێتو خۆراکو دەرمانو کاڵای خراپ لە بازاڕەکاندا هەیە.

د.رێباز فەتاح، باسی لەوەکرد، کە لەماوەی رابردوودا، پڕۆژەیاسایەک دەربارەی دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵ هاتووەتە پەرلەمانی کوردستانو ئاڕاستەی لیژنەکەیان کراوە، بەڵام رەتکراوەتەوەو لەوبارەیەوە وتی: «پڕۆژەیاساکە لە هی ساڵانی هەشتاکان دەچوو، بۆیە گەڕاندمانەوەو ئێستا خۆمان لەسەر ئەوە کاردەکەینو پڕۆژەیاسایەکی نوێ ئامادە دەکەین کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجێت».

وەزیری تەندروستی لەو بڕوایەدایە، کە ئێستا لە خاڵە سنوورییەکانی نێوان کوردستانو وڵاتانی دەرەوە، شتی خراپ نایەتە ناوەوەو کۆنترۆڵکراوە، «بەڵام هیچ میکانیزمێکمان نییە بۆ نێوان سنوورەکانی هەرێمو شارەکانی دیکەی عێراق، کە لەو رێیەوە شتە خراپەکان دێنە ناوەوە، دەبێت هەوڵبدەین بە هەماهەنگیی ئەو گرفتە چارەسەربکەینو ئێستا گەیشتووینەتە ئەوەی کۆبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بکەینو رێنماییەک دابنێین کە چۆن کوالێتی کونترۆڵمان لە سنوورەکانی وڵاتانی دەرەوە هەیە، لە شارەکانی عێراقیشدا هەمانبێت».

بەڵام ئەندام پەرلەمانەکەی کوردستان، پێیوایە؛ دەزگای کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمدا نەیتوانیوە رێگرییەکی تەواو لە هاتنی خۆراکو کاڵای خراپ بکاتو نەیتوانیوە ئەو کێشەیەی کە هەیە چارەسەر بکات، «لەبەرئەوە پێویستمان بە دەزگایەکی بەهێزتر هەیە»، بۆچوونیشی وایە، کە هەندێک وتەی بەرپرسانی کوالێتی کۆنترۆڵ راستبن بەهۆی پێویستییان بۆ ئامێری نوێ، بەڵام دووپاتیدەکاتەوە کە ئەوەی گرنگە، پێویستی خەڵکی کوردستانە بۆ دەزگایەکی کۆنترۆڵی بەهێز کە «زەمانەت بدات بۆ ئەو خۆراکانەی لە بازاڕدان، نەک بیانو بهێنێتەوە، چونکە ئەو دەزگایە بۆ ئەوەیە کە چارەسەری کێشەکە بکات، ئەو دەزگایەی ئێستا هەمانە لە ئاستی پێویستدا نییە».

# بەهۆی نەبوونی تەوافەی تانکییەوە
# هەموو ماڵێک لە سەعاتێکدا (٤٢٠٠) لیتر ئاو لە سلێمانی بەفیڕۆدەدات

ڕاپۆرتی: فرمان عەبدولڕحمان



بەلۆعەی مزگەوتەکە هێشتا ئاوی پێدا دەهاتە خوارەوە، کاتێک جەزا عەبدوڵڵای (٥٨) ساڵ بە دەستەسڕێک دەموچاوە تەڕەکەی دەسڕی، دوای ئەوەی دەستنوێژی بۆ نوێژی عەسر گرت، جەزا بەلۆعەکەی نەگرتەوە وەکو ڕێزگرتنێک بۆ هاوڕێکەی، کە سەرەی بوو دەستنوێژ بگرێت، ئەو ماوەیە تەنیا (١) خولەکی خایاند، بێ ئەوەی بزانێت کە لەو ماوە کەمەدا بڕی (٧٠) لیتر ئاوی بەفیڕۆداوە، جەزا وتی: «ئاو نیعمەتێکی خوای گەورەیە، دەبێت ئیسرافی تێدا نەکرێت، بەڵام من نەمزانیوە، ئەوەندەم ئاو لەو کاتەدا بەفیڕۆداوە ئومێدەوارم خودا لێم خۆش بێت».

لە شاری سلێمانیدا (١٨٥) مزگەوت هەیەو بە تێکڕایی (٣٠٠-٥٠٠) کەس ڕۆژانە سەردانی مزگەوتەکان دەکەن، ئەمە جگە لەوەی (٧٥) مزگەوت لەشارەکەدا نوێژی هەینی تێدا ئەنجامدەدرێت، کە ئەوەش سەردانکەرانی مزگەوت زیاتر دەکەن، کە ڕەنگە چەندین کەسی وەکو جەزا عەبدوڵڵا لەبارەی ئابووریکردن لە ئاودا هۆشیاریی تەواویان نەبێت، هەربۆیە نەبوونی هۆشیاریی لای هاوڵاتییان لە بەکارهێنانی ئاوداو زیادەڕۆییکردن لە بەفیڕۆدانی ئەو سامانە گرنگەدا یەکێکە لە دیاردە مەترسیدارەکان لەشاری سلێمانی.

لەماوەی ڕابردوودا شاری سلێمانی بەدەست کێشەی کەمئاوییەوە دەیناڵاند، بەڵام ئێستا بەوتەی بەرپرسانی بەڕێوەبەرێتیی ئاوی سلێمانی بە دەست کێشەی بەفیڕۆدانی ئاو لەلایەن هاوڵاتییانەوە دەناڵێنێت، بەوپێیەی جگە لەوەی نرخی بەکارهێنانی ئاو زۆر ڕەمزییە، هاوکات نەبوونی پێوەرو کەمیی هۆشیاریی هاوڵاتییانیش لەبارەی زیادەڕۆیی نەکردن لەئاودا هۆکارێکی سەرەکیی بەفیڕۆچوونی ئاوە لە شاری سلێمانی، بەشێوەیەک ڕێژەی بەفیڕۆچوونی ئاو بە (٣٠٪-٣٥٪) دەخەملێنرێت، لە کۆی گشتیی ئەو ئاوەی بۆ شاری سلێمانی دابیندەکرێت.

سەرچاوەی دابینکردنی ئاوی سلێمانی بریتییە لە هەردوو هێڵی ئاوی دوکان-سلێمانیو سەرچنار لەگەڵ ژمارەیەک بیری ئیرتیوازیدا، کە بە هەموویان ڕۆژانە (١٢-١٥) هەزار مەتر سێجا ئاو لە سەعاتێکدا دەهێننە سلێمانییەوە، بەشێوەیەک لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا (٢٨٨) هەزار بۆ (٣٦٠) هەزار مەتر سێجا ئاو بۆ سلێمانی دابیندەکرێت، کە بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی سلێمانی لە (٢٤) سەعاتدا تەنیا (٢٨٠) هەزار مەتر سێجا ئاوی پێویستە، بەوشێوەیەش هەر تاکێک ڕۆژانە (٣٠٠) لیتری بەردەکەوێت، بەڵام بەفیڕۆدانی ئاو لەلایەن هاوڵاتییانەوە ئەو ڕێژەیەی بەرزکردووەتەوە بۆ (٥٠٠) لیتر، کە ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەر سامانی ئاو لە شاری سلێمانیدا دروستکردووە.

سەربەست عوسمان، جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوو ساڵ لەمەوبەر سلێمانی کێشەی کەمئاویی هەبوو، بەڵام ئێستا کێشەی بەفیڕۆدانی ئاوی هەیە، سەربەست وتی: «بەهۆی ئەو زیاد بەکارهێنانو بەفیڕۆدانەی ئاوەوە، کە لەلایەن هاوڵاتییانەوە ئەنجامدەدرێت مەترسیی دروستبوونەوەی قەیرانی کەمئاویی دەکرێتەوە».

جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی سلێمانی ئەوەشی خستەڕوو، کە بەشێکی زۆری هاوڵاتییان نازانن، کە ئەو ئاوەی لە تۆڕەکانی سلێمانییەوە بۆیان دابیندەکرێت، تێچوونێکی زۆری تێدەچێتو پێویستە تەنیا بۆ خواردنەوە بەکاربهێنرێت، ئەگەر بۆ پێداویستییەکانی دیکە بەکارهێنرا، دەبێت بەشێوەیەکی ئابوورییانە بەکاریبهێنن.

ئاریان ئیسماعیل، (٢٣) ساڵ، شۆفێری تاکسی، سەرقاڵی شتنی ئۆتۆمبێلەکەی بوو لەبەردەم ماڵەکەیدا، بەردەوام ڕۆیشتنی ئاو لە سۆندەکەی دەستییەوە جۆگەلەیەکی درێژی دروستکردبوو، کە هەستدەکرا بارانێکی بەخوڕ باریوە، ئاریان وتی: «بە (١٠) خولەک ئۆتۆمبێلەکەم دەشۆم، لەو باوەڕەدا نیم دەریاچەی دوکان بەم ئۆتۆمبێل شتنەی من خاڵی بێتەوە».

بەڵام ئەوەی ئاریان زانیاریی لەبارەوە نەبوو، ئەوەبوو کە ڕۆیشتنی ئاو بۆ ماوەی (١٠) خولەک یەکسانە بە بەکاربردنی (٧٠٠) لیتر ئاو، کێشەکەش ئەوکات دەستپێدەکات، کە ڕەنگە لەهەمان ئەو کاتەی ئاریان ئۆتۆمبێلەکەی دەشوات، دەیەها کەسی دیکەش لە شاری سلێمانی سەرقاڵی شتنی ئۆتۆمبێلەکانیان بن، کە ئەوەش دەرئەنجامی ئەو کەمیی هۆشیارییەیە، کە دەربارەی گرنگیی سامانی ئاو لەنێو زۆرێک لە هاوڵاتییاندا بوونی هەیە.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی وتەی جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی سلێمانی نزیکەی (٥٠٪)ی ماڵەکانی سلێمانی تەوافەیان نییە بۆ گرتنەوەی ئاوی ڕەئیسی کاتێک تانکییەکانیان پڕ دەبێت، ئەوەش یەکێکی دیکەیە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەفیڕۆدانی ئاو لە سلێمانیدا، چونکە ئەگەر بەلۆعەیەک تەنیا دڵۆپە بکات لەماوەی (١) سەعاتدا سێ لیتر ئاو بەفیڕۆ دەدات، کە لەماوەی (٢٤) سەعاتدا دەکاتە (٧٢) لیتر، خۆ ئەگەر بۆرییەکی نیو ئینج تەوافەی نەبێت لە (١) خولەکدا (٧٠) لیتر ئاو بەفیڕۆ دەدات، واتە لە سەعاتێکدا (٤٢٠٠) لیتر ئاو بەفیڕۆ دەچێت.

فەرمانگەی ئاوی سلێمانی بۆ دانانی سنوورێک بۆ بەفیڕۆدانی ئاو ڕێوشوێنی سزادانی سەرپێچیکارانی داناوە، بەپێی زانیارییەکانی فەرمانگەی ئاوی سلێمانی ڕۆژانە (١٠٠) هاوڵاتی سزا دەدرێت لەسەر بەفیڕۆدانی ئاو، بەڵام کەمیی بڕی سزادانەکەو کەمیی نرخی ئەو باجەی لەسەر بەکارهێنانی ئاو دانراوە، کە مانگانە تەنیا (٥٠٠) دینارە، هاوکات بەهۆی کەمیی هۆشیاریی بەکاربەرانی ئاوەوە، ئەو ڕێوشوێنانە نەبوونەتە ڕێگرێک لەبەردەم بەفیڕۆنەدانی ئاو لەلایەن هاوڵاتییانەوە.

زۆرینەی هاوڵاتییانی شاری سلێمانی مسوڵمانن‌و هاوکات ئایینی ئیسلامیش زیادەڕۆییکردنی لەبەکارهێنانی ئاووسەرجەم سامانەکانی دیکەیش قەدەغەکردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە زۆرینەی هاوڵاتییان مسوڵمانن، کەچی بەفیڕۆدانی ئاو ڕێژەیەکی بەرزی بەخۆیەوە بینیوە.

محەمەد عەبدوڵڵا پێنجوێنی، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (عەبدولڕەحمان بۆسکانی) لە سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد؛ ئایینی ئیسلام ڕێگریی کردووە لە زیادەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی «نیعمەتەکانی خوای گەورە» لەوانەش ئاو، هەروەک نموونەی ئایەتێکی قورئانی هێنایەوە «کلوا واشربوا ولاتسرفوا» واتە بخۆن‌و بخۆنەوەو زیادەڕۆیی مەکەن لە بەکارهێنانیدا. وتیشی: «زۆرجار هاوڵاتییان پابەند نابن بە هیچ ڕێنماییەکی ئایینیو دنیاییەوە، ئەوەش پێویستی بە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی تاکەوە هەیە بۆ هەست بە بەرپرسیارێتیی بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی».

ئەو مامۆستا ئاینییە ئاماژەی بەوەش کرد؛ چەندین پۆستەرو نووسینیان بە مزگەوتەکەیاندا هەڵواسیوە بۆ ئەوەی هاوڵاتییان بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی ئاودا بکەن‌و بەفیڕۆی نەدەن.

بەفیڕۆدانی ئاو لەلایەن زۆرێک لە هاوڵاتییان لە کاتێکدایە، کە کوردستان‌و عێراق بە قەیرانێکی سەختی کەمئاویدا گوزەر دەکات، پسپۆڕانی بواری هایدرۆلۆجی‌و کەشوهەوا پێیانوایە؛ عێراق لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕووبەڕووی گەورەترین قەیرانی کەمئاویی دەبێتەوە، بەشێوەیەک ڕەنگە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، کە بەهۆی زۆریی سەرچاوە ئاوییەکانییەوە لانکەی شارستانی بووە، ببێتە ناوچەیەکی بیابانیی.

زانای کەشناسی ئەکیۆ کیتاوالە پەیمانگەی ژاپۆنی بۆ لێکۆڵینەوە کەشناسییەکان، لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئەسیۆشیەیتد پرێس ڕایگەیاند: وشکەساڵیی هۆکارێکە بۆ دروستکردنی قەیرانی کەمئاویی لە عێراقدا، وتیشی: «بەڵام ئەگەر وردتر بچینە نێو وردەکارییەوە ئەو شەپۆلە وشکەساڵییەی ناوچەکەی گرتووەتەوە، ڕەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاوی ڕووباری فورات بە ڕێژەی (٧٣٪) کەمبێتەوە، ئەگەر ئەوەش ڕووبدات بەدڵنیاییەوە عێراق لەم سەدەیەدا دەبێتە بیابان‌و ئێستاش سەرەتای ئەو گۆڕانە ترسناکە دەستیپێکردووە».

هەر لەو چوارچێوەیەدا عەلی بابان، وەزیری پلاندانانی عێراق، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا وتی: «تینوێتی ڕاستەقینە لە عێراقدا دەستیپێکردووە، کشتوکاڵکردنمان هێواش هێواش لەناو دەچێت».

هەروەها پاولۆ لیمپۆ، ڕێکخەری پڕۆگرامی گەشەپێدان لە یۆنامی، ڕایگەیاند: عێراق ڕووبەڕووی گرفتی داڕووخانی سەرچاوە ئاوییەکانی بووەتەوە، هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی پلانێکی ستراتیژیی لەلایەن حکومەتی عێراقی بۆ ئیدارەدانی سامانە ئاوییەکان‌و خراپ بەکارهێنان‌و بەفیڕۆدانی ئاو لەلایەن هاوڵاتییانەوە، لەوبارەیەوە وتی: «(٩٠٪)ی سەرچاوە ئاوییەکان بۆ بواری کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێن، لەکاتێکدا زۆرینەی پێداویستییە خۆراکییەکانی لە دەرەوە هاوردە دەکات».

عێراق بە شێوەیەکی سەرەکیی پشت بە هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات‌و لقەکانی ڕووباری دیجلە دەبەستێت، بەوپێیەش کە سەرچاوەکانی ئەو دوو ڕووبارە لە دەرەوەی سنوورەکانی عێراقەوە هەڵدەقوڵن، کە (٨٠٪)ی لە تورکیاو (٢٠٪)ی لەئێرانەوە دێن، هەربۆیە عێراق بەردەوام ڕووبەڕووی قەیرانی کەمئاویی دەبێتەوە.

جەمال بەتیخ، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵو ئاوو هۆڕەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشبینی کرد، عێراق لەماوەیەکی کورتدا (٤٠٪) ی زەوییە کشتوکاڵییەکانی لەدەستدەدات، چونکە وڵاتانی دراوسێی عێراق بەردەوامن لە دروستکردنی بەنداو لەسەر سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان، بەتایبەتی تورکیا، لەو بەنداوانەش کە کاریگەرییەکی مەترسیدار دروستدەکەن، بریتییە لە بەنداوی ئەلیسۆ، کە لەسەر ڕووباری دیجلە ساڵی (٢٠٠٦) دەستکراوە بە کارکردن تیایداو ساڵی (٢٠٢٠) بڕیارە تەواوبێت، کە توانای گلدانەوە (١١,١٤) ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیەو بەوەش ڕێژەی ئاوی ڕووباری دیجلە (٤٧٪) کەمدەکاتەوە.

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستاندا چەند ڕووبارێکی گرنگی وەکو خاپورو زێی گەورەو زێی بچووک‌و سیروان بوونی هەیە، کە بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی ئاودێریی هەرێم هەیە، ساڵانە (٤٥,٨) ملیار مەتر سێجا ئاو دێتە هەرێمی کوردستانەوە، لەکاتێکدا پێداویستی هەرێمی کوردستان بۆ ئاو (٨,٨) ملیار مەتر سێجایە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی کەمئاویی لە بەشێکی زۆری شارۆچکەو گوندەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە.

فارس محەمەد ئەمین، بەڕێوەبەری گشتیی ئاودێریی هەرێم، ئاماژەی بەوەکرد سەرباری دەوڵەمەندیی هەرێم بە سەرچاوەی ئاویی، کەچی زۆرکات ڕووبەڕووی قەیرانی کەمئاویی دەبێتەوە، هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی سیستمێکی هاوچەرخی بەڕێوەبردنی ئاو لەلایەن حکومەتی هەرێم‌و هەروەها لاوازیی هۆشیاریی هاوڵاتییان بەرامبەر گرنگیی سامانی ئاوو بەفیڕۆدانی بەشێوەیەکی بەربڵاو.

شارەزایانی بواری ئاو پێیانوایە؛ پێویستە بەرپرسانی حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ئاو سوود لە ئەزموونی وڵاتێکی وەکو سەنگافورە وەربگرن، کە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا خەڵاتی ستۆکهۆڵمی وەرگرت بۆ پیشەسازییەکانی ئاو، بەوپێیەی سەرکەوتوو بووە لەئیدارەدانی باشی سەرچاوەئاوییەکانی وڵاتەکەی، لەکاتێکدا لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەدەست قەیرانی کەمئاوییەوە دەیناڵاندو بە تەواوەتی پشتی بە وڵاتی مالیزیای دراوسێی بەستبوو لە دابینکردنی ئاو بۆ دانیشتوانەکەی، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو تەکنیک‌و پلانە ستراتیژییانەی جێبەجێیان کرد، قەیرانی کەمیی ئاویان بەتەواوی چارەسەر کرد.

«بە (١٠) خولەک ئۆتۆمبێلەکەم دەشۆم، لەو باوەڕەدا نیم دەریاچەی دوکان بەم ئۆتۆمبێل شتنەی من خاڵی بێتەوە»

# سلێمانیو باڵەکایەتیو پشدەرو بتوێنو گەرمیان لە بودجەکانیان ناڕازین

ئەکرەم تۆفیق
ئەحمەد باڵەکی

**هاوڵاتییانو رۆشنبیرانی شاری سلێمانیو دەڤەری باڵەکایەتیو بتوێنو پشدەرو گەرمیان، ناڕازین لەو پشکەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا بۆی داناون، لەم رووەشەوە لە هەوڵدان لەڕێگەی پەرلەمانتارانی ناوچەکانیانەوە بودجەکەیان زیاد بکەن.**



هەفتەی رابردوو کۆمەڵێک، رۆشنبیرو چالاکوانی دەڤەری باڵەکایەتی سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد بۆ گەیاندنی نزیکەی (٣٠٠٠) ئیمزا بۆ تەرخانکردنی بەشێک لەداهاتی گومرگی حاجی ئۆمەران بۆ باڵەکایەتی، لە هەمان کاتیشدا، داوایانکرد لە پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ساڵی ٢٠١٠دا «یەکسانیی هەبێتو ئەو غەدرەی کە لە چۆمان کراوە قبووڵنەکرێت».

رۆژی دووشەممە، (٢٠١٠/٢/٨) رۆژێکی پڕ لە گفتوگۆبوو لەنێوان رۆشنبیرو چالاکوانەکانی دەڤەری باڵەکایەتیو ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، هەر لەو رۆژەدا دوو پێشنیازیان پێدان، کە جەختکردنەوە بوو لەسەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی چۆمان، هەروەها پێشکەشکردنی نزیکەی (سێ هەزار) ئیمزا، بۆ تەرخانکردنی بەشێک لە داهاتی سنووری مەرزی حاجی ئۆمەران بۆ خەڵکی ناوچەکە.

کەمال چۆمانی وەک وتەبێژی کەمپەینی داخوازییەکانی خەڵکی باڵەکایەتی، بە رۆژنامەی وت: دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان لەبارەی کێشەکانەوە داواکارییەکەمان بە (سێ هەزار) ئیمزاوە پێدانو بەڵێنیاندا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزیبکەنەوە.

لە یەکێک لە پێشنیازەکاندا هاتووە: «ئێمە وەک دەڤەری باڵەکایەتی لە مێژووی کۆنو نوێی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد، لەپێشەوە بووینو قوربانییمان داوە. خوێنمان رشتووە بۆ ئازادیی وڵات، بەڵام ئەوەی نیگەرانمان دەکات، لەدوای هاتنەکایەی دەسەڵاتدارێتیی کوردیی، ئاوڕێکی وا لە چۆمان نەدراوەتەوە، کە شیاوی خەڵکە قوربانیدەرەکە بێت».

لە یاداشتی دووەمیاندا، کە بەناوی کۆمەڵێک رۆشنبیری چۆمانەوە پێشکەشی لیستی گۆڕانو ئۆپۆزسیۆن کراوە، باس لەوە کراوە، کە نایەکسانیی لە دابەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ساڵی (٢٠١٠)، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە بودجەی (٢٠١٠)دا پێشنیازکراون، خەڵکی باڵەکایەتی نیگەرانکردووە، ئەگەر بودجە بەمجۆرەی ئێستا رەتبێتو نەگەڕێندرێتەوە، دڵنیاین ئەو غەدرەی چەندین ساڵە لە چۆمان دەکرێت، ئیدامەی پێدەدرێت.

بەهەمانشێوە پارێزگای سلێمانی لە ساڵانی پێشوودا ٤٦٪ی بودجەی هەرێمی بۆ تەرخاندەکرا، بەڵام لە بودجەی ئەمساڵدا کراوەتە ٤٣٪، بەڵام نوێنەرانی ئەم پارێزگایە لەپەرلەمانی کوردستان پێیانوایە پشکی سلێمانی ناگاتە ٤٠٪ی بودجەی هەرێم.

عەدنان قوربانی چالاکوانێکی مەدەنی شاری کەلار، ئاماژەی بەکەمکردنەوەی بودجەی پارێزگای سلێمانی کردو وتی: «کەمکردنەوەی بودجە واتە کەمکردنەوەی پرۆژەی خزمەتگوزاریی، لەمەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە حوکمەت لەبری ئەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان زیاد بکات، بەڵام لێرەدا کەمی دەکاتەوە».

قوربانی ئاماژەی بەوەشکرد؛ کە ئەگەر حکومەت وەها مامەڵە بکات، ئەمساڵ لەڕووی خزمەتگوزارییەوە بەتەواوی بێبەشدەبین، پێویستە حوکمەت ئەوە لەبەرچاو بگرێت، ئەو بۆشاییانەی لەسەردەمی رژێمدا دروستکراون، ئەو کاولکارییانەی لەسەردەمی رژێمدا تووشی ئەم ناوچانە هاتووە، پێویستە حوکمەت قەرەبوویان بکاتەوە، نەک جارێکی دیکە لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی بێبەشیان بکات.

هەرچی دەڤەری بتوێنو پشدەریشە، هەمان نیگەرانیی ناوچەکانی دیکەی پارێزگای سلێمانیان هەیەو بەو پشکە رازی نین، کە حکومەتی هەرێم لە بودجەدا بۆی داناون.

خەلیل عەلی هاوڵاتییەکی دانیشتووی شاری رانیە، باسی ئەوەی کرد، کە بەگشتیی غەدرێکی زۆر لەدابەشکردنی بودجە لەپارێزگای سلێمانی کراوە، وەک دەبینین رانیە کە شارێکی زۆرفراوانو دانیشتووانێکی زۆری تێدایە، تەنیا یەک پرۆژەی بۆ دەرچووە، کە ئەویش دروستکردنی قوتابخانەیەکە، کە بەڕاستی ئەمە جێگەی داخە.

بەرپرسانی سلێمانیش ناڕازین لەو غەدرەی لە بودجەدا لە شارەکەیان کراوەو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: جیاوازییەکی زۆر لەنێوان سلێمانی لەبەرامبەر هەولێرو دهۆکدا کراوە، لەکاتێکدا سلێمانی رێژەی دانیشتووانی لەهەریەک لەو پارێزگایانە زیاترە، بەڵام ئەو بودجەیەی بۆی دیاریکراوە لەوان کەمترە.

حەمە رەشید ئەحمەد ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێویست بوو لە دابەشکردنی بودجەدا کۆمەڵێک پێویستیو گرفت لەبەرچاو بگیرایە، لەوانە لەپارێزگای سلێمانیدا ناوچە هەیە تووشی کاولکاریی بووە، وەک هەڵەبجە».

پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان یەکەم لایەن بوون، کە درکیان بە کەمکردنەوەی پشکی پارێزگای سلێمانیو دەڤەری باڵەکایەتی کرد لە بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمدا، لەم رووەشەوە لە هەوڵی چارەسەرکردنیدان.

کاردۆ محەمەد پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی گۆڕان بەڕۆژنامەی راگەیاند: «بەڵێنمانداوە کە بەدواداچوون بکەین بۆ ئەو پرۆژانەی بۆ ناوچەکان دیاریکراونو لە پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، پرسیاریش لە وەزیری داراییو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکەین، لەبارەی کەموکوڕییەکانی پرۆژەکانی ئەم ناوچانە».

# حکومەت بڕیاری بۆ دامەزراندنی دەرچووانی گەرمیان دەرنەکردووە

شارا عەبدولڕەحمان

سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەی رەتکردەوە، کە سەرۆکی حکومەت بڕیاری دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکانی ناوچەی گەرمیانی دابێت، ئەمە لەکاتێکدا کە لە چەند رۆژی رابردوودا لە راگەیاندنەکانی یەکێتییەوە وەک بانگەشە بۆ لیستی هاوپەیمانییو شکاندنی مانگرتنی ئەو دەرچووانە، ئاماژە بەوەکرابوو؛ کە بڕیار بۆ دامەزراندنیان دەرچووە.

لە یەکەم رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردندا، لە راگەیاندنەکانی یەکێتییەوە ئەوە بڵاوکرایەوە، کە گوایە سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیاریداوە بەدامەزراندنی سەرجەم دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان لەناوچەکانی گەرمیان، ئەمەش دوای ئەوە هات، کە ژمارەیەک لە خوێندکارە دەرچووەکانی زانکۆو پەیمانگەکانی گەرمیان مانگرتنیان دەستپێکرد بۆ ئەوەی دابمەزرێن، کە ژمارەیان (٢٥٠) کەسە.

بەڵام محەمەد قەرەداخی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ئەو هەواڵەی رەتکردەوەو ئاماژەی بەوەکرد، کە هیچ بڕیارێک بۆ دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان لەناوچەی گەرمیان دەرنەچووە، «بەڵام دوای پەسەندکردنی بودجە بەپێی پێویستی دامودەزگاکانو پسپۆڕیی دەرچووەکان، دامەزراندن دەکرێتەوە».

هاوکات د.سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاندووە: دامەزراندنی مامۆستایان بەپێی کۆنمرەو پێشووتری دەرچوون دەبێتو ئەولەویات بۆ ساڵەکانی پێشووترە، نەک بەپێی فشار، چونکە ناکرێت لە هەرکوێیەک نارەزایەتی هەبوو خەڵکی بەفشارو خۆپیشاندان داواکارییەکانیان بەحکومەت جێبەجێ بکەن.

# بۆ بەڕێز: جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

ئێمە وەکو خەڵکی ناوچەی قەڵاسێوکە بەگشتییو دانیشتووانی گوندی (گۆپتەپەی شەهید) بەتایبەتی، چاومان بڕیوەتە حکومەتی یەکگرتووی کوردستانو پەرلەمانی کوردستانو ئاواتەخوازین هەریەک لە پەرلەمانو کابینەی شەشەم ناوچەکەمان پشتگوێنەخەن لە رووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانەوە. لە سنووری ناحیەی ئاغجەلەردا (٦٤)گوند هەیە، لەلای هەمووانیش ئاشکرایە کە گوندەکانمان هەمووی رووبەڕووی وێرانکارییو سووتانو تاڵانو راگواستنو دەربەدەریی هاتوونو گوندی گۆپتەپە جگە لەم تاوانانە، تاوانی ئەنفالو کیمیابارانی بەرامبەرکراوە.

بەڕێزان، هەردوو سەرۆکایەتی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان، چاوتان لە ناوچەکەمان بێت، با چیتر بێئومێدییو چۆڵبوونی گوندەکان روو لە زیادبوون نەبێت، با چیتر جیاوازی نەکرێت لە رووی خزمەتگوزارییو دەستی ئاوەدانییەوەو خۆتان ئاگادارن کە ناوچەکەمان سەر بە ئیدارەی گەرمیانە، بەڵام بێبەش بوو لەو بڕەپارەیەی کە پارساڵ بۆ ناوچەی گەرمیان سەرفکرا. ناوچەکەمان پشکی گەورەی بەرکەوت لە وێرانبوونو کاولکاریی، بەڵام پێچەوانەی کاروانی ئاوەدانیو خزمەتگوزارییو هیچ پشکی نەبووە.

ئێمە وەکو (دەستەی ناساندنو بووژاندنەوەی گۆپتەپەی شەهید)، دەمانەوێت ئەو بڕیارانەی کە بۆ گوندەکەمان دراون لەلایەن باڵادەستانی حکومەتەوە، بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، نەک هەمان سیاسەت لە یادی ئەمساڵی کیمیابارانو ئەنفالی گوندەکەماندا پەیڕەو بکەن.

ناوچەکەمان ناوچەیەکی کشتوکاڵییەو پێویستمان بە هاوکارییو یارمەتی حکومەتە، بەڵام زۆربەداخەوە لە رووی پێدانی بنەتۆو، دەرمانی ئاژەڵ، دەرمانی رووەک، تۆوی هاوینە، ئامێری دەرمانڕژاندن، ترومپای ئاو، گازو سلفە...هتد وەکوپێویست ناگاتە دەستی جوتیارانی ناوچەکەمان، جیاوازی دەکرێت لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا، یاخود هەر پشتگوێخراوین. داواکارین رێگای نێوان (گۆپتەپە-ئاغجەلەر) بەشێوەیەکی رێکوپێک قیربکرێتو چاوێک بە ژیانی گوندنشیناندا بخشێیننەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە زەرەروزیانی زۆریان بەرکەوتووە، خانوویان بۆ بکرێت، چونکە راستە ئەنفال نەبوون، بەڵام لەناو ئاپۆڕای ئەنفالو کیمیاباراندا بوونو تەنیا خوا دەربازیکردن لە لەناوچوون.

**دەستەی ناساندنو بووژاندنەوەی گۆپتەپەی شەهید**

# بۆ بەڕێز: وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەروەک ئاگادارن، بەڕێز مام جەلال پرۆژەیەکی پێشکەشکرد بۆ جیاکردنەوەی کاری حیزب لە ئیشو کارەکانی حکومەت، بۆ ئەوەی هەریەکەیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەرکی خۆیان راپەڕێنن، بەدوای ئەوەشدا، سەرۆکی هەرێمیش جەخت لە کەمبوونەوەو نەمانی ئەو دیاردەیە دەکاتەوە، بەڵام وەک دەبینین لە سنووری بتوێنو پشدەر دەستوەردانی حیزب لە ئیشوکاری حکومەت بەردەوامەو بەشێوەیەکی ئاشکرا هەستی پێدەکرێت.

لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەمەڕوو کە رەنگە پەیوەندیدار بن بە وەزارەتەکەی بەڕێزتانەوە:

١. لابردنی بەڕێوەبەری کارگێڕیی مەڵبەندی تەندروستیی چوارقوڕنە کە باسدەکرێت بەهۆی دەستوەردانی حیزبییەوە بێتو تا ئێستاش کەسێک دیارینەکراوە بۆ ئەو شوێنە، لەبەرئەوەی هەر بەرپرسێک پشتگیریی لە کەسێک دەکات کە لە خۆیەوە نزیک بێت، بەبێ گوێدانە تواناو لێوەشاوەیی ئەو کەسە بۆ راپەڕاندنی کارەکان.

٢. یەکلایی نەبوونەوەی کارگێڕێک بۆ نەخۆشخانەی منداڵانو منداڵبوون کە لێرەشدا دووبارە چەندین پاڵێوراو هەن کە هەریەکەیان لەلایەن لێپرسراوێکی حیزبییەوە پشتگیریی دەکرێت، بەبێ گوێدانە ئاستی تواناو لێهاتوویيو دڵسۆزیی.

بۆ نموونە، پشتگیرییەکی زۆری کەسێک دەکرێت کە دابنرێت بۆ لێپرسراوی کارگێڕیی نەخۆشخانەکە، کە ئێستا لێپرسراوی نەشتەرگەریی نەخۆشخانەی رانیەیەو خۆی لەجیاتی کارمەندی دیکە بەکرێ دەوام دەکاتو لە بەشەکەی ئەودا دیاردەی بەکرێدان بوونی هەیە، کە کارمەندێک لەجیاتی کارمەندێکی دیکە دەوام بکات، تەنانەت کارمەند هەیە منداڵی بووەو مۆڵەتی ئاسایی دایکایەتی وەرنەگرتووەو دەوامەکەی بەو شێوەیە بۆ دەکرێت.

**هیواداریـن بەدواداچوون بکەن بۆ ئەو مەبەستە**
**رامیار رانیەیی**

# مەترسیی لەلای (ئەوان) چییە؟



هادی ئەکرەم

**پێویستە سەرجەم لیستو قەوارە سیاسییەکان بە حەماسێکی نەتەوەیی بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەن**

کورد لە سایەی بڕیاربەدەستانی سیاسیی رۆژبەڕۆژ لە ئامانجەکانی دووردەکەوێتەوە، لە پرسە چارەنووسسازەکانی تووشی هەڵەی جۆراوجۆر دەبێت، ئەوەندە بە ململانێی ناوخۆوە خەریکە، ئەوەندە ئاگاداری ئەرکەکانیان نییە، لەسایەی هەردوو پارتی دەسەڵاتبەدەست مافەکانی رۆژبەڕۆژ کۆسپی بۆ دروستدەبێت، ئەوەندەی لەخەمی وەرگرتنی پۆستو بودجەدان، ئەوەندە ئاگایان لە سیاسەتەکانی بەرامبەریان نییە، ئەوەندەی کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لە دوکانو سەڵاحەدین دەکەن لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتیان، ئەوەندە کۆبوونەوە ناکەن لەسەر پرسە گرنگەکان.

بڕیاربەدەستانی سیاسیی هەلی زۆر گەورەیان بۆ رەخسا، بەڵام لەپێناو مانەوەی بودجەی (١٧٪) تەنازولیان لە زۆر شت کرد، لە ئەنجامی بڕیارە ناتەندروستەکانو نەگەڕانەوە بۆ میللەتو تەنانەت بۆ مەرجەعی یاساییو دەستوورییان کە پەرلەمانی کوردستانە، هەروەها بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو ناعەدالەتیو ناشەفافییەت، نارەزایی جەماوەر رۆژبەڕۆژ پەرەی سەند، بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتو شەرعییەتدان بە مانەوەی دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی، بڕیاری هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانیان دا.

### * هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو کاریگەریی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کورد

دوای ئەوەی بڕیاری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان درا، هەردوو پارتی دەسەڵات هەستیان بە خەتەریی دەسەڵاتیان کرد، بۆیە بە چەندین شێوازو بە پلانی جۆراوجۆر کەوتنە سیناریۆی جۆراوجۆر، بەتایبەتی کە زانییان قەوارەیەکی نوێ بەڕێوەیەو هەموو دەنگە نارەزاییەکانی جەماوەرو بەشێک لە کادیرە دڵسۆزەکانی حیزبەکان پشتیوانیی ئەو هێزە نوێیە دەکەن، دەسەڵاتی ناچارکرد لەگەڵ ئەو بودجە زۆرەی بۆ هەڵبژاردنەکانی دانابوو، نوێنەرەکانی بەغدادیش بگێڕنەوە بۆ ئەوەی بەشداریی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن، وەزعی کوردیش لە حکومەتی فیدراڵی عێراق بدەنە دەست قەزاو قەدەر، لەئەنجامی گەڕانەوەی نوێنەرە حیزبییەکانی کورد لە حکومەتی مەرکەز، حکومەتی بەغدا پلانی گەورەیان داڕشت بۆ ئەوەی نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەمبکەنەوە، ئەوەبوو لە رێگەی وەزارەتی بازرگانیی عێراقەوە هەوڵیاندا رێژەی فۆڕمی خۆراک لەو شارانەی خۆیان ویستوویانە زیاد بکەن، هەرێمی کوردستانیش فەرامۆشکرا لەسایەی نوێنەرە حیزبییەکانی کورد. ئەمە لەکاتێکدایە یەکێک لەو وەزارەتانەی لە چوارچێوەی دۆسیەی ئابووریی عێراقدا هەژماردەکرێت ئەو دۆسیەیەش تاماوەیەک لەمەوبەر بەدەست د.بەرهەم ئەحمەد ساڵحەوە بووەو ئەو سەرپەرشتی کردووە، تا ئەوکاتەی مالیکی ئەو دۆسیەیەی لێوەرگرتەوە، جگە لەوەش بریکاری ئەو وەزارەتە تا ئەم ساتەش کوردە.

### * نوێنەرانی کورد لەبەغدا چییان کرد؟

دوای ئەو بۆشاییە گەورەیەی نوێنەرانی کورد دروستیانکرد بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقو ئەو فێڵەی لە کورد کرا، لە رێگەی وەزارەتی بازرگانیی عێراقەوە بەهۆی زیادو کەمیی فۆڕمی خۆراک، کێ بەرپرسیارە؟ کێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت؟ بڕیاربەدەستانی سیاسیی ئەوەندەی لە خەمی کەمنەکردنەوەی بودجەدان، ئەوەندە پەرۆشی پرسە گرنگەکان نین.

لە سەروبەندی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرەتا نوێنەرانی کورد بە دەستکەوتی زۆر گەورەیان لە قەڵەمدا، بەڵام دوای پەسەندکردنی لەلایەن سەرکۆمارەوە نوێنەران هەستیانکرد کورد زەرەری گەورەی لێ کەوتووە، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، عارف تەیفور، دەڵێت: «باش بوو یاساکە لەلایەن تاریق هاشمی ڤیتۆ کرایەوە». کاکی نوێنەر دوای ڤیتۆ هەستدەکات کورد زەرەریەتی، بەشێک لە نوێنەرانی دیکە لەدوای پەسەندکردنی دەڵێن کورد زەرەریەتی، چۆن بڕیارێکی وا گرنگ دەبێت بەسەر نوێنەرەکاندا تێپەڕێت، کە تێپەڕی، بۆ سەرکۆمارتان ئاگادار نەکردەوە، بۆ پەسەندکردن ئیمزای لەسەر نەکات، گومانی تێدا نییە نزیکەی (٣٠) پەرلەمانتاری کورد عەرەبی نازانن‌و پسپۆڕییان نەبێت، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە یاسایەکی وا گرنگ بەسەریاندا بڕوات.

دوای ئەوەی یاساکە گەڕایەوە، بەهۆی ڤیتۆکەی تاریق هاشمی، جێگری سەرکۆمار، جارێکی دیکە نوێنەرانی کورد بەهۆی نارەزایی خەڵکانی رۆشنبیرو بە ئاگا، کەوتنە خۆیان بۆئەوەی رێژەی کورسییەکان زیادبکەن، بەڵام ئەمجارەشیان فێڵ لە کورد کرا، هاوکات بەهۆی تەلەفۆنێکی ئۆباماو بارزانی، چاوپێکەوتنێکی بارزانیو رۆبەرت گیتس، وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کورد جارێکی دیکەش بەو بەڵێنانە لە داواکارییەکانی وازیهێناو رەزامەندیی لەسەر یاسا دەبڕی.

### * کۆشکی سپیو بەڵێنەکانی بۆ کورد

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتو بەرنامەی خۆی هەیە، تاسەر دۆستی کەس نابێت، بەرژەوەندیی خۆی لەپێش هەموو شتێکەوەیە، بەڵێنی زارەکی بەیاننامە بۆ پشتیوانیکردن لە کوردو مادەی (١٤٠) تەنیا پشتگیریی مەعنەوییە، ئەگەر سەیربکەین ئەمریکاو بەریتانیا لەساڵی (٢٠٠٥)دا پشتگیریی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) دەربڕیوە، بەڵام بەرژەوەندیی خۆیان وای خواستووە بەجدیی کاری بۆ نەکەن، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا رێکەوتننامەی هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە باسی کوردی تێدا نییە، بەپێی ئەو هاوپەیمانێتییەی لەنێوان عێراقو ئەمریکا هەیە، ئەمریکا نابێت دەستوەرداتە کاروباری عێراق، بۆیە بەڵێنو بەیاننامەی کۆشکی سپی یاسایی نییە، چونکە عێراق یاسای خۆی هەیە.

### کاردانەوەی بەڵێنو بەیاننامەی ئەمریکا لەسەر مادەی (١٤٠)

دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵێنی بە کورد دا پشتگیریی لە مادەی (١٤٠) بکاتو هەوڵی جێبەجێکردنی بدات، کاردانەوەی زۆر لەلایەن حکومەتی عێراق دروستبوو، دواتر سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەیاد سامەڕائیو چەندین ئەندام پەرلەمانی عێراق نارەزاییان دەربڕیو دەڵێن عێراق بەهیچ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ بەڵێنە دەرەکییەکان ناکات.

### کورد و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

وا چاوەڕواندەکرێت لە (٣/٧) هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق ئەنجامبدرێت، کورد، بەتایبەتی بڕیاربەدەستانی سیاسیی، سوودیان لەو هەموو کەموکووڕییانەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو مامەڵەکردن لەگەڵ بڕیارە چارەنووسسازەکانی گەلی کورد وەرنەگرتووە، پێش ئەوە کاتی یاسایی بۆ هەڵمەتی راگەیاندن دیارییبکرێت، هەندێک لایەنو هەندێک کاندید بەشێوازی زبر کەوتوونەتە هەڵمەتی راگەیاندن.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێویستە سەرجەم لیستو قەوارە سیاسییەکان بە حەماسێکی نەتەوەیی بەشداریی بکەن، واز لە ململانێی ناوخۆیی بهێنن، کارێک نەکەن ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەشێوازێک بێت کاریگەریی لەسەر نوێنەرایەتیکردنیان لە مەرکەز هەبێت.

لیستە بەشداربووەکان گرنگە هەوڵی ئەوە بدەن ئەو زەرەرەی کردوویانە بۆ کەمکردنەوەی نوێنەرەکانی لە بەغدا، دەکرێت لە شارەکانی بەغدا، کەرکوک، موسڵ، سەڵاحەدینو چەندین شوێنی دیکە پڕی بکەنەوە، شێوازێک بدۆزنەوە بۆئەوەی دەنگەکان بەفیڕۆنەدرێتو کورد بە حەماسێکی نەتەوەیی بەشداریی پێبکرێت، ئەگەر ململانێکانی ناوخۆ توندبکەنەوە، بەهەمانشێوەی هەڵبژاردنەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان گۆڕەپانی بەغدا چۆڵبکەن، هەمان مێژووی زەرەرمەندبوونی پێشوو دووبارەدەکەنەوەو ئەمجارەش ناچاری نەرمی نواندنو سازشکردنی پتر دەبن، ئەمە کاتێک دەبێتە مەترسیی کە لە زیهنی ئەواندا (نوێنەرەکانمان لە بەغدا) مەترسیی لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی مەترسیی بێت، نەک مەترسیی لەسەر کورسیو ئیمتیازات.

# پێویستیی ئۆپۆزسیۆن لە سیستمی پەرلەمانیدا

رەزا سووری

بە مانایەکی گشتیی، وشەی ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە تێکۆشانو کردەوەگەلێک کە رێکخراوو حیزبو گروپەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە ئەوپەڕی ئەو ئەندێشانەیە کە خۆیان پێکیان هێناوە لە بواری نەیاربوون لەگەڵ خاوەندەسەڵاتە سیاسییە هاوچەرخەکان، لە مانا تایبەتیو داخراوەکەیدا وشەیەکە بۆ ئەو حیزبو گرووپانەی کە لە سیستمی حکومەتی پەرلەمانی (سیستمێک کە پەرلەمان لە لووتکەیدایە)، بەهۆی یاساوە بە فەرمیی ناسراوە، لەو پەرلەمانەدا گرووپێک پێکدەهێنن کە وابەستە بە حکومەت نییەو پشتگیریی ناکات، بەڵام ئەوەی کە ئەم دوانە (حکومەتو ئۆپۆزسیۆن) دەخاتە سەر رەوتێک کە پێویستی پەیڕەویکردن لە یاساو جوڵە لە چوارچێوەی ئەو یاسیەدایە کە لە راستیدا خۆیان بە وەفادار بە یاسایەکی بنەڕەتی دەزانن، بەڵام یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆن حەقیقەتپەروەرییە، چونکە بە بەشداریکردن لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا، لە ژێر بارودۆخی دیاریکراوی یاساییدا چاودێری راستەوخۆ بە سەر کاروباری دەوڵەتدا هەیەو رای گشتی لە بارودۆخەکە ئاگادار دەکاتەوە. کەواتە ئەوەی گرنگی تایبەتی هەیە، ئەرکی گرنگی ئۆپۆزسیۆنە کە بە دەنگدەران لەهەر مەیدانێکدا دەرفەتی هەڵبژاردنێکی تر دەبەخشێتو لەم رێگایەوە دەرفەتی درووستتر دەستەبەر دەکات، هەر بەم هۆیەوە ئۆپۆزسیۆن بە نموونەی حکومەتی ئەگەری داهاتوو دەزانن.

کەواتە بە مەبەستی جێگیرکردنی بارودۆخی خۆی، پێویستە هەڵگری کۆمەڵێک ئەندێشەی ئایدیالیستی بنو لە لایەکی ترەوە بە دیدگایەکی ریالیستییەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان رەخنەگری ئەو بارودۆخە بن کە هەیە بۆئەوەی بتوانێت رەوتو رێگای گەیشتن بەو ئایدیالیزمەی کە هەیە لەناو ئەندێشەی خۆیدا بگوازێتەوە بۆ ناو ریالیزمێک کە هەیەو خەریکە لێی تێپەڕدەبێت، بەو مەرجەی تەنیا هەڵگری پەیامو ئەندێشە ئایدیالیزمیەکان نەبێت، چونکە رەنگە لەگەڵ ئەو ئەندێشانەدا لەگەڵ ئامانجەکەیدا هاوڕەوت نەبێتو رێگەی رەخنە نەداتو تەنیاو تەنیاش نابێت ببێتە رەخنەگر، لەبەرئەوەی شێوازێکی خراپکارانەو یەکلایەنە بە خۆی دەگرێت.

ئۆپۆزسیۆن لایەنگری بزاڤە رێفورمییەکانە، چونکە لە لایەکەوە خۆی وەفادار بە یاسایەکی بنەڕەتی دەزانێتو لە لایەکی ترەوە بە دیدگایەکی واقیعخوازانەوە بۆ گەیشتن بە داهاتویەکی ئارمانی تێدەکۆشێت. کەواتە بۆ گەیشتن بەو یۆتۆپیایە بە دیدگایەکی رەخنەگرانەو واقیعخوازانەوە سەیری هەموو شتێک، تەنانەت هزرو چوارچێوەی خۆی دەکاتو لە رێگەی بزووتنەوەی خۆیدا هەموو ئەوشتانەی کە چاکسازییان بەسەردا دەهێنێت، بتوانن بەپێی دەسەڵاتی خۆیان چاکسازی بکەن بە جۆرێک کە دەکرێت لەم رێگایەوە لە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی چالاک تێبگەین.

لە سیستمێکدا کە حکومەت بە تەواوی پەرلەمانییە، یا پەرلەمان لە سەرووی دەسەڵاتو دەسەڵاتدارییەوەیە، ئۆپۆزسیۆن ئەو ئەرکانە بەڕێوەدەبات کە لە تیۆری (بنەمای جیاکرنەوەی هێزە سەرەکییەکان) کە بە پارێزەرو پشتیوانی حکومەتی یاساییو دیموکراتیک دادەنرێت کە بۆ پەرلەمان لەبەرچاوگیراوە، چونکە لەو سەردەمەوە کە سیستمی پەرلەمانی درووست بووە، بەردەوام بەرپرسی دەوڵەتو زۆرینەی پەرلەمانی، یان یەکێک بوون یان یەکگرتوو بوون کە ئەم یەکێتیو هاوڕەوتییە دەتوانێت رۆڵی پەرلەمان کە چاودێرە لە سەر جێبەجێکردنی یاسا دانانی یاسا لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی، تێکبدات.

بەم پێیە بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ چاودێریکردن بە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە کە زەروورەتی بوونی زیاتر لە رابردوو ئاشکرا دەکاتو ئاشکرایە لە سیستمی تاکحیزبی یان سیستمگەلێک کە حیزبەکان هەتا ئێستاش پێگەی سەرەکیو راستەقینەی خۆیان نەدۆزیوەتەوە، ئۆپۆزسیۆن بە شێوەیەکی فەرمییو یاسایی بوونیان نییە بە جۆرێک کە لەم سیستمانەدا هەرجۆرە دژایەتی لەگەڵ حیزبو دەسەڵاتی حاکمدا، بە دژایەتی لەگەڵ ئاسایشی گشتیو یاسای بنەڕەتیو تەنانەت بە خیانەت دژی سیستمو ئەمنیەتی گشتی دادەنرێت.

هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە ئۆپۆزسیۆن وەک تەواوکەری پێداویستییەکانی دیموکراسی ناسراوو نەبوونی ئەو (ئۆپۆزسیۆن) رۆیشتنە بەرەو دیکتاتۆرییەتو سستی سیاسی، چونکە سەرجەم جووڵەو هەڵوێستەکانی خۆی لە چوارچێوەی یاسادا جێبەجێدەکاتو خۆشی خوازیاری جێبەجێکردنی تەواوی یاسایە، بەو چاودێرییە کە ئەنجامی دەدات لەو لادانو لەناوچوونە ئەگەرییەی کە هەیە بەرگری دەکات، هەروەها لە سەرجەم توانا یاساییەکانی لە بواری هەڵوێستو داخوازییە چاکسازییەکانی کەڵک وەردەگرێتو دەتوانێت مژدەی کۆمەڵگایەکی چالاک لە سەرجەم پانتاییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووریو ئابوورییەکان بدات کە ئەمە خۆی هۆکارێکە بۆ گەشەی سیاسییو کۆمەڵایەتیی کە ریشە لە رەهەندە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانیش، دادەکوتێت، بەڵام دەکرێت ئۆپۆزسیۆن وەک بەڵگەیەک بۆ گەشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانیش بناسین کە بەبێ ئەو، هاتنەدی ئەم جۆرە ئارمانە ئەستەمو دژوار دەبێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەو زۆر هۆکاری ترە کە ئۆپۆزسیۆن لە سیستمی پەرلەمانیدا کە نوێنەری سیستمی دیموکراتیکە بە یەکێک لە پێویستترین ئامرازەکانو دەستکەوتەکان دەناسرێتو هەوڵدەدات بە دەستی بهێنێت بۆ ئەوەی لە بەرگری رووخانو دیکتاتۆریەتی ئەو سیستمە بکات.

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئازاد چالاک**

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید** – **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

# بۆ بردنەوەی دیاریی بەنرخ هێڵەکەت تۆماربکە

ئاسیاسێڵ سەرجەم بەشداربووانی خاوەن هێڵە تۆمارنەکراوەکان ئاگاداردەکاتەوە کە بەڵگە ڕەسمییەکان ئامادەبکەن بۆ تۆمارکردنی هێڵەکانیان لای بریکارە سەرەکییەکانی سەر بە کۆمپانیا یان لە نزیکترین ناوەندی فرۆشتن بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانمان دا.



تێبینی: تۆمارکردنی هێڵەکان بێ بەرامبەرە

## ئەو بەڵگانەی کە پێویستن بۆ تۆمارکردنی هێڵەکە:

- ناسنامەی باری شارستانی
- کۆبۆنی خۆراک
- ٢ وێنە

**تێبینی:**

- خاوەنی ئەم هێڵانە لەرێی کورتە نامەوە ئاگادار دەکرێنەوە.
- هەفتانە قورعە بۆ دیارییەکان ئەنجام دەدرێت.

## بۆ تۆمارکردن تکایە سەردانی ئەم ناونیشانانەی لای خوارەوە بکە:

### کەرکوک

ناوەندی فرۆشتنی سەرەکی – شەقانی پارێزگای سەرەکی

| ناوی بریکار | ناونیشان |
| --- | --- |
| کۆمپانیای سارا | سەرەتای شەقامی جمهوری \ بەرامبەرنەخۆشخانەی (دار السلام)ی کۆن |
| کۆمپانیای ئەزهر | ئەلماس\ بەرامبەر ماڵی پارێزگاری کۆن |
| کۆمپانیای دیلانیی | سەرەتای شەقامی جمهوری \ نزیک چێشتخانەی عەبدوڵڵا |
| ئالان شۆپ | شەقامی الثورة \ تەنیشت کۆمپانیای بیمەی نیشتمانی |

### سلێمانی

ناوەندی فرۆشتنی سەرەکی – شەقامی سالم، تەلاری گروپی کۆمپانیاکانی فاروق

| ناوی بریکار | ناونیشان |
| --- | --- |
| ئاسیافۆن | شەقامی کاوە / تەلاری کاوە |
| شاخەوان | شەقامی کانێسکان |
| شاد | شەقامی سالم |
| بەڵین | شەقامی سالم |

### هەولێر

ناوەندی فرۆشتنی سەرەکی – شەقامی ئاراس، سەنتەری ئارام
ناوەندی فرۆشتنی سەرەکی – ناحیەی سۆران

| ناوی بریکار | ناونیشان |
| --- | --- |
| ئاسیاتێل | شەقامی باتە/کۆتری سەلام |
| هەولێرفون | شەقامی باتە/کۆتری سەلام |
| سۆز | شەقامی باتە/کۆتری سەلام |
| کاوە | شەقامی ئاراس |
| سایە | شەقامی باتە/کۆتری سەلام |
| جوندیان | شەقامی سەرەکی جوندیان |

### دهۆک

ناوەندی فرۆشتنی سەرەکی – فولکەی خیول

| ناوی بریکار | ناونیشان |
| --- | --- |
| شانا | میدانی ئەحمدی خانی/ناوەندی بازار/نزیک چێشتخانەی منقل |
| هەولێرفون | شەقامی K.R.O / نزیک نەخۆشخانەی د. عاصمە |
| سۆز | شەقامی نوهادرا / بەرامبەر چیشتخانەی تورکی |

## ئەو ژمارانەی خەڵاتی کارتی ١٠٠ دۆلارییان بردوەتەوە

| | | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| 07711391103 | 07710147400 | 07710412868 | 07712671920 | 07709495973 | 07709195851 |
| 07711444451 | 07700127415 | 07709670656 | 07709228008 | 07710665435 | 07710450108 |
| 07707367475 | 07708351896 | 07711124882 | 07701854576 | 07707090115 | 07701840436 |
| 07704239712 | 07709191751 | 07712233466 | 07703407946 | 07710245763 | 07708152503 |
| 07701322606 | 07700094246 | 07712725857 | 07700974787 | 07712323822 | 07712903350 |
| 07712530101 | 07712958805 | 07703417753 | 07712235059 | 07710245790 | 07710676826 |

ئاسیاسێل ®
کۆماندەکاتەوە


خزمەتگوزاری بەشداربووان ١١١ www.asiacell.com

# ڕای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)و لەگەڵ [illegible]دا بڵاودەکرێتەوە.

Kurdish Institute for Elections
K.I.E
ئەنیستیتیوتی کوردی بۆ هەڵبژاردن

ساڵی سێیەم ژمارە (١) سێشەممە ٢٠١٠/٢/١٦

**میکانیزمی سکاڵاو تانەلێدان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا**



**دەقی یاسای هەمووارکراوی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

# وابڕیارە بودجەی ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای پرۆژە سەرفبکرێت

ڕاپۆرتی: دانا جەمیل

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داوادەکەن بودجەی ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای پرۆژە بدرێت بەڕێکخراوەکانو بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژەیاسایەکیان پێشکەش بەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان کردووەو لەلایەن ١٠ ئەندام پەرلەمانەوە واژۆی لەسەر کراوەو خراوەتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە لەکاتێکدا حکومەتیش سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیاسایەکە بۆ ڕێکخستنی کاری ڕێکخراوەکانو بەپێی ئەو پرۆژەیاسایە چۆنێتی سەرفکردنی مینحەی ڕێکخراوەکان سەرفدەکات.**



لەڕێگەی پرۆژە یاسایەکەوە کەپێشکەشی پەرلەمانیان کردووە ڕێکخراوەکان داوادەکەن کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ دروست بکرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی کارەکانیانو لەڕێگەی ئەو کۆمسیۆنەوە بودجەی ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای پرۆژە بدرێت.

فەلاح مورادخان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاماژەی بەوەدا کەپێشتر لە کابینەی پێنجەمدا ئەو بودجەیە وەک بەخشیش دراوە بە هەندێک لە ڕێکخراوەکانو بەشێکی زۆری ڕێکخراوە چالاکە سەربەخۆکانیش لەو بودجەیە بێبەش بوون.

لەلایەکی ترەوە فازیل عومەر یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆکاروباری ڕێکخراوەکانو گەنجان باس لەوەدەکات کە تائێستا «هیچ بودجەیەک دیارینەکراوە کەناوی لێبنرێت ئەمە بودجەی حیزبو ئەمە بودجەی ڕێکخراوەکانە، بەڵام لەکۆی گشتی بودجەی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٠ بەشێک دیاریکراوە بۆ پارتو قەوارە سیاسییەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش کەدەتوانم بڵێم بەراورد بەساڵانی پێشوو تارێژەیەکی بەرچاو کەمکراوەتەوە ئەویش بەنیەتی ئەوەی کەئەو بودجەیە زیاتر لەبواری خزمەتگوزاریدا بەگەربخرێت».

هەروەها فازیل عومەر ئاماژەی بەوەدا «نزیکەی ٩٠ ملیار دینار بۆ ساڵی ٢٠١٠ دەستنیشانکراوە بەبێ جیاکردنەوەی ئەوەی چەندی بۆ پارتو قەوارە سیاسییەکانەو چەندی بۆ ڕێکخراوەکانە».

سەبارەت بەچۆنێتی سەرفکردنی ئەو بودجەیە یاریدەدەرەکەی سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەدا لەئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی دانانی یاسایەکی نوێیە بۆ ڕێکخستنی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردستانداو چۆنێتی مۆڵەتپێدانو چۆنێتی مینحەپێدان هەروەها چۆنێتی بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو کارو پرۆژانەی کەحکومەتی هەرێمی کوردستان پێی ئەنجامنادرێت ئەوان ئەنجامیدەدەن بەتایبەت لەبوژاندنەوەی سەرخانی کۆمەڵایەتیدا»

هەروەها ئاماژەی بەوەدا ئەو مینحەیە لەسەر ئەساسی نوسینی پرۆپۆزەڵو پێشکەشکردنی پرۆژە دەبێت لەپێناو ئەنجامدانی پرۆژەی جدیدا، وتی»ئەگەر ڕێکخراوێک خاوەنی پرۆژە بێت ئەوا دەتوانێت مینحە وەربگرێت ئەگەر نا بەڕاستی بێبەش دەبێت لەو مەسەلەیەدا»

سەبارەت بەوەی کەڕێکخراوەکان بۆ خۆیان پرۆژەیاسایان ئامادەکردووەو ڕادەستی پەرلەمانیان کردووە زەرورەتی ئەوە چییە کە لەلایەن حکومەتەوە یاسایەکی تر دابنرێت؟ فازیل عومەر ئاماژەی بەوەدا «ئەو یاسایەی کە لەلایەن حکومەتەوە ئامادەکراوە گشتگیرترە چونکە ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ خۆیان یاسا دابنێن ئەوا ئەو یاسایە یاسایەک دەبێت کەبەتەواوەتی لەبەرژەوەندی ڕێکحراوەکان دەنوسرێت بۆیە لەم نێوەندەدا حکومەت پرۆژەیاسای دەبێت بەگوێرەی ئەو سیاسەتەی کە خۆی هەیەتی».

هەروەها یاریدەدەرەکەی سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەدا کە بۆخۆی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کەپرۆژەیاساکەیان پێشکەشی پەرلەمان کردووە قسەی کردووەو وتی «دەبێت بە یەکەوە دابنیشین تەوحیدی ئەو پرۆژەیە بکەین لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی کە حکومەت ئامادەی کردووە بۆئەوەی بە نەتیجە یاسایەک بێت کە هەم ڕێکخراوەکانو هەم حکومەتیش قەناعەتیان پێی هەبێت».

# یاداشتی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان سەبارەت بە زۆروزەبەندیی بودجەی ڕێکخراوەکانو مەحرومیەتەکانی

ساڵانە بەبێدەنگیو دوور لەچاوی میدیاکان چەندین ملیار دینار بەناوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەسەر کۆمەڵێک سەنتەرو کۆمەڵەو یەکێتیو سەندیکاو ڕێکخراوی ناحکومیدا بەشدەکرێت بەبێئەوەی بزانرێت ئەم برەپارەیە لە چ دەروازەو بەشێکی بودجەی ساڵانەی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانەوە هاتووەو بەپێی چ پێوەرێک بەسەر ئەو شوێنانەدا دەبەخشرێتەوە!! بۆیە دوای چەندین ساڵ لەنزیکبوونەوەی ناعادیلانەو مامەڵەی پەراوێزخەرانەی حکومەت لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییە سەربەخۆکاندا ناچارین چیدیی هەڵوەستەیەک بکەینو بەکابینەی شەشەم بڵێین:

هەتاکەی ئەم حکومەتە بەجددی لەسەر ئەم پرسە گرنگە ناوەستێتو نایکاتە چەقی پلانو کارنامەی چارەسەرکردنی خۆی بۆئەوەی لانیکەم سامانی ئەم وڵاتە، کەهاوڵاتیان خاوەنی ڕاستەقینەین، بەفیڕۆنەدرێت. ئێستا هەلومەرجێکی نوێ هاتۆتەپێشو بۆ یەکەمینجارە سەرۆکی حکومەت لەم هەرێمەدا بەرەسمی باس لەبودجەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، کەدیارە ئەمە بەسەرەتایەکی باش دەزانین ئەگەر بەهەمان دەردی بەڵێنەکانی کابینەی پێنجەم نەچێتەوەو لەبری ئەوە قەناعەتو ڕاستگۆییان لەپشتەوە بێتو تەرجومەبکرێن بۆ سەر ئەرزی واقیع.

ئێمە بەلامانەوە ئاساییە حیزبەکان ڕێکخراوگەلی خۆیان هەبێت، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەچەندین وەزارەتی جیاجیای حکومەتەکەیانەوە پارە بۆ ڕێکخراوەکانیان وەربگرن. تەنانەت ئەم حاڵەتە واوەتر ڕۆیشتووەو تەنها بەوەوە نەوەستاوە کەبەشی هەرە زۆری بری بودجە بدرێتە ڕێکخراوە حیزبییەکان بەڵکو زۆرجار حیزبیبوونو پاشکۆیەتی بۆ یەکێک لەدوو پارتە دەسەڵاتدارەکە مەرجی سەرەکی وەرگرتنی بودجەبووە لەم دەڤەرەدا کەئەمەش تەواو پێچەوانەی مافی بێئەملاوئەولای پێکهێنانی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانو ئازادیی ڕادەربڕینە جگە لەوەی ئەم حاڵەتە لەلایەکەوە بارگرانییەکی زۆری بۆ بودجەی حکومەت دروستکردووەو لەولاشەوە لەو بودجەیە دەبات کەبۆ ڕێکخراوە سەربەخۆکان تەرخانکراوە کەپێویستە لەسەر ئەساسی پرۆژە نەک مووچەو نەسرییە پێیانبدرێت.

لێرەوە ئێمە وەک فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێمانوایە کە یەکێک لەتەحەددای گەورەی بەردەم کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم ڕاستکردنەوەی ئەو بارە خوارو نادادپەروەرەیە کە لەماوەی ڕابوردودا بەرامبەر ژیانی ڕێکخراوەیی ئازادو ڕاستەقینە لەهەرێمدا بەڕێوەچووە. بۆ ئەمەش بەرلەهەر شتێک پێویستە یەکەم: یاسایەکی هاوچەرخ بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمدا دەربچێت کە لەگەڵ ئاستی پەرەسەندوویی ئەم ڕێکخراوانەدا هاوتابێت، چونکە یاسای ژمارە ١٥ی ڕێکخراوە غەیرەحکومییەکان کەساڵی ٢٠٠١ دەرچووەو ئێستا لەهەرێمدا کارییپێدەکرێت کەلێنی یاساییو بونیادیی گەورەی تێدایە کەڕێگرن لەبەردەم پەرەسەندنی ژیانی ڕێکخراوەیی لەم دەڤەرەدا.

دووەم: بەپێی یاسا دەستە یان کۆمسیۆنێکی باڵای سەربەخۆی تایبەت بەڕێکخراوەکان لەژێر سەرپەرشتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا پێکبهێنرێتو وەک تاکە مەرجەعێک هەموو کاروبارەکانی ڕێکخراوەکان ڕێکبخات.

سێهەم: لیژنەی پسپۆڕو تایبەت دروستبکرێت بۆ پێداچوونەوەی ئەو بودجانەی دەدرێنە ڕێکخراوەکان بەهەموو جۆرەکانیەوەو پێوەر دیاریبکرێت بۆ پێدانی بودجە بەو ڕێکخراوانەو مەرجی حیزبیبوون لەژیانی ڕێکخراوەییدا لاببرێت.. ئەگەرنا ئەوا ئەم کابینەیەش بەهەمان ڕێچکەی کابینەکانی پێشخۆیدا دەڕواتەوەو دەبێتە درێژەپێدەری ئەو فەوزاو گەرەلاوژەیەی کە زۆر دوورە لەگیانی سەردەمیانەو دامەزراوەییانەی پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوەکانو حکومەتو ئەوەشی لەو نێوەدا زەرەرمەندیی گەورەیە هاوڵاتیانو کۆمەڵگەی مەدەنییە کەئەم شێوە نزیکبوونەوەیە ناهێڵێت کۆمەڵگە ببێتە خاوەن شوناسی خۆیو لەچنگ هەیمەنەی حیزب ڕزگاری بێت.

**فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان**
**٢٠١٠/٢/١٣**

**ئاگاداری**

**بۆ ناردنی هەر بابەتێک بۆ ئەم پاشکۆیە لەسەر هەمووارکردنی هەر یاساو پرۆژە یاسایەک یان پێشنیازکردنی پرۆژە یاسایەکی نوێ، تکایە وتارو شیکردنەوەو بابەتەکانتان بنێرن بۆ ئەم ئەدرەسانە:**
**پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- سلێمانی- گەڕەکی بەختیاری، شەقامی هەکاری، کۆڵانی ژمارە ١١٣، خانووی ژمارە ٤٤ (نزیک سەنتەری گەنجان).**

aram_jamal@yahoo.com
dana_jameel@yahoo.com

**یاخود ژمارە تەلەفونەکانی: ٣١٨٧١١١، ٠٧٧٠١٥٧٣٢١٠**

## هەلی کار لەدەزگای نالیاوە بۆ ڕاگەیاندن

nalia co.

### مؤسسة نالیا الاعلامیة

دەزگای نالیا بۆ ڕاگەیاندن، دەزگایەکی میدیایی ئەهلی سەربەخۆیە کە «کۆمپانیای نالیا بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەو بەبازاڕکردنی میدیایی» خاوەنێتی.
دەزگای نالیا بۆ ڕاگەیاندن، لەئێستادا سەرقاڵی دامەزراندنی سێ کەناڵی ئاسمانیە، کەگرنگی بەسێ بواری جیاواز دەدات.

کەناڵی یەکەمیان کەناڵێکی سیاسی هەواڵی بێلایەنە، هەروەها فیلمی دۆکیومێنتەری و بەرنامەی گفتوگۆکردن لەخۆدەگرێت. ئەمەش وەک یەکەم کەناڵی سیاسی و هەواڵیی کوردی بێلایەنی کەرتی تایبەت کەدەخوازێت ڕەنگدانەوەی هەموو ڕاستیەکان بێت، بێ خۆبەستنەوە بەهیچ دید و ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی و حیزبی و مەزهەبی دیاریکراوەوە.

کەناڵی دووەمیان کەناڵێکی هەمەڕەنگە و گرنگی دەدات بەبوارەکانی هونەر و موسیقاو گۆرانی، جگە لەچەندین بەرنامەی هەمەڕەنگو جەماوەری.

کەناڵی سێهەم وەک یەکەم کەناڵی کوردی تایبەت ئەبێت بە پەخشکردن و نمایشکردنی فیلمی جیهانی بەژێرنوسی کوردی.
بۆیە دەزگای نالیا بۆ ڕاگەیاندن، ڕایدەگەیەنێت کە لەقۆناغی ئێستادا بۆ ئەم پرۆژەیە پێویستی بەم پۆستانەی لای خوارەوە هەیە:

**بەشی کارگێڕی:**

- بەڕێوەبەری کارگێڕی
- ژمێریار
- پسپۆری بواری پەیوەندیەکان
- پرسگە
- تایپێست (٢ کەس)

**بەشی هونەری:**

- مۆنتێر (٣ کەس)
- وەرگێڕ (عەرەبی، ئینگلیزیی، تورکی) (٣ کەس)
- وێنەگر ١٢ کەس
- دیکۆریست (٢ کەس)
- ڕوناکی (٣ کەس)
- دەنگ (٣ کەس)
- دەرهێنەر (٣ کەس)
- پێشکەشکاری بەرنامە (٣ کەس)
- بێژەر «سۆرانی و کرمانجی» (٤ کەس)
- گرافیک (٢ کەس)
- ئای تی (٢ کەس)
- ئەندازیاری دەنگ (٣ کەس)
- مۆنتێری پەخش (٦ کەس)
- کارمەندی تەنسیق (٤ کەس)



دەتوانن بۆ پەیوەندیکردن لەکاتژمێر (١٠ی بەیانی تا ٤ پاشنیوەڕۆ) سەردانی کۆمپانیای نالیا بکەن لەناو گوندی ئەڵمانیدا.
مەرجە ئەو کەسەی سەردانی کۆمپانیا دەکات CV خۆی بهێنێت و ئەزموونی کارکردنی لەبوارەکەی خۆیدا لەدوو ساڵ کەمتر نەبێت.

www.naliagroup.com



## کۆمپانیای هوما بۆ دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی هەمو گۆڤارێکی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان

HOMA company

تاکە بریکاری Exclusive Agent (Cedars International Traiding)

مژدە مژدە...

تایم
نیوزویك
ایکونومست
بزنس ویك
مید
ok
ڕۆتانا
مجله مجله
PC
مجلات ازیاء
خانواده
اس ام اس
محك
هونیا
....

مژدە .... مژدە

بۆ هەموو نووسەران و ڕۆشنبیران و مامۆستایان و بازرگانان و دکتۆرەکان و ڕۆناکبیران و هاوولاتیان, جارێکی تر کۆمپانیای هوما بەشی دابەشکردن و بلاوکردنەوە هەلدەستێ بە هێنانی هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەیك بە زمانی (( عەرەبی, انگلیزی , فارسی , کوردی, تورکی)) بە شێوەی ((بەشداربوون)) و ئامادەین بە زووترین کات بۆتان بنێرین بۆ ئەم شوێنەی کە مەبەستانە (کۆمپانیاکان, کونسلخانەکان, دامودەزگاکان, مالەکان, زانکۆکان, هەموو شارو شارۆچکەکان) بە زووترین کات لە ڕێکای بەڕێوبەرایەتی پۆستەی هەولێر.

| بەغداد ئاژانسی(العین) بۆ ڕاگەیاندن | سلێمانی: | کەرکوك: | دهۆك : | هەولێر : |
|---|---|---|---|---|
| 0770 444 6855 | 0770 644 4007 | 0770 130 2585 | 0750 411 2413 | 0750 430 1612 |
| 0770 644 4330 | 0770 644 2022 | 0770 145 5917 | 0770 910 3868 | 0750 449 6264 |
| | 0770 644 4008 | | | 0750 483 6800 |
| | | | | 0750 483 6900 |

email: homa_co@yahoo.com

# ـــاسای هەڵبژاردنی ئەنجـــــومەنی نوێنەرانی عێراق



دەکەن و بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنێت.

چوارەم: دەنگدانی راگوێزراوان:

أ. دەنگدەری راگوێزراو: ئەو عێراقیەیە کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بەزۆر راگوێزراوە بۆ شوێنێکی دیکەی ناو عێراق لەدوای (٢٠٠٣/٤/٩) بەهەر هۆیەک بێت.

ب. شێوازی دەنگدانی راگوێزراوان بەپێی نوێترین ئاماری فەرمی کەلەلایەن هەردوو وەزارەتی کۆچو کۆچبەرانو بازرگانیەوە دەدرێتە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو بەوپێیەش راگوێزراو مافی دەنگدانی دەبێت بۆ ئەو بازنەیەی لێی راگوێزراوە، ئەگەر فۆرمی خۆراکەکەی نەگواستبێتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی بۆی راگوێزراوە.

پێنجەم: لەدەسەڵاتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندایە ڕێنمایی تایبەت بە دەنگدانی دەرەوە دابنێت.

مادەی پێنجەم:

یەکەم: حوکمی مادەکانی بەندی شەشەمو حەوتەمی یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) بەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەراندا دەچەسپێت.

دووەم: پاڵێوراو مافی هەیە داوا لە ناوەندی هەڵبژاردنی پارێزگاکە بکات ژمارەی ئەو دەنگانەی بداتێ کەبەدەستیهێناوە.

سێیەم: ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران مافی هەیە ئەو زانیاریانە ببینێت کە پەیوەندیدارە بە پرۆسەی هەڵبژاردنو نمونەکانی جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان لەبازنە جیاوازەکانی هەڵبژاردندا.

مادەی شەشەم:

یەکەم: هەڵبژاردن لە کەرکوکو ئەو پارێزگایانەی گومان لە لیستەکانیدا هەیە لەکاتی خۆیداو جیاکاریانە ئەنجامدەدرێت.

دووەم: ئەو پارێزگایانەی گومان لە لیستەکانیان دەکرێت ئەوانەن کە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ساڵانەی لە (٥٪) زیاترە وە دەبێت داوای گومانکردن لانی کەم لەلایەن پەنجا نوێنەرەوە پێشکەشبکرێتو ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی سادە بەدەستبهێنێت.

سێیەم: ئەنجومەنی نوێنەران لیژنەیەک لەئەندامانی پێکدێنێت بۆ پارێزگای کەرکوکو هەر پارێزگایەکی دیکە کە گومان لە لیستەکەی دەکرێتو پێکدێت لە نوێنەری پێکهاتەکانی ئەو پارێزگایەو ئەندامێتی نوێنەری وەزارەتەکانی پلاندانانو ناوخۆو بازرگانیو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو بەهاوکاری نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ پێداچونەوەو وردبینیکردنی هەڵەو زیادەیەی بەسەر لیستی دەنگدەراندا هاتووە بەپێی زانیاریە فەرمیەکانو ئەو پێوەرانەی لە حوکمە کۆتاییەکانو مادەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە بۆ ڕاستکردنەوەی لیستی دەنگدەران وەدەبێت لیژنەکە کارەکانی لەماوەی ساڵێکدا لە بەرواری دەستبەکاربوونیەوە جێبەجێبکات.

چوارەم: ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای کەرکوک یان هەر پارێزگایەک کەگومان لە لیستەکانی دەکرێت تا کۆتاییهاتن لە پرۆسەی وردبینیکردنی لیستی دەنگدەران هەژمارناکرێن وەک بنەمایەک بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئایندە یان پێشینەیەک بۆ هەر بارێکی سیاسی یان ئیداری.

## حوکمەکانی کۆتایی:

مادەی حەوتەم: بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی مادەی شەشەم ئەم پێوەرانەی خوارەوە وەک بنەمایەک پشتیان پێدەبەسترێت.

یەکەم: جیاوازیەکە دیاریدەکرێت لە نێوان ئەوانەی لە لیستی (٢٠٠٤)دا بەر لە نوێکردنەوە تۆمارکراون

و ئەوانەی لە هەڵبژاردنی (٢٠١٠)دا تۆمارکراون.

دووەم: پرۆسەی وردبینی جیاوازیەکە لە برگەی یەکەمی سەرەوەو لە زیادکردنەکانی ساڵانی (٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩) بەڕێوەدەچێت بەجەختکردنە سەر ئەمانەی خوارەوە:

١. زیادبوونی دانیشتوان (لەدایکبوون، مردن، گواستنەوەی تۆمار لە پارێزگا) لەماوەی نێوان (٢٠٠٤) بۆ (٢٠٠٩).

٢. راگوێزراوە گەراوەکان بەپێی تۆمارە فەرمیەکان.

٣. هەر گۆرانکاریەکی دیکە لە دانیشتواندا لەو ماوەیەدا.

**بەو پێیەی نەتوانرا برگەو مادده هەموار کراوەکان لەناو دەقی یاساکەدا جێگەیان بکرێتەوە، لەبەرئەوە ناچار بووین لە شێوەی پاشکۆدا دەقە یاساییەکان بڵاو بکەینەوە.**

### پاشکۆ -٢-
### بەشی شەشەم
### بانگەشەی هەڵبژاردن

ماددەی بیستو حەوت: بەپێی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، بانگەشەی هەڵبژاردنی ئازاد مافێکی دەستەبەرکراوە بۆ پاڵێوراوو لەبەرواری بەفەرمی قبوڵکردنی خۆپاڵاوتنەکەیەوە دەستپێدەکاتو (بیستو چوار) سەعات پێش وادەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن کۆتاییدێت.

ماددەی بیستو هەشت: بانگەشەی هەڵبژاردن لەهەموو باجێک بەخشراوە.

ماددەی بیستو نۆ:

یەکەم: ئەمینداریێتی بەغدادو شارەوانییە تایبەتمەندەکان لەپارێزگاکان بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆن ئەو شوێنانە دیاریدەکەن کە بانگەشەی هەڵبژاردنو هەڵواسینی ریکلامی هەڵبژاردنی تێدا قەدەغەدەکرێت بەدرێژایی ماوەی پێش وادەی دیاریکراوی هەڵبژاردن، بڵاوکردنەوەی هەر ریکلامو بەرنامەو وێنەی پاڵێوراوان لەبنکەکانی دەنگدان.

دووەم: پێویستە لەسەر قەوارە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن، ریکلامە هەڵواسراوەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنیان لابدەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کەکۆمسیۆن دەریاندەکات.

ماددەی سی: قەدەغەکردنی ئەو کۆبونەوانەی هەڵبژاردن کە لەلایەن پاڵێوراوانەوە یاخود لایەنگرانیانەوە لە بینای وەزارەتو فەرمانگە جیاجیاکانی دەوڵەتدا ڕێکدەخرێن لەو ماوەیەی لەم یاسایەدا دیاریکراوەو مەبەست لێی ریکلامکردنە بۆ پاڵێوراوەکە.

ماددەی سی ویەک: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دروشمی فەرمی دەوڵەت لە کۆبوونەوەو ریکلامو بڵاوکراوەکانی هەڵبژاردنو ئەو نوسراوو وێنانەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەکاردەهێنرێن.

ماددەی سی ودوو: نابێت فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی دەوڵەتو دەسەڵاتە خۆجێیەکان هەژمونی وەزیفی خۆیان یاخود سەرچاوەکانی دەوڵەتو ئامرازو دەزگاکانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان یاخود هەر پاڵێوراوێک لەوانەش دەزگا ئەمنیو سەربازییەکانی بۆ ریکلامی هەڵبژاردن یاخود کارکردنە سەر دەنگدەران بەکاربهێنن.

ماددەی سی وسێ:

یەکەم: نابێت هیچ پارت، گروپ، ڕێکخستن، قەوارە، کەس یاخود هەر لایەنێک هیچ جۆرێک لەجۆرەکانی گوشار یاخود ترساندن یاخود تەکفیر یاخود بەخائین لەقەڵەمدان یاخود خستنەرووی موغرەیات یاخود پێدانی دەستکەوتی ماددیو مەعنەوی یاخود بەڵێندان بەدانی ئەو دەستکەوتانە پیادەبکات.

دووەم: ڕێگە بەهیچ پارتو قەوارەیەکی سیاسی خاوەن میلیشای چەکدار نادرێت بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکات.

سێیەم: هیچ قەوارەیەکی سیاسی بەشداری لەهەڵبژاردنو ژماردنی دەنگەکاندا ناکات ئەگەر هاتوو بەزەبری هێز ناوچەیەکی هەڵبژاردنی داخست یاخود هەرەشەی بەکارهێنانی هێزی کرد بۆ بەرژەوەندی خۆی یاخود لەدژی لایەنی دیکە.

ماددەی سی وچوار: ڕێدەگیرێت لەبەکارهێنانی فەرمانگەکانی دەوڵەت کە مەبەست لێی پێگەکانی کارو فەرمانە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، هەروەها ڕێگە بەشوێنەکانی پەرستن نادرێت کەبۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێت.

ماددەی سی وپێنج: ڕێگەنادرێت هیچ پاڵێوراوێک بانگەشەی هەڵبژاردن بەجۆرێک بکات کە خەڵەتاندنی دەنگدەران یاخود فێڵلێکردنیان لەخۆبگرێت یاخود لەبانگەشەی هەڵبژاردندا شێوازی بریندارکەر یاخود ناوزراندنی ئەوانی دیکە بەکاربهێنێت.

ماددەی سی وشەش: ڕێگەنادرێت تێچوونی بانگەشەی هەڵبژاردن لەپارەو پولی گشتی یاخود بودجەی وەزارەتەکان یاخود پارەوپولی وەقف یان پارەو پولی پشتگیری دەرەکی بێت.

ماددەی سیو حەوت:

یەکەم: نابێت هیچ پاڵێوراوێک لەڕۆژی دەنگداندا، لەڕێگەی خۆی یان کەسی دیکەوە، بەرنامەی کار، بڵاوکراوە، کارت یاخود هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە بڵاوبکاتەوە.

دووەم: نابێت هیچ کارمەندێکی فەرمانگەکانی دەوڵەت یاخود ئەندامانی دەسەڵاتە خۆجێیەکان، لەڕێگەی خۆی یان کەسی دیکەوە، لە ڕۆژی دەنگداندا بەرنامەی کار بڵاوبکاتەوە.

سێیەم: نابێت ریکلام، بەرنامەی کار، بڵاوکراوە یاخود کارت بەناوی پاڵێوراوێکی تۆمارنەکراوەوە هەڵبواسرێت یاخود بڵاوبکرێتەوە.

### بەشی حەوتەم
### تاوانەکانی هەڵبژاردن
### ماددەی سی وهەشت:

یەکەم: سزادەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت و غەرامەکردنی بە برێک کە لە (١٠٠,٠٠٠- سەد هەزار دینار) کەمترو لە (٥٠٠,٠٠٠ – پێنجسەد هەزار دینار) زیاتر نەبێت هەر کەس:

یەکەم: بەئەنقەست ناوێک یان چەند ناوێک یان چەند سیفەتێکی ساختە بخاتە نێو تۆماری دەنگدەران یاخود ناوێک نەخاتە نێو تۆماری دەنگدەران بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: توانی خۆی یان کەسێکی دیکە بەبێ بوونی مەرجی یاسایی پێویست ناونووس بکاتو ئەوە چەسپا کە لەوە ئاگادارەو هەرکەسێک ناوی کەسێکی دیکە تۆمارنەکات یاخود بسرێتەوە.

سێیەم: لەهەڵبژاردندا دەنگبداتو بشزانێت کەناوی لەتۆماری دەنگدەراندا بەپێچەوانەی یاساوە تۆمارکراوە یاخود مەرجە یاساییەکانی پێویستەکانی بۆ پیادەکردنی مافی خۆی لەدەنگدان لەدەستداوە.

چوارەم: بەئەنقەست بەناوی کەسێکی دیکەوە دەنگیدابێت.

پێنجەم: نهێنی دەنگدانی دەنگدەرێکی بەبێ ڕەزامەندی خۆی ئاشکراکردبێت.

شەشەم: مافی دەنگدانی خۆی لەیەک جار زیاتر بەکارهێنابێت.

حەوتەم: ویستی دەنگدەرێکی نەخوێندەواری گۆڕیبێتو ناوێکی نووسیبێت یاخود ئاماژەی بەنیشانەیەک دابێت بەدەر لەوەی کە دەنگدەرەکە مەبەستی بووە یاخود کۆسپی خستە بەردەم هەر دەنگدەرێک بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی مافی لە دەنگدان.

هەشتەم: خۆی لە زیاتر لەبازنەیەک یاخود لیستێکی هەڵبژاردندا پاڵاوتبێت.

ماددەی سی ونۆ: سزادەدرێت بەبەنکردن بەماوەیەک کە لەساڵێک کەمتر نەبێت، هەرکەس:

یەکەم: هێزی بەکارهێنابێت یاخود هەڕەشەی کردبێت بۆ ڕێگرتن لەدەنگدەر تانەتوانێت مافی خۆی لەدەنگداندا پیادەبکاتو وای لێبکات بەئاراستەیەکی دیاریکراو دەنگبدات یاخود وای لێبکات دەنگ نەدات.

دووەم: شتێکی بەخشیبێت یاخود خستبێتیەروو یاخود بەڵێنیدابێت سوودێک بەدەنگدەرێک یاخود کەسێکی دیکەی بگەیەنێت تا وای لێبکات بەئاراستەیەکی دیاریکراو دەنگبدات یاخود وای لێبکات دەنگ نەدات.

سێیەم: سوودێکی قبووڵکرد یاخود داوای کرد بۆ خۆی یاخود بۆ کەسێکی دیکە لە یەکێک لەو کەسانەی کە بۆ جێبەجێکردنی خزمەتێکی گشتی لەپرۆسەی هەڵبژاردندا ڕاسپێردراون.

چوارەم: لەنێودەنگدەراندا هەواڵی ناراستی لەبارەی هەڵسوکەوت یاخود ناوبانگی یەکێک لەپاڵێوراوەکان پەخش یاخود بڵاوکردبێتەوە بەمەبەستی کارکردنە سەر بیروڕای دەنگدەران لەدەرەنجامی هەڵبژاردن.

پێنجەم: بەچەکێکی ئاگرین یاخود بریندارکەرەوە چووبێتە ناو بارەگایەکی تەرخانکراو بۆ دەنگدان بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

شەشەم: لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا جنێوی دابێت یاخود تۆمەتی هەڵبەستبێت یاخود دەستدرێژی کردبێتە سەر لیژنەی هەڵبژاردنەکان یاخود یەکێک لە ئەندامەکانی.

حەوتەم: تێکدانی سندوقەکانی دەنگدان یاخود خشتەکانی هەڵبژاردن یاخود هەر بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیدار بەپرۆسەی هەڵبژاردن.

ماددەی چل: سزادەدرێت بەبەندکردن بۆ ماوەیەک لە ساڵێک کەمتر نەبێتو غەرامەکردنی بەبرێک کە لە (١٠٠,٠٠٠- سەد هەزار دینار) کەمترو لە (٥٠٠,٠٠٠ – پێنجسەد هەزار دینار) زیاتر نەبێت هەر کەس:

یەکەم: دەستی گرتبێت بەسەر کارتەکانی دەنگدان یاخود تۆمارەکانی دەنگدەران یاخود شاردبێتنیەوە یاخود سەرنگونیکردبێتن یاخود لەناوبیردبێتن یاخود شێواندبێتنی یاخود دزیبێتنی یاخود بەهەر ڕێگەیەک لەڕێگەکان ئەنجامەکانیانی گۆڕیبێت.

دووەم: ئازادی هەڵبژاردن یاخود سیستمەکەی تێگدابێت لەڕێی بەکارهێنانی هێز یاخود هەرەشەوە.

ماددەی چل ویەک: سزادەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کەلە مانگێک زیاترنەبێت، هەرکەس بەیاننامە یاخود وێنە یاخود بڵاوکراوەی هەڵبژاردنی تایبەت هەڵبواسێت لەدەرەوەی ئەو ناوچانەی بۆی دیاریکراوە.

ماددەی چلو دوو: سزادەدرێت بەبەنکردن بۆ ماوەیەک کەلە مانگێک کەمترو لە ساڵێک زیاتر نەبێت هەرکەس:

یەکەم: بەئەنقەست دەستدرێژی کردبێتە سەر وێنەی پاڵێوراوان یاخود ئەو بەرنامانەیان کەلە شوێنی تەرخانکراوی خۆیاندا هەڵواسراون، بۆ بەرژەوەندی کەسێکی دیکە یاخود لایەنێکی دیاریکراو بەمەبەستی زیانگەیاندن بەو پاڵێوراوە یان کارکردنە سەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن.

دووەم: کشانەوەی پاڵێوراوێک یان زیاتری لەپرۆسەی هەڵبژاردن راگەیاند بەمەبەستی کارکردنە سەر دەنگدەرانو ڕەوانەکردنی دەنگەکانی ئەو پاڵێوراوە بۆ خۆی، کەدەشزانێت ئەوە دوورە لەڕاستیەوە.

سێیەم: دەستدرێژیکردنە سەر ئەو ئامرازانەی بانگەشەی هەڵبژاردن کە بەیاسا ڕێیان پێدراوە بەهەر هۆیەک بێت، جا بەسڕینەوە یاخود دڕاندن یاخود هەر شتێکی دیکە یاخود هەر ڕەفتارێکی دیکەی لەو جۆرە بێت.

ماددەی چل وسێ:

یەکەم: سزادەدرێت بەبەندکردن بۆ ماوەیەک لە مانگێک کەمتر نەبێتو لە شەش مانگ زیاتر نەبێتو غەرامەکردنی بەبرێک کە لە (١٠٠٠,٠٠٠- یەک ملیۆن دینار) کەمترو لە (٥٠٠٠,٠٠٠ – پێنج ملیۆن دینار) زیاتر نەبێت هەر کەس سەرپێچی حوکمی ماددەکانی (٣٠و ٣١و ٣٢و ٣٥و ٣٦و ٣٧)ی ئەم یاسایەی کرد.

دووەم: سزادەدرێت بەبەنکردنی کاتیو غەرامەکردنی بەبرێک کە لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠- دە ملیۆن دینار) کەمترو لە (٢٥,٠٠٠,٠٠٠ – بیست وپێنج ملیۆن دینار) زیاتر نەبێت هەر کەس سەرپێچی حوکمی ماددەکانی (٣٣و ٣٤)ی ئەم یاسایەی کرد.

ماددەی چل وچوار: سزای هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی هەڵبژاردن کەلەم یاسایەدا هاتووە وەک سزای تاوانێکی تەواو ئەنجامدراو دەبێت.

ماددەی چل وپێنج:

یەکەم: ئەگەر سەلمێنرا قەوارەیەکی سیاسی بەشداری لەئەنجامدانی هەر تاوانێک لەتاوانەکانی هەڵبژاردندا کردووە، کە لەم یاسایەدا هاتووە، ئەوا سزادەدرێت بەبری (٥٠,٠٠٠,٠٠٠ - پەنجا ملیۆن دینار) غەرامەدەکرێت.

دووەم: قەوارەی سیاسی لەو دەنگانە بێبەشدەکرێت کە لەبنکەی دەنگدانەکەدا بەدەستیهێناون ئەگەر یەکێک لەتاوانەکانی هەڵبژاردنی ئەنجامدا کە لەبرگەکانی (یەک، پێنج، شەش، حەوت)ی ماددەی (٤١و ٤٢)ی ئەم یاسایەدا هاتوونو ئەنجومەنی کۆمسیۆن مافی ئەوەی هەیە بڕیاری پێویست لەو بارەیەوە وەربگرێت.

*** وەرگێڕانی ئەم یاسایە نافەرمییەو لە لایەن KIEەوە ئەنجامدراوە.**

# یاسای هەمووارکراوی ژمــارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ی یـــــ

## فەسڵی یەکەم
### پەیڕەوکردنی یاساکە

**ماددەی (١):**
**ئەم یاسایە لەم هەڵبژاردنانەدا پەیڕەو دەکرێت:**

ا- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران.
ب- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی لە بارو دۆخی جێبەجێکردنی برگەی (ە) لە ماددەی ٦١ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە.
ج- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمەکانو ئەنجومەنی پارێزگاکانو ئەنجومەنەخۆجێییەکان, لەکاتی نەبوونی دەقێکی تایبەت (یاسایەکی تایبەت)دا.

## فەسڵی دووەم
### مافی هەڵبژاردن

**ماددەی(٢)**
هەڵبژاردن لەرێی دەنگدانی گشتی و نهێنی و راستەوخۆوە ئەنجامدەدرێت.

**ماددەی(٣)**
پێویستە دەنگدەر ئەم مەرجانەی تێدابێت:
١- هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت.
٢- ئەهلیەتی(شیاوی) تەواوبێت.
٣- هــەژدە ســاڵی تــەواو کردبێت لــەو رێکــەوتــەی هــەڵــبــژاردنــەکــەی تێدا ئەنجامدەدرێت.
٤- ناوی بۆ دەنگدان تۆمارکرابێت ئەویش بەپێی ئەو رێوشوێنانەی لەلایەن کۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە دەرچوون.

**ماددەی (٤)**
یەکەم: پرۆسەی دەنگدان لەیەک رۆژدا ئەنجامدەدرێت.
دووەم: دەشێت پرۆسەی هەڵبژاردن لەبازنەیەکی تایبەت بەهەڵبژاردن یان زیاتردا دوابخرێت ئەگەر بارودۆخی ئاسایش وای پێویستکرد.

**ماددەی(٥)**
وادەی هەڵبژاردن بەپێی مەرسومێکی کۆماری دیاریدەکرێتو لەرێگەی هەموو هۆکارەکانی راگەیاندنەوە پێش وادەی دەستنیشانکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە ماوەی (٦٠) رۆژ رادەگەیەنرێت.

## فەسڵی سێیەم
### مافی خۆپاڵاوتن

**ماددەی (٦)**
مەرجە پاڵێوراو دەنگدەر بێت جگە لەوەی دەبێت :-
١- تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتر نەبێت.
٢- یاسای ریشەکێشکردنی بەعس نەیگرێتەوە.
٣- بەشێوەیەکی ناشەرعی لەسەر حیسابی نیشتمانو ماڵو موڵکی گشتی دەوڵەمەند نەبووبێت.
٤- بە تاوانی ئابرووبەر حکوم نەدرابێتو خاوەن رابوردوویەکی باش بێت.
٥- هەڵگری بروانامەی ئامادەیی بێت ، یاخود هاوتای ئەو بروانامەیەی هەبێت.
٦- لەکاتی خۆپاڵاوتندا ئەندامی هێزە چەکدارەکان نەبێت.

ماددەی(٧)
پاڵێوراوەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە پەسەنددەکرێن.

**ماددەی(٨)**
هەرکەسێک مەرجەکانی خۆپاڵاوتنی تێدا بێت دەتوانێت لەهەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا خۆی بپاڵێوێت.

**ماددەی (٩) هەڵوەشاوەتەوە**
**ماددەی (١٠) هەڵوەشاوەتەوە**
**ماددەی (١١) هەڵوەشاوەتەوە**

**ماددەی (١٢)**
دابەشکردنی کورسییە (بە دەستهاتووەکان) لە ناو هەرلیستێکدا بەپێی ریزبەندی ناوی پاڵێوراوان دەبێت لە ناو ئەو لێستانەدا.

**ماددەی (١٣)**
کورسییەکان بەسەر پاڵێوراواندا دابەشدەکرێت نەک قەوارە سیاسییەکان، بۆیە نابێت قەوارەکان کورسی بەدەستهاتوو لەپاڵێوراو وەربگرنەوە.

**ماددەی (١٤)**
یەکەم: ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەن، لەبەر هەر هۆیەک، کورسییەکەی لەدەستدا،ئەوا ئەو پاڵێوراوەی لەریزبەندی لیستی قەوارەکەیدا دوای ئەو هاتووە جێگەی دەگرێتەوە.
دووەم: ئەگەر ئەو کورسییە بەتاڵە تایبەت بوو بە ژنێک ،ئەوا مەرج نییە ژنێک شوێنی بگرێتەوە تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەکاریگەریی لەسەر رێژەی نوێنەرایەتی ژنان دروستبکات.
سێیەم: ئەگەر ئەو کورسییە بەتاڵە تایبەت بوو بە قەوارەیەکی سیاسی کە تەنها لەیەک کەس پێکهاتبوو، یاخود لیستەکە پاڵێوراوی تری تیا نەمابوو،ئەوا کورسییەکە دەدرێتە پاڵێوراوێک لە قەوارەیەکی سیاسی تر کە کەمترین ئاستی دەنگی بەدەستهێنابێت بۆ وەدەستخستنی کورسییەکو بەپێچەوانەوە ئەو کورسییە هەر بەبەتاڵی دەمێنێتەوە.

## فەسڵی چوارەم
### بازنەکانی هەڵبژاردن:

**ماددەی (١٥)**
هــەڵــوەشــاوەتــەوەو ئــەم دەقــە جێگەیگرتۆتەوە:
ئەنجومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک کورسی پێکدێت بەرێژەی کورسییەک بۆ هەر سەد هەزار کەسێک ئەویش بەپێی دواهەمین ئاماری پێشکەشکراو لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە، بەمەرجێک کورسییەکانی قەرەبووکردنەوەی بەرێژەی (٥٪) لەنێواندا بێت، لەگەڵ بەخشینی (کۆتا) لە کورسییەکانی قەرەبووکردنەوە بۆ ئەم پێکهاتانەی خوارەوە بەمەرجێک کاریگەری نەبێت بۆسەر رێژەکەی ئەگەر هاتوو بەشداری لەلیستە نیشتمانییەکاندا کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:
١. پێکهاتەی مەسیحی، پێنج کورسیو دابەشدەکرێت بەسەر پارێزگاکانی (بەغداو موسڵو کەرکوکو دهۆکو هەولێردا.
٢. پێکهاتەی ئـێـزدی، کورسییەک لەپارێزگای نەینەوا.
٣. پێکهاتەی سابیئەی مەندائی، کورسییەک لەپارێزگای بەغدا.
٤. پێکهاتەی شـەبـەک، کورسییەک لەپارێزگای نەینەوا.
هەر پارێزگایەک، بەپێی سنورە ئیدارییە فەرمییەکەی، بازنەیەکی هەڵبژاردنەو دەبێت ژمـارەی کورسییەکانی لەگەڵ ژمـارەی دانیشتوانی پارێزگاکەدا گونجاوبێت ئەویش بەپێی دواهەمین سەرژمێری کارپێکراوی فۆرمی خۆراک.

**ماددەی (١٦) هەڵوەشاوەتەوە**

**ماددەی (١٧)**
کورسییەکانی قــەرەبــووکــردنــەوە بەمشێوەیە دابەشدەکرێن:
١- کـۆی ژمــارەی دەنگە راستەکان (دروستـەکـان) لەعێراقدا بەسەر کۆی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا دابەشدەکرێت بۆ دەستکەوتنی تێکرای نیشتمانی.
٢- کۆی ئەو دەنگانەی هەر قەوارەیەکی سیاسی بەدەستیهێناون بەسەر تێکرای نیشتمانیدا دابەشدەکرێت بۆ دیاریکردنی بری کورسییەکانی قەوارەکە.
٣- سەرەتا کورسی قەرەبوو بەسەر ئەو قەوارە سیاسیانەدا دابەشدەکرێت کە هیچ نوێنەرایەتییەکیان لەبازنەکانی هەڵبژاردندا بەدەستنەهێناوە بـەڵام بـری تێکرای نیشتمانیان بەدەستهێناوە.
٤- ئەو کورسیانەی دەمێننەوە بەسەر ئەو قەوارانەدا دابەشدەکرێن کە نوێنەرایەتیان لەبازنەکانی هەڵبژاردندا هەیە ئەویش بەپێی رێژەی ژمارەی دەنگەکانیان لەکۆی دەنگەکان.

**ماددەی (١٨)**
قەوارە سیاسییەکان ناوی پاڵێوراوانیان پێشکەشدەکەن بۆ دەستکەوتنی کورسی قەرەبوو.

**ماددەی (١٩)**
عێراقییەکان لە دەرەوەی وڵاتـدا لەو نـاوەنـدی هـەڵـبـژاردنـانـەدا دەنـگـدەدەن کـە کۆمسیونی بـاڵای سـەربـەخـۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دیاریان دەکات، وە دەنگەکانیش لەسەرئاستی دەوڵەت ئەژمار دەکرێت.

## فەسڵی پێنجەم
### بانگەشەی هەڵبژاردن

**ماددەی (٢٠)**
هەڵمەتی هەڵبژاردن بەپێی ئەحکامی ئەم یاسایە ئازاد دەبێتو هەر پاڵێوراوێک لەوکاتەوە کەناوی رادەگەیەنرێت مافی مومارەسەکردنی ئەم هەڵمەتەی هەیە هەتا رۆژێک پێش وادەی دەستنیشانکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

**ماددەی(٢١)**
رێکخستنی کۆبونەوەکانی هەڵبژاردن لە بێنایانەی کە تایبەتن بە وەزارەتەکانو فەرمانگە جـۆراو جۆرەکانی دەوڵــەت قەدەغەیە.

**ماددەی(٢٢)**
نابێت دروشمی رەسمی دەوڵەت لەناو کۆبونەوەکانو ئیعلاناتو بـڵاوکـراوەو سەرجەم نوسراوو وێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەکاربهێنرێت.

**ماددەی (٢٣)**
نابێت فەرمانبەرانی حکومەت و دەسەڵاتە خۆ جێیەکان لەبەرژەوەندی هیچ پاڵێوراوێک هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەنجامبدەن.

**ماددەی (٢٤)**
نابێت هیچکام لەشێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن تانەو تەشەری بۆ سەر پاڵێوراوێکی تر تێدابێت، هەروەها نابێت لەناو هاوڵاتیاندا گیانی نەتەوەپەرستی، ئایینی، تایەفەگەریی، خێڵەکی یان ناوچەیی دروستبکات.

**ماددەی(٢٥)**
نابێت هیچ پاڵێوراوێک لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دیاریی یاخود بەخشیش یان هەر جۆرە یارمەتییەکی تر پێشکەش بکات یاخود بەڵێن بدات بەپێدانی ئەو شتانە بەمەبەستی ئـەوەی لەم رێگەیەوە کاریگەریی لەسەر پرۆسەی دەنگدانەکە دابنێت.

**ماددەی (٢٦)**
نابێت هیچ جۆرە ریکلام ، بڵاوکراوە، لافیتە یان وێنەو نوسراوێک لەسەر دیوارەکان هەڵبواسرێت، بەڵکو لەلایەن شارەوانییەکان یان ئەنجومەنە خۆجێییەکانەوە شوێنی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دیاریدەکرێت.

## فەسڵی شەشەم
### تاوانەکانی هەڵبژاردن:

**ماددەی(٢٧)**
هەر کەسێک یەکێک لەم کردارانەی خـوارەوە ئەنجام بدات بەو سزایانە سزا دەدرێـت کە لە یاسا پەیرەوکراوەکاندا ئاماژەیان پێدراوە:
أ- زیاتر لەجارێک دەنگبدات.
ب- خۆ بەکەسێتیەکی تر لە قەڵەمبدات یاخود ناوی کەسێکی تر بکاتە ناوی خۆی بە مەبەستی دەنگدان.
ج- خۆی لە زیاد لەبازنەیەک یان زیاد لەلیستێکدا بپاڵێوێت.
د- چەکێکی ئاگرینی هەڵگرتبێت یاخود هەر ئامێرێکی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایش لەهەر ناوەندێک لەناوەندەکانی دەنگدان لەرۆژی هەڵبژاردندا.
ە- بە هێز بچێتە ناوەندی دەنگدان یان هەڵاوێرکردن بە مەبەستی کارتێکردنە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن یان هێرش بکاتە سەر هەر بەرپرسێک لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن.
و- کارتێکردنە سەر ئازادی هەڵبژاردن یاخود ریگری کردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن.
ز- شـێـوانـدنـی هـەر سندوقێک لە سندوقەکانی دەنگدان یاخود خشتەکانی هەڵبژاردن یاخود ئەو پەراوانەی بۆ دەنگدان ئامادەکراون یان دزیـن هەر یەکێک لەو سندوقانە یان خشتەکانی هەڵبژاردن یان پەراوەکان یان لە ناو بردنیان یاخود هەڵسان بەهەر کارێک کە کاربکاتە سەر سەلامەتی رێوشوێنەکانی هەڵبژاردنو نهێنی بوونی.
ی- بەهەر کارێک لەو کارە یاساغانە هەڵبستێت کە لە فەسڵی پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

## فەسڵی حەوتەم
### ئەحکامی کۆتایی:

**ماددەی (٢٨)**
بریاری ژمارە (٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ (یاسای هەڵبژاردن ) هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**ماددەی (٢٩)**
کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژارنەکانی عـێـراق سیستمو رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی(٣٠)**
ئەم یاسایە لە بـەرواری دەرچونیەوە کارپێدەکرێتو لـەرۆژنـامـەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە.



## پاشکۆی -١-

یـــاســای هـــەمـــوارکـــردنـــی یـــاســای هەڵبژاردنەکانی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)
یەکشەممە ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩

مـادەی یەکەم: مـادەی (١٥)ی یاساکە لادەبرێتو ئەمە جێی دەگرێتەوە:
ئەنجومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک کورسی پێکدێت بەرێژەی کورسیەک بۆ هەر سەد هەزار کەسێک بەپێی دوایین ئاماری پێشکەشکراو لەلایەن وەزارەتی بازرگانی، بەمەرجێک کورسیەکانی قەرەبووکردنەوەی لەنێواندابێت بەرێژەی (٥٪)، وەبەخشینی (کۆتا) لە کورسیەکانی قەرەبووکردنەوە بۆ ئەم پێکهاتانەی خـوارەوە بەمەرجێک کاریگەری نەبێت بۆسەر رێژەکەی گەر هاتوو بەشداری لە لیستە نیشتمانیەکانداکرد بەم شێوەیەی خوارەوە:
١. پێکهاتەی مەسیحی، پێنج کورسی دەدابەشدەکرێت بەسەر پارێزگاکانی (بەغداو موسڵو کەرکوکو دهۆکو هەولێر.
٢. پێکهاتەی ئـێـزدی، کورسییەک لە پارێزگای نەینەوا.
٣. پێکهاتەی سابیئەی مەندائی، کورسییەک لەپارێزگای بەغدا.
٤. پێکهاتەی شەبەک، کورسییەک لە پارێزگای نەینەوا.

مادەی دووەم: هەر پارێزگایەک بەپێی سنوری ئیداریە فەرمیەکەی بازنەیەکی هـەڵـبـژاردن دەبـێـت، کەتایبەت دەبێت بەژمارەیەک کورسی کەلەگەڵ ژمـارەی دانیشتوانی پارێزگاکە گونجاوبێت بەپێی دواپین سەرژمێری کارپێکراوی فۆرمی خۆراک.

مادەی سێیەم: مادەکانی (٩و ١٠و ١١و ١٦) لادەبرێنو ئەمە جێی دەگرێتەوە:
یەکەم: خۆپاڵاوتن بەرێگەی لیستی کراوە دەبێتو نابێت ژمارەی پاڵێوراوان لە سێ پاڵێوراو کەمتر بێتو نابێت لە دووهێندەی ژمـارەی کورسیە تەرخانکراوەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردنیش زیاتربێت هەروەها دەنگدەر بۆی هەیە دەنگبداتە لیستەکە یان هەر پاڵێوراوێکی ناو لیستەکە وە خۆپاڵاوتنی تاکەکەسیش رێپێدراوە.
دووەم: ئەو دەنگە راستانە کۆدەکرێنەوە کە لیستەکە لە بازنەی هەڵبژاردنەکەدا بەدەستیهێناوەو دابەشدەکرێتە سەر بەشە هەڵبژاردن (القاسم الانتخابی) بۆ دیاریکردنی ژمـــارەی ئـــەو کـــورســـیـــانـــەی لیستەکە بەریدەکەوێت.
سێیەم: کورسیەکان دابەشدەکرێت بەرێکخستنەوەی زنجیرەی پاڵێوراوان پشتبەستن بە ژمــارەی ئــەو دەنگانەی هەریەکەیان بەدەستیهێناوەو بـراوەی یەکەمیش ئەوەیە کە زۆرتـریـن دەنگی بەدەستهێناوە، هـەرواش بۆ هەریەکە لە پاڵێوراوان بەمەرجێک نابێت رێژەی ژنان لە چارەکی براوەکان کەمتربێت،و لەکاتی یەکسانبوونی دەنگی پاڵێوراوانی یەک لیستدا ئەوا پەنادەبرێتە بەر تیروپشک.
چـوارەم: کورسییە بەتاڵەکان دەدرێتە لیستە براوەکان کە ژمارەیەک کورسیان بەدەستهێناوە بەپێی رێژەی ئەو دەنگانەی بەدەستیهێناوە.

مادەی چوارەم: دەنگدانی تایبەت کەئەمانە دەگرێتەوە:
یەکەم: سەربازییەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگریو ناوخۆو سەرجەم دەزگاکانی ئاسایشیەکانی دیکەو شێوازی دەنگدانیان بەپێی رێوشوێنی تایبەت دەبێت کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنێتو تیایدا پشت دەبەسترێت بە لیستی فەرمی کە ناوو شوێن لەخۆدەگرێتو ئەو لایەنانەی سەرەوە پابەنددەبن بەناردنی لەماوەیەک کەلە (٦٠) رۆژ کەمتر نەبێت لە بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بەپێی ئەوەش ناوەکانیان لەلیستی دەنگدەران دەسررێتەوە. وەئەگەر ئەو لیستە ناوبراوانە نەنێردران، کارمەندانی ئەو وەزارەتو دەزگایانەی سەرەوە لەچوارچێوەی دەنگدانی گشتیداو بەپێی لیستی دەنگدەران دەنگدەدەن.
دووەم: بـەنـدکـراو وگـیـراو ودەستبەسەرکراوان، لە دەنگدانیان پشت دەبەسترێت بەو رێوشوێنانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنێت بەپێی ئەو لیستانەی وەزارەتەکانی دادو ناوخۆ پێشکەشی دەکەن لە ماوەیەک کە لە (٣٠) رۆژ کەمتر نەبێت پێش رۆژی دەنگدان.
سێیەم: ئەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانەو چـارەسـەرگـەکـانـی دیـکـەدا کـەوتـوون، دەنگدانیان بەپێی ئەو لیستانە دەبێت کە ئەو لایەنانە راستەخۆ بەر لە دەنگدان پێشکەشی

# لیستی داخراو .. هەنگاوێک بۆ دواوە

## یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەنموونە

دەرباز محەمەد*

داڕێژەرانی سیاسەتی دەوڵەتو خەمخۆرانی پێشکەوتنی کۆمەڵو پێشخستنی شێوازەکانی بەڕێوەبردن، زۆرجار سیستمەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکان دەکەنە ئامرازێکی کاریگەر بۆ چاکسازی سیاسیو کۆمەڵایەتی، ئەویش لەڕێگەی فەراهەمکردنی زۆرترین خیاراتو باشترین ڕێگا بۆ هەڵبژاردنی ئەو نوخبە سیاسییەی حوکمرانی دەدرێتەدەست.

بەڵام بەداخەوە، لەبەشێکی زۆریو وڵاتانی بەناو دیموکراسی، هەڵبژاردنەکان دەکرێنە ئامرازێک تەنها بۆ ڕەواییدان بەدەسەڵاتێک، کەهەرگیز ئامادە نییە سندووقەکانی دەنگدان ببێتە کەناڵیک بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات، بۆیە سیستمی هەڵبژاردنەکانو کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بەشێوەیەک دادەڕێژنو یاسای تایبەتی بۆ دەردەکەن کە کەمترین بوار بۆ سەرکەوتنی بەرامبەرو هێزو دەنگی جیاواز بمێنێتەوەو بەرتەسکترین ئازادیش بۆ دەنگدەر دەستەبەردەکرێت. لەهەمانکاتدا کەمترین پەیوەندیو تەماس لەنێوان دەنگدەرو پاڵێوراودا دروستدەکرێت، بۆ ئەوەی نوێنەرەکان ملکەچو مەمنوونی پارتەکانیان بنو گوێرایەڵی سەرکردە کلاسیکیەکانی نێو حیزبەکان بن.

لێرەدا ئەگەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەنموونە وەربگرینو بەراوردێکی ساکاری بکەین بەوەی لەبەشەکی دیکەی عێراقدا دەگوزەرێت، دەبینین ئێمەی کورد بۆ دواوە، بەرەو چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتی بنەماڵەو حیزبەکان هەنگاو دەنێین، بەرەو زاڵبوونی ئاراستەی بڕیاری تاکرەوانە هەنگاودەنێین، نەک بڕیاری دەستەجەمعی، بەرەو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی چەند کەسانێکی کەم هەنگاو دەنێین، نەک ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەمووانو برەودان بەئیرادەی تاکی کورد.

پاش ڕووخانی ڕژێمی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٣دا، هەندێک لافی ئەوەیان لێدەدا کەئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردستان هەناردەی بەغدا دەکەین، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنێکی هەتیوی تاقانەمان لەساڵی ١٩٩٢ دا زۆر بەسەقەتی ئەنجامداوە، ئەگەرچی کاریشمان بەئەنجامەکەی نەکردووەو دواتر خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەمان کردە قوربانیی ئارەزووە پاوانخوازییەکانی سەرکردە هەمیشە زیندووەکانمان.

بەڵام دەرکەوت پەرلەمانی عێراق لەیەکەم دەرفەتدا، یاساو سیستمەکانی هەڵبژاردنەکانی بەشێوەیەک دارشتەوە، کەزۆر ئازادانەترو دیموکراتیانەترە لەوەی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا شەری تایەفیو مەزهەبی عێراقی عەرەبی تەنیبوو دەسەڵاتی حکومەتەکەی مالکی زۆر پەرتەوازەو لاواز بوو، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی لەکاتو ساتی یاسایی خۆیدا ئەنجامداو لیستی کراوەشی بۆ یەکەمجار لەعێراقدا پەیرەو کرد، کراوەیەک کەدەنگدەر ئازاد دەکات لەنێوان سەدان کاندیددا، لەپاڵ هەڵبژاردنی ئەو ئاراستە سیاسیەی باوەری پێیەتی، کەسێک هەڵدەبژێرێت کەبڕوای بەتواناو شارەزایی هەیە، بڕوای بەلێوەشاوەییو دڵسۆزی هەیە، بڕوای بەوە هەیە کەخەمخۆری گشتییە نەک خەمخۆری بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەی.

کەچی پەرلەمانە پاوانکراوەکەی ئێمە، بەبێ هیچ هۆیەکی لۆجیکی، دوو ساڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دوادەخات، لەگەڵئەوەی زۆر لەدەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کەمدەکاتەوەو دەیداتە ئەنجومەنیوەزیرانووەزارەتیناوخۆ، سیستمی لیستی داخراویش لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانو تەنانەت قەزاو ناحیەکانیشدا جێگیر دەکات. بۆ ..؟؟

بێگومان لەبەر بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی هاوپەیمانییە لەرزۆکەکانو زامنکردنی هێزو بڕیاری سەرکردە کۆنباوەکان لەدانانی پاڵیوراوەکاندا.

من لێرەدا نامەوێت بەشانو باڵی لیستی کراوەدا هەڵبدەم، چونکە لەئەزموونی زۆربەی ئەو ٧٠ وڵاتەی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پەیرەو دەکەن، دەرکەوتووە لیستی کراوە لەداخراو زۆر باشترو سەکەوتووترە، بەتایبەت بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کەکارەکانیان پەیوەندی بەژیانی رۆژانەی هاوڵاتییەوە هەیە، وەکو ئەنجومە کارگێرییە بچووکەکانو ئەنجوومەنی شارەوانییەکان.

بەعەقڵی کێ رەوایە نوێنەرەکانمان بۆ بەغدا لەسایەی لیستی کراوەدا هەڵبژێرین، چونکە عەرەبەکان یاساکەیان بەو شێوەیە دارشتووە، بەڵام نوێنەرەکانمان بۆ پەرلەمانو بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان، بەلیستی حزبی داخراو هەڵبژێرین. کام نوێنەرەیان پەیوەندی زیاتری بەکاروباری دەنگدەرانەوە هەیە، بۆ ئەوەی بەکەسایەتیو تواناو شارەزایی ئاشنا بین.

لەدونیای وڵاتانی دیموکراسیدا، بەتایبەت لەو وڵاتانەی سیستمی نەناوەندێتی کارگێریی «اللامرکزیە الاداریە» پەیرەو دەکەن، زۆر ئەستەمە نوێنەرەکان بەلیستی داخراو هەڵبژێرن، چونکە دەنگدەر ئەو جۆرە دەنگدانە رەتدەکاتەوە.

جارێکی تر بەداخەوە، ئەزموونی دیموکراسیانەی کورد، لەبری ئەوەی هیچ نەبێت چاو لەعەرەبەکان بکەین، هەنگاوێکی زیاتر بنێین بەرەو پێشەوە، بەرەو جوانکردنی یاساو سیستمەکان، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کارگێرییەوە هەیە، دێین ئازادییەکان بەرتەسکدەکەینەوە..

بەریتانییەکان، کەنوێنەرەکانیان لەرێگەی سیستمی نوێنەرایەتی زۆرینەوە بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێرن، واتە ڕاستەوخۆ دەنگ بەکەسەکان دەدەن نەک پارتەکان، قسەیەکی زۆر باویان هەیە، کەئەوان سەرەرای ئەو هەموو ئازادییەی هەیانە دەڵێن « ئێمە چوار ساڵ جارێک ئازادین» کەچی ئێمە ئەو چوار ساڵ جارەش ئەو ئازادیەمان پێرەوا نابینرێت، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بزانین دەنگ بەکێ دەدەین.

* خوێندکاری دکتۆرا لەجوگرافیای هەڵبژاردن.

# میکانیزمی سکاڵاو تانەلێدان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا

عبداللە محمدأمین خدر*

هەڵبژاردن وەک ڕێگەیەکی ئاشتیانە بۆ ئاڵوگۆری دەسەڵات ڕەگەزێکی گرنگی پێکهێنەری دیموکراسیەو بۆئەوەی هەڵبژاردن وەزیفەی خۆی ببینێتو بەرهەمداربێت بۆ بونیادنانی سیستمی دیموکراسی پێویستە هەڵبژاردن پاکو بێگەرد بێت.

دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی هەڵبژاردن ڕێگەو شێوازی جۆراوجۆر دەگرنەبەر بۆ پاراستنی پاکی هەڵبژاردن چونکە پەنابردن بۆ بەلارێدابردنی هەڵبژاردن لەو وڵاتانەی کەدەسەڵاتی حوکمران هاوتا نییە لەگەڵ سیستمی دیموکراسی بابەتێکی گریمانکراوە ئەمەش لەبەرئەوەیە کەهەڵبژاردن دەبێتەهۆی ئاڵوگۆری دەسەڵات، ئەوەی کەئێمە دەمانەوێت لێرەدا باسی بکەین بریتیە لەتۆمارکردنی سکاڵا لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی کەموکورییەکانو ڕاهێنانی قەوارە سیاسییەکان لەگەڵ نەریتی دیموکراسیدا.



### سکاڵای هەڵبژاردن چییە؟

سکاڵایەکە کەسی دەنگدەر یان قەوارەیەکی سیاسی لەڕێگەی بریکارەکانیەوە یان بەهۆی سەرۆکو نوێنەرە ڕێگە پێدراوەکانیەوە تۆماری دەکات سەبارەت بەسەرپێچی یاساو ڕێنماییەکانی هەڵبژاردن.

تۆمارکردنی سکاڵا ئاستێکی بەرزی بەشداری سیاسیو چالاکییەکی پێشکەوتووی ناتەقلیدییە لەبەشداری سیاسی کە لەڕێگەیەوە هاوڵاتیان یان قەوارەی سیاسی دڵخوازانە دەیانەوێت ڕۆڵ ببینن لەئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسیو لەهەرلادانێک یان بەلارێدابردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا مافی یاسایی خۆیان بەکاردەهێننو لەشێوەی سکاڵادا نارەزایەتییەکەیان تۆماردەکەنو ئاراستەی دامەزراوەو لایەنی پەیوەندیداری دەکەن بەئامانجی ڕاستکردنەوەی هەر لارییەک.

### قۆناغەکانی تۆمارکردنی سکاڵا

قۆناغی یەکەم/ قۆناغی تازەکردنەوەی دەنگدەران:

ئەو سکاڵایە تایبەتە بەو هەڵەو سەرپێچیانەی کە لەتۆماری دەنگدەراندا دەکرێت.

قۆناغی دووەم/ قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردن:

ئەم قۆناغە تایبەتە بەسەرپێچیکاریی لەئاست ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنو لەماوەی ٣ ڕۆژدا لەمێژووی ڕودانی ڕوداوەکە پێشکەشدەکرێت.

قۆناغی سێیەم/ قۆناغی ڕۆژی دەنگدان: بریتیە لەو سکاڵایەی کە لەڕۆژی دەنگداندا، واتە لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا لەکاتی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەوە تۆماردەکرێت بەرامبەر هەر سەرپێچیەک لەیاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆندا.

### چۆنێتی تۆمارکردنی سکاڵا

بۆ تۆمارکردنی سکاڵا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکرێت.

یەکەم/ لەکاتی ڕودانی سەرپێچییەکدا کەکاریگەری هەبێت لەسەر هەڵبژاردنەکە پێویستە فۆرمی ژمارە «١١٠» لەڕێکخەری ناوەندەکە وەربگیرێت بۆ تۆمارکردنی سکاڵاکە، هەروەها پێویستە ئەم سکاڵایە بەشێوەیەکی نوسراو بێتو لەکۆتایدا واژۆبکرێت.

دووەم/ ئەگەر سکاڵاکەر قەوارەی سیاسی بوو دەبێت سکاڵاکە لەلایەن نوێنەری ڕێگە پێدراوی قەوارە سیاسییەکەوە تۆماربکرێت.

سێیەم/ سکاڵاکار دەبێت ناوو ناونیشانو ژمارەی مۆبایلی خۆی بنوسێت هەروەها ناوو ناونیشانی سکاڵا لەسەرکراویش بنوسێت.

چوارەم/ سکاڵاکار دەبێت کاتو شوێنی ڕوداوەکە بنوسێت واتە ژمارەی ناوەندی دەنگدانو ژمارەی وێستگەی دەنگدان، هەروەها کاتژمێری ڕوداوەکەش بنوسێت.

پێنجەم/ دەبێت وەسفی ڕوداوەکە بنوسێت:

پێویستە ئەو کەسەی کە سکاڵا تۆماردەکات شارەزایی ئەوەی هەبێت ئەو ڕەفتارانەی کەسەرپێچی یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنە جیایبکاتەوە لەو ڕەفتارانەی کەسەرپێچی نینو ڕێگەپێدراون، دوای ئەوە سکاڵاکار ڕووداوەکە وەکو خۆی دەنوسێتەوە لەشوێنی ئامادەکراوی خۆیداو لەفۆرمی ١١٠دا.

شەشەم/ بەڵگەی سەلماندن:

سکاڵا بەبێ بەڵگە هیچ بەرهەمێکی نابێت بۆیە پێویستە بۆ هەر سکاڵایەک بەڵگەیەک هەبێت بۆ سەلماندنی ئەو سکاڵایە لەدیارترین بەڵگەکانیش بوونی دووشایەد یان وێنەگرتنی ڕوداوەکانە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

حەوتەم/ ماوەی تۆمارکردنی سکاڵای بانگەشەی هەڵبژاردن ٣ ڕۆژە لەمێژووی ڕودانی ڕوداوەکەوە، هەروەها ماوەی تۆماکردنی سکاڵای ڕۆژی دەنگدان ٤٨ کاتژمێرە .

### بینینی سکاڵاکانو تانەلێدانیان

ئاماژە بەیاسای ژمارە»١١ی ساڵی ٢٠٠٧- لەماددەی ٤ برگەی ٥ «ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بینینی سکاڵای هەڵبژاردن دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوەو بڕیارەکانیشی لەبەردەم دەستەی تایبەتمەند لەدادگای تەمیزدا تانەیان لێدەدرێت.

* پارێزەر

# فەرهەنگۆک

ئا: سەرکەوت حەمە حسێن

## ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەهەڵبژاردندا

پەیوەندی نێوان ئەو دوو چەمکە چ لە ڕوی پراکتیکیو چ لە ڕوی تیۆرییەوە زۆر پتەوە بەتایبەت لەکاتە نزیکەکانی پرۆسەی هەڵبژاردندا لەهۆشیارکردنەوەی دەنگدەرانو ناساندنی لایەنە بەشداربوەکانی پرۆسەکە بە دەنگدەران یاخود بۆ هاندانی دەنگدەرانو هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی متمانەیانو دواتر بردنەوەی دەنگەکانیانو گەیشتن بەدەسەڵات، کە بێگومان ئەمەش جیاوازی دروست دەکات لەنێوان شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنی پارتەکان (لایەندار)و ڕاگەیاندنی بێلایەن (چ ئەهلیو چ حکومی) لە هەڵبژاردنەکاندا.

### کاری ڕاگەیاندن لە هەڵبژاردندا:

کاری ڕاگەیاندن لە بواری هەڵبژاردنو لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا پێویستە لەسەر چەند بنەمایەکی دیاریکراوی ئاشکرابێتو ڕەچاوی بنەماکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی بێگەرد بکاتو هەموانیش پێی ئاشنابن، تاپێوەی پابەندبنو لێی لانەدەن، ئەم بنەمایانەی کارکردنی ڕاگەیاندنیش بەپێی یاسای هەڵبژاردنی وڵاتەکەو ڕێنماییەکانی لایەنی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنەکان دەبێت.

### ئەو خاڵانەی دەبێت ڕاگەیاندنەکان لەکاتی کارکردن لە هەڵبژاردندا پێویستە ڕەچاوی بکەن:

١. دیاریکردنی ماوەی کارکردنی ڕاگەیاندنەکان:

پێویستە دەستپێکردنی کاری ڕاگەیاندنەکان، بەماوەیەکی گونجاوی پێش ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن بێتو بەڕوونیو ئاشکرایی پەیامی خۆی بگەیەنێت بەدەنگدەران، دیاریکردنی ئەم ماوەیەش بەپێی یاسای هەڵبژاردنی وڵاتەکەو ڕێنماییەکانی لایەنی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنەکان دەبێت کە سەرەتاو کۆتاییەکەی دیاریدەکرێت.

٢. دیاریکردنی ئەو زانیاریو زاراوەو چەمکو دروشمو ئارمو سومبولانەی بۆیان هەیە بەکاریبهێنن یاخود بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی قەدەغەدەکرێت.

٣. دیاریکردنی شێوازی پەیام: وەک دورکەوتنەوەی پەیامەکان لەوروژاندنی هەستی ڕەگەزپەرستیو تایەفەگەریو هاندانی توندوتیژیو... هتد.

٤. دیاریکردنی چەندین بنەمای ڕەوشتی کارکردن: وەک هێرشنەکردنە سەر قەوارەو پاڵێوراوان، زانیاری ناڕاستو چەواشەکاری لەڕووی ( مێژوو، ژمارە، ئامار، ڕوداو....)، هەڕەشەو ترسو تۆقاندن، هاندانی توندوتیژیو دەمارگیری، ناوزڕاندن ...هتد.

### جیاوازی نێوان کاری ڕاگەیاندنی لایەندارو بێلایەن لەهەڵبژاردندا:

١. کەناڵی لایەندار:

ئەمانە کەناڵی پارتەکانن یاخود کەناڵی لایەنداری پارتەکانن، ئەم کەناڵە حیزبیانەش ئازادن لەتەرخانکردنی کاتو ماوەو چۆنێتی کارکردنو بانگەشەکردن بۆ پارتو لایەنەکەی خۆی. بەڵام هەردەبێت ڕەچاوی یاساو سیستمەکانی هەڵبژاردنی وڵاتەکە بکەنو پابەندی چەندین خاڵو بنەما ببن، لەوانەش:

تاچەند مەدەنیە، تاچەند گرنگی بەپێکهاتەی لیستەکەو پرۆگرامی قەوارەکەی دەدات، تا چەند پابەندە بەماوەی دەستپێکردنو کۆتایی بانگەشەی هەڵبژاردن، ڕاستگۆیی پەیامو گوتارەکانی دور لە چەواشەکاری، چ (مێژویی، کۆمەڵایەتی، ئامار...)، هێرشنەکردنە سەر قەوارەو پاڵێوراوانی ڕکابەر، پێشێلنەکردنی دابو نەریتی گشتی (الاداب العامە)،...هتد).

٢. کەناڵی بێلایەن و سەربەخۆ (ئەهلی، حکومی):

لەبەرئەوەی ئەم کەناڵانە سەر بەهیچ حزبو لایەنێک نین (وەک خۆیان پێناسەیدەکەن)و بڕیاریانداوە لەکاتی هەڵبژاردندا بێلایەن بنو پشتگیری لەهیچ پاڵێوراوێک نەکەن چ تاکەکەس یاخود قەوارە بێت، هەربۆیە ئازادنین لەوەی تا چەندو چۆن کاتو ماوەو جۆری کارکردن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی لایەنەکان تەرخاندەکەن، لەبەرئەوەی بەرژەوەندیان لەپشتگیری هیچ لایەنێکدا نیەو گەر واش نەکەن ئەوا سەربەخۆییو بیلایەنی خۆیان لەدەستدەدەن. ئەم کەناڵە سەربەخۆو بێلایەنانەش دەبێت ڕەچاوی یاساو سیستمەکانی هەڵبژاردنی وڵاتەکە بکەنو پابەندی چەندین خاڵو بنەمابن، لەوانە:

دەبێت بەیەکسانی مامەڵە لەگەڵ لایەنەکاندا بکەنو وەکیەک کاتو ماوەو ڕوبەری لاپەڕەکانیان بۆ تەرخان بکرێتو فرسەتی یەکسان بدرێت بەلایەنەکان بۆ بەکرێگرتنی هەمان ماوەو ڕوبەر لەکاتو لاپەرە جیاوازەکاندا، چونکە دەزانین ئەوە وەستاوەتە سەر بڕی پارەی دیاریکراو بۆ هەر کاتو لاپەڕەیەک، بەیەکسانی کاری تەکنیکیی بانگەشەیان بۆ بکرێت، لەڕوی هەواڵو ڕاپۆرتە هەواڵەوە، وەک یەک گرنگی بەلایەنەکان بدرێت، لەلایەن ستافو کەسانی نزیکی کەناڵەکە بابەتو نوسینی پشتگیری کار یاخود هێرشکردنە سەر ( بۆ پشتگیری یان لەدژ هیچ لایەنێک) لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا بڵاونەکرێتەوە. هەروەها لەکاتی بانگەشەکردندا ڕوداوو وتەی کۆنی لایەنەکان نەکرێنەوە بابەت چونکە دەبێتەمایەی پشتگیری یان هێرشکردنە سەر لایەنێک.

* ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE